رووداو
RÛDAW
ژمارە (559) دووشەممە 2019/6/24 - 3ی پووشپەڕ 2719 (750) دینار

## بە 18 ساڵ بەندکردن سزادراوە

# سەرۆکی پێشووی زانکۆیەکی کوردستان هەڵدێ

**رووداو – دهۆک**

سەرۆکی پێشووی زانکۆیەکی کوردستان کە لە 2015 وە تۆمەتبارە بە گەندەڵی، تا ئێستا نەچووەتە بەردەم دادوەر، بۆیە دادگا لەسەر سێ دۆسیە بە 18 ساڵ بەندکردن بەشێوەی غیابی سزای دا.

(ئا.س) کە سەرۆکی پێشووی زانکۆی نەورۆزە لە دهۆک، لە ساڵی 2015 لە دەستەی نەزاهە سێ دۆسیەی بۆ کرایەوە، دواتر دۆسیەکانی بوون بە داوای سزایی و رەوانەی بەردەم دادوەر کران، دوای چەندینجار ئاگادارکردنەوە، نەچووە بەردەم دادوەر، بۆیە لە رۆژی 2018/12/26 بە 18 ساڵ بەندکردن بە شێوەی غیابی سزا درا.

ئەحمەد ساڵح، سەرۆکی فەرمانگەی دەستەی دەستپاکی لە زانکۆی دهۆک، بە (رووداو)ی گوت: "ئەو کەسە بەپێی مادە 340 لە یاسای سزادانی عێراقی سێ دۆسیەی لەسەر کراوەتەوە، لەلایەن دادگای تاوانی دهۆک بڕیاری دەستگیرکردنی بۆ دەرچوو، بەڵام تا ئێستا دەستگیر نەکراوە، بۆیە دادگای کەتن بە غیابی حوکمی دا، بۆ هەر دۆسیەیەک شەش ساڵ حوکم دراوە، واتە 18 ساڵ بەندکردن".

سەرچاوەیەکی ئاگادار لەو کەیسە بە (رووداو)ی راگەیاند، سەرۆکی پێشووی زانکۆی نەورۆز هەڵاتووە بۆ دەرەوە، لە دوای حوکمدانیشی بە غیابی، هاوژین و منداڵەکانیشی بردوونەتە دەرەوەی وڵات.

«2



**رێبوار کەریم وەلی:**
**هات و نەهاتی یەکێتی**
19

**هەڵبژاردنی ئیستەنبوڵ..**
**یەکەمین شکستی گەورەی ئاکپارتی پاش 17 ساڵ لە سەرکەوتن**
6

**پەرلەمانتارێک:**
**دەرمانی ساختە و بێ کواڵیتی دراوەتە تووشبووانی شێرپەنجە**
2

# یەکێتی بە دوو مەرج ناوی بەربژێرەکانی دەداتە مەسروور بارزانی

**رووداو – سلێمانی**

ئەندامێکی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان یەکێتی دەڵێت بە دوو مەرج ناوی کاندیدەکانیان دەدەنە مەسروور بارزانی، راسپێردراو بۆ پێکهێنانی حکومەت، یەکەمیان پارتی ئەو ناوە پەسەند بکات کە یەکێتی وەکو پارێزگاری کەرکووک دەخاتە بەردەمی، دووەمیش کۆبوونەوەی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک بکرێ.

دۆزینەوەی خاڵە هاوبەشەکانی نێوان پارتی و یەکێتی لە کەرکووک، بەشێوەیەک دژوار بووە لە ماوەی چوار مانگی

مەسروور بارزانی کە لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە راسپێردراوە بۆ پێکهێنانی حکومەت، چاوەڕێی لایەنە بەشداربووەکانی حکومەتە و تاوەکو ئێستا سێ لایەنی بەشداربوو ناوی وەزیرەکانیان یەکلایی کردووەتەوە. بەڵام ئایا یەکێتی ئەم هەفتەیە ناوی وەزیرەکانی رادەست دەکات؟

فەرید ئەسەسەرد، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی بە (رووداو)ی گوت: "هەرکاتێک پارتی یەکێک لەو ناوانە پەسەند بکات کە یەکێتی بۆ پارێزگاری کەرکووک خستوویەتییە بەردەمی و کۆبوونەوەیەکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک بکرێ، 48 سەعاتمان بەسە بۆ ئەوەی ناوی بەربژێرەکانی خۆمان بدەینە مەسرور بارزانی".

قسەی کۆتایی ئەنجومەنی سەرکردایەتی یەکێتی وەک ئەسەسەرد باسی دەکات، بەشداریکردنە لە حکومەت "بەڵام بەو مەرجەی پارتی بەوە رازیی ببێت بەربژێرێکی یەکێتی ببێتە پارێزگاری کەرکووک. مەرجی دووەمیش کە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووکە، ئاساییە بکەوێتە دوای کۆبوونەوەی پەرلەمان بۆ متمانەدان بە حکومەت".

ئەسەسەرد رەتیکردەوە کێشەی یەکلاکردنەوەی کاندیدیان هەبێ و گوتی "ئێمە کێشەی ئامادەکردنی بەربژێرەکانمان نییە، چونکە هەندێک لە ناوەکان یەکلایی بوونەتەوە و ئەوانەش کە یەکلایی نەبوونەتەوە، دەکرێ لە کۆبوونەوەی سەرکردایەتی یان بە رێککەوتن یەکلایی بکرێنەوە".

هەروەها ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی کە داوای کرد ناوی بڵاونەکرێتەوە، دەڵێت لەو رۆژانەدا پەیامیان بۆ پارتی ناردووە و چارەسەرکردنی کێشەی کەرکووکیان دووپات کردووەتەوە تاوەکو پرۆسەی پەسەندکردن و سوێندخواردنی وەزیرەکان ئاسایی بەرێوەبچێت "لەم رۆژانەدا بەردەوام پەیوەندی هەبووە بۆ ئەوەی بگەینە چارەسەرێک، من بۆ خۆم گەشبینم".

لە ماوەی رابردوودا یەکێتی ناوی هەریەکە لە رزگار عەلی، رەفعەت عەبدوڵڵا و ئاسۆ مامەند، ئەندامانی مەکتەبی سیاسی. خالید شوانی، ئەندامی سەرکردایەتی، کاکەڕەش سدیق، ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک. رەوەند مەلا مەحموود، جێگری بەرپرسی مەڵبەندی یەکێتی. ئەحمەد عەسکەری، ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک. لیوا جەمال تاهیر، بەرپرسی پێشووی پۆلیسی کەرکووک. د.عومەر ئینجە، جێگری سەرۆکی زانکۆی کەرکووکی داوەتە پارتی، بەڵام پارتی هیچکام لەو ناوانەی پەسەند نەکردووە.

فەرید ئەسەسەرد، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی دەڵێ، ئەگەر وەزیرەکان سوێندی یاساییان خوارد و یەکێتی لەگەڵ پارتی پێکنەهات، ئەوە دەمێنێتەوە سەر ئەوەی بزانن رۆژانی دوای پێکهێنانی کابینە پارتی چی دەکات بۆ کەرکووک "لە حاڵێکدا چەند رۆژێکی کەمی دوای پێکهێنانی کابینەکە لەسەر ئەوە رێککەوتین، ناوی بەربژێرەکانمان دەدەینە پەرلەمان".

«3



# سەرکردە نارازییەکانی گۆڕان بیر لە حیزبێکی نوێ دەکەنەوە

**رووداو– سلێمانی**



هەڵسوڕاوانی پێشووی بزووتنەوەی گۆڕان دەڵێن هەردوو سەرکردەی پێشووی گۆڕان قادری حاجی عەلی و عوسمانی حاجی مەحموود، لە ژێر گوشاری نارازییەکاندان بۆ دروستکردنی بزووتنەوەیەکی نوێ.

لە دواهەمین چاوپێکەوتنیدا لەگەڵ ژمارەیەک میدیاکار لە سەرەتای مانگی ئایاری ئەمساڵ، قادری حاجی عەلی گوتی: "بۆ من جێگەی ئومێد و دڵخۆشییە کە ئیرادەیەکی پۆزەتیڤ ماوە، یاخیبوون لەپێناو حەق ماوە، وشیارییەکی رەخنەگرانە لەبرەودایە کە دەکرێت ئەمڕۆ بێت یان سبەی، ئەو خەڵکە ئەڵتەرناتیڤێکی باشتر بدۆزێتەوە و متمانەی پێبکات".

بەپێی زانیارییەکانی (رووداو) کە لە نزیکەکانی عوسمانی حاجی مەحموود و قادری حاجی عەلییەوە دەستیکەوتوون، ئێستا ئەو دوو سەرکردە نارازییە چاوەڕێی هەلومەرجێکی گونجاو دەکەن بۆ ئەوەی بە هێزێکی سیاسی نوێوە بگەڕێنەوە.

بێستوون فایەق، پەرلەمانتاری خولی پێشووی پەرلەمان لەسەر فراکسیۆنی گۆڕان یەکێکە لەوانەی لە سیاسەتی ئێستای گۆڕان نارازییە و دەڵێت "ئێستا بەشێکی زۆری هەڵسوڕاوانی بزووتنەوەکە وەک من لە دەرەوەی گۆڕانن، هەموویان خوازیاری ئەوەن پرۆژەیەکی سیاسی گەورە دروستبکرێ کە حیزب تێپەڕێنێ، هەر بۆیە کاک عوسمان و کاک قادر لەژێر گوشاری ئەوانەدان".

هەر یەک لە عوسمانی حاجی مەحموود، قادری حاجی عەلی، سالار عەزیز کە لە یاوەرە سەرەتاییەکانی نەوشیروان مستەفا بوون بۆ دامەزراندنی بزووتنەوەی گۆڕان، نیوەیان گەڕانەوە نێو یەکێتی و نیوەکەی دیکەشیان چاوەڕوانی دەرفەتێک دەکەن بۆ دەستپێکردنەوە، بەڵام بەناونیشانێکی نوێ.

پەیمان عیززەدین، پەرلەمانتاری خولی سێیەمی پەرلەمان لەسەر لیستی بزووتنەوەی گۆڕان، پێیوایە قۆناغەکە دروستکردنی پارتێکی نوێی سیاسی دەخوازێت، بەڵام پێی باشە جارێ بزووتنەوەی دەنگدەر نەبێت و بەشداریی هەڵبژاردن نەکات،

بەپێی ئەو زانیارییانەی (رووداو) دەستیکەوتوون، هەریەکە لە عوسمانی حاجی مەحموود و قادری حاجی عەلی، پرس و راوێژیان لەگەڵ زۆر کەس کردووە لەبارەی پێویستیی دامەزراندنی هێزێکی نوێ و هەموو ئەگەرەکانی بەردەمیشیان تاوتوێ کردووە. بەڵام هێشتا ئەوە یەکلایی نەبووەتەوە کە حیزبێکی دەنگدەر دادەمەزرێنن یان هێزێک کە قۆناغی سەرەتا سەرقاڵی رێکخستن و سەرپەرشتیکردنی دەنگە نارازییەکان بێت.

ئەندامێکی جڤاتی گشتی بزووتنەوەی گۆڕان کە داوای کرد ناوی بڵاونەکرێتەوە، دەڵێت هەر پرۆژەیەکی نوێ کە لە خەڵکی نارازیی بزووتنەوەی گۆڕان دروستبکرێت، گۆڕان تێناپەڕێنێ "باشترە ئەوانەی بیر لە پرۆژەی لەو جۆرە دەکەنەوە، بگەڕێنەوە سەرکاری خۆیان و هەر لەناو گۆڕانەوە بیر لە رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی بکەنەوە".

«3

# پارتی و یەکێتی تاوەکو پێنجشەممە وەزیری داد یەکلایی دەکەنەوە

**رووداو– سلێمانی**

بەرپرسی مەڵبەندی بەغدای یەکێتی دەڵێ دانوستاندنیان لەگەڵ پارتی هەیە بۆ ئەوەی پێش دانیشتنی ئەمجارەی پەرلەمان لەسەر بەربژێرێک بۆ وەزارەتی دادی عێراق رێکبکەوین. پەرلەمانتارێکی فراکسیۆنی پارتیش دەڵێ: "نیەتێک هەیە بگەینە رێککەوتن، چونکە عادل عەبدولمەهدی داوای کردووە گوشاری هێزەکانی دیکەی لەسەر کەم بکەینەوە".

وەزیری دادی عێراق کە یەکێتی وەک بەرکەوتەی هەڵبژاردنی 12ی ئایاری 2018 سەیری دەکات و پارتیش پێیوایە بەوپێیەی یەکێتی بە وەرگرتنی پۆستی سەرۆککۆمار، هەموو خاڵەکانی خۆی لە وەرگرتنی پۆستەکانیدا تەواو کردووە، پشکی کوردە و هێشتا وەک بەشێک لە ناکۆکییەکانی نێوان ئەو دوو حیزبە بە چارەسەرنەکراوی ماوەتەوە.

دانا جەزا، ئەندامی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی عێراق، بە (رووداو)ی گوت عادل عەبدولمەهدی زیاتر لە جارێک داوای لێکردوون، ناوێکی بدەنێ کە کۆدەنگیی هەموو فراکسیۆنە کوردستانییەکانی لەسەر بێت و دەشڵێ: "بۆچوونی پارتی ئەوەیە ئەو کەسەی بەربژێر دەکرێت هەموو هێزە کوردستانییەکان لەسەری کۆک بن و کەسێکی بێلایەن بێت، بەڵام دەکرێت ئەو کەسە بێلایەنە یەکێتی دیاری بکات".

ئەو ئەندامەی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی عێراق، خاڵی ناکۆکیی حیزبەکەی لەگەڵ یەکێتی لەبارەی بەربژێری وەزیری داد ئاشکرا دەکات و دەڵێ: "ئەو بەربژێرانەی تاوەکو ئێستا خراونەتە بەردەم پارتی کادری حیزبین، ئێمە بەلامانەوە گرنگە کەسێکی بێلایەن ئەو پۆستە وەربگرێ". دانا جەزا گەشبینە بەوەی لەگەڵ یەکێتی بگەنە ئەنجامێک.

یەکێتی لە سەرەتاوە ناوی هەریەک لە خالید شوانی و سمکۆ محەممەدی دەهێنا بۆ ئەو پۆستە. دوای رێکنەکەوتنیان لەگەڵ پارتی، ناوی حاکم فارووق و حاکم ئەرکان هاتوونەتە پێشەوە بۆ وەرگرتنی ئەو پۆستە. بەڵام بەپێی زانیارییەکان، بەربژێری پەسەندکراوی خودی عەبدولمەهدی، حاکم رزگار محەممەدئەمینە و پارتیش تێبینی لەسەری نییە.

پۆڵاد تاڵەبانی، بەرپرسی مەڵبەندی بەغدای یەکێتی دەڵێ لەوبارەوە دانوستاندنمان لەگەڵ پارتی هەیە و وا دەردەکەوێ بەرەوپێشچوون هەبێت "بەڵام بە گشتی وەزیری داد لە نێوانمان وەک پارێزگاری کەرکووک ئاڵۆز نییە و چارەسەرکردنی ئەمەیان لەوانەیە ئاسانتر بێت".

پەرلەمانتارەکەی پارتی و بەرپرسەکەی یەکێتی جەخت لەوە دەکەنەوە، لێکتێگەیشتن درووست بووە لەنێوان ئەو دوو حیزبە بۆ ئەوەی تاوەکو پێش دانیشتنی پەرلەمان کە رۆژی پێنجشەممەیە، لەسەر یەکلاکردنەوەی وەزیری داد رێکبکەون.

«4

**ئابووری** 8

**250 هەزار ئۆتۆمبێلی لەکارکەوتووی ئەمەریکی هاوردە کراون**



**ئەدەب** 3

**یەکەم رۆژنامەی روو زەردی کوردی و بڵاوکەرەوەی عێراقچێتی**

**تاراوگە** 11

**پەناخوازێکی کورد لە گرتووخانەکانی ژاپۆندا وشک دەبێتەوە**



**کۆمەڵایەتی** 13

**لەسەر کۆمێنتی فەیسبووک کوژرا**



راپۆرتە هەواڵ
ڕووداو
ژمارە (559) - دووشەممە 2019/6/24





## قائیمقامییەتی سلێمانی بەکارهێنانی بڵندگۆی لە فرۆشیاران قەدەخەکرد

**ڕووداو- هەولێر**

بەهۆی بێزارکردنی هاووڵاتیان، قائیمقامییەتی سلێمانی بەکارهێنانی بڵندگۆی لە فرۆشیاران قەدەخەکرد. گۆران قادر، سەرۆکی لیژنە هاوبەشەکانی قایمقامیەتی سلێمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، لەلایەن پۆلیسیەوە لەناو بازاڕی شاری سلێمانیدا دەست بەسەر (119) بڵندگۆدا گیراوە کە بووبوونەهۆی نانەوەی کێشە و ئاژاوە و دروستکردنی ژاوەژاو لە بازاڕەکانی شاری سلێمانییدا". سەرۆکی لیژنە هاوبەشەکان باسی لەوەکرد، بەکارهێنانی ئەو بڵندگۆیانە لەلایەن ژمارەیەک لە خاوەن فرۆشگە و ئۆتۆمبێل فرۆشیارانی میوە و خۆراک لە بازاڕ و گەڕەکەکاندا بووەتە دیاردە و ئەوەش بێزاری هاووڵاتیانی لێکەوتووەتەوە، قائیمقامی سلێمانیش بڕیاری قەدەخەکردنی بەکارهێنانی بڵندگۆکانی داوە .

### بە 18 ساڵ بەندکردن سزادراوە

# سەرۆکی پێشووی زانکۆیەکی کوردستان هەڵدێ

**ناسر عەلی**
**ڕووداو- دهۆک**

سەرۆکی پێشووی زانکۆیەکی کوردستان کە لە 2015 وە تۆمەتبارە بە گەندەڵی، تا ئێستا نەچووەتە بەردەم دادوەر، بۆیە دادگا لەسەر سێ دۆسیە بە 18 ساڵ بەندکردن بەشێوەی غیابی سزای دا.

(ئا.س) کە سەرۆکی پێشووی زانکۆی نەورۆزە لە دهۆک، لە ساڵی 2015 لە دەستەی نەزاهە سێ دۆسیەی بۆ کرایەوە، دواتر دۆسیەکانی بوون بە داوای سزایی و ڕەوانەی بەردەم دادوەر کران، دوای چەندینجار ئاگادارکردنەوە، تۆمەتبار نەچووە بەردەم دادوەر، بۆیە لە ڕۆژی 2018/12/26 بە 18 ساڵ بەندکردن بە شێوەی غیابی سزا درا.

ئەحمەد ساڵح، سەرۆکی فەرمانگەی دەستەی دەستپاکی لە زانکۆی دهۆک، پشتڕاستی کردەوە کە سەرۆکی پێشووی زانکۆی نەورۆز لە دهۆک سزا دراوە: "ئەو کەسە بەپێی مادە 340 لە یاسای سزادانی عێراقی سێ دۆسیەی لەسەر کراوەتەوە، لەلایەن دادگای تاوانی دهۆک بڕیاری دەستگیرکردنی بۆ دەرچوو، بەڵام تا ئێستا دەستگیر نەکراوە، بۆیە دادگای کەتن بە غیابی حوکمی دا، بۆ هەر دۆسیەیەک شەش ساڵ حوکم دراوە، واتە 18 ساڵ بەندکردن، بەڵام نازانین بۆچی تاوەکو ئێستا دەستگیر نەکراوە".

تۆمەتەکەی (ئا.س) بریتییە لە گەندەڵی لە خەرجییەکانی زانکۆ. حاکم عەبدولڕەحمان زێباری، سەرۆکی دادگای کەتنی یەکی دهۆک بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "سەرۆکی پێشووی زانکۆی نەورۆز لەسەر سێ کەیس دادگایی کراوە، لە هەرسێ کەیسەکە ئامادە نەبووە، بۆیە بە غیابی حوکم دراوە، بۆ هەر کەیسێکیش بە شەش ساڵ بەندکردن سزا دراوە، واتە 18 ساڵ". زێباری گوتیشی: "مەرج نییە ئەو سزایەی بەسەردا جێبەجێ بکرێ، هەر کاتێک هاتە بەردەم دادوەر، دادگایی دەکرێتەوە، ڕەنگە حوکمەکەی زیاتر بێ یان کەمتر، یانیش وەکو خۆی بمێنێتەوە، چونکە ئەوکات خۆی ئامادە دەبێ و بەرگری لەخۆی دەکات".

د.عزەت فندی، سەرۆکی ئێستای زانکۆی نەورۆز دەڵێت ئەوان ئاگادارن کە سەرۆکی پێشووی زانکۆکە لەسەر گەندەڵی دراوەتە دادگا، بەڵام ئەو هیچ پەیوەندییەکی بە زانکۆکەی ئەوانەوە نەماوە.

سەرچاوەیەکی ئاگادار لەو کەیسە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، سەرۆکی پێشووی زانکۆی نەورۆز هەڵاتووە بۆ دەرەوە، لە دوای حوکمدانیشی بە غیابی، هاوژین و منداڵەکانیشی بردوونەتە دەرەوەی وڵات.

> **هەر کاتێک بێتە بەردەم دادوەر، دادگایی دەکرێتەوە**
> دادوەر عەبدولڕەحمان زێباری

### دوای بەرنامەیەکی ڕادیۆی ڕووداو

# 15 قومارخانە لە دهۆک داخران

**ناسر عەلی**
**ڕووداو- دهۆک**

خەریکە قوماری ئەلیکترۆنی لە دهۆک دەبێتە دیاردە. قومارچییەک مەزەندە دەکات پێنج هەزار کەس لەو شارە خەریکی قوماری ئەلیکترۆنی بن و ڕۆژانەش 100 هەزار دۆلار لە ڕێگەی ئەو قومارخانانەوە بچێتە دەرەوە. قومارچییەکی دیکەش کە 100 هەزار دۆلاری دۆڕاندووە، دەڵێت خەریکبووە گورچیلەی خۆی بۆ قومار بفرۆشێ.

(ە.ن) گەنجێکی تەمەن 32 ساڵی دانیشتووی دهۆکە و دەڵێت لە ساڵی 2012 وە فێری قوماری ئەلیکترۆنی بووە، ناو ماڵەکەی و پارچەیەک زەوی بۆ قومار فرۆشتووە. پارەیەکی زۆریشی قەرز کردووە، بەڵام هەمووی لەسەر قومار داناوە. ئەو گەنجە دەڵێت: "تا ئێستا 100 هەزار دۆلارم لە قوماردا دۆڕاندووە".

(هـ.ن) ئاڵوودەی قومار بووە، دوای ئەوەی پارەی لە گیرفاندا نەماوە، دوو مانگ لەمەوبەر بیری لەوە کردبووەوە گورچیلەیەکی خۆی بفرۆشێ، بەڵام دواتر پەشیمان بووەتەوە. ئەو دەڵێت پێنج ڕۆژە بە یەکجاری وازی لە قومار هێناوە و هیوادارە هیچ کەسێک ڕێگەکەی ئەو هەڵنەبژێرێ.

پیاوێکی دیکەی تەمەن 39 ساڵ کە بەو مەرجە ڕازی بوو قسە بۆ (ڕووداو) بکات، ناوی خۆی و باوکی بە (ن.س) بنووسرێ، گوتی: "هەموو ماڵی خۆم لەسەر قومار دانا، 200 هەزار دۆلارم دۆڕاندووە، ئێستاش 100 هەزار دۆلار قەرزدارم".

(ن) باسی ئەو شوێنانەی کرد کە قوماریان تێدا دەکرێ و گوتی: "ئەو شوێنانە ناویان لێنراوە کافێی ئینتەرنێت، بەڵام ئەوە ئەسڵ و ئەساسی نییە، کۆمپیوتەرەکان بە سیستەمێک بەستراونەتەوە و لە ڕێگەی ئەو سیستەمەوە قومار دەکرێ".

(ن) ئەگەرچی دەڵێت دوو هەفتەیەکە وازی لە قومار هێناوە، بەڵام دەڵێت وازهێنان زەحمەتە. ئاگاداری ژیانی چەند کەسێکە کە قومار دەکەن "یەکێک دەناسم 500 هەزار دۆلاری دۆڕاندووە، هەیە ژنی خۆی تەڵاقداوە، قومارچی هەبووە خۆی کوشتووە". ئەو کەسە پێیوایە وازهێنان لە قومار مەحاڵە و تەنیا یەک ڕێگەی هەیە: "ئەویش داخستنی ئەو شوێنانەیە کە قوماریان تێدا دەکرێ". بە گوتەی ئەو لە دهۆک زیاتر لە 5000 کەس بە قوماری ئەلیکترۆنییەوە خەریکن، ڕۆژانەش لانیکەم 100 هەزار دۆلار لە ڕێگەی ئەو قومارە ئەلیکترۆنییەوە دەچێتە دەرەوە.

حاجی حەسەن، بەڕێوەبەری پۆستە و گەیاندنی دهۆک دەڵێت ئەوان ئاگاداری ئەوە نین لەو شوێنانە قومار بکرێ و دەڵێت: "ئێمە مۆڵەتمان بە چەند کافێیەکی ئینتەرنێت داوە، بەڵام نازانین چی تێدا دەکرێ. ئەگەر لەوە دڵنیا بین کە قوماریان تێدا دەکرێ، بێگومان مۆڵەتەکەیان لێ وەردەگرینەوە".

ئیدریس هەرکی، سەرۆکی لیژنەی ئەمنی لە ئەنجوومەنی پارێزگای دهۆک نەیشاردەوە کە قومارخانە لە دهۆک هەن و گوتی: "سێ ساڵ پێش ئێستا بە بڕیارێک سەرجەم ئەو شوێنانە داخران کە قوماریان تێدا دەکرا، بەڵام دیارە ئێستا ئەو شوێنانە لەژێر ناوی دیکە کراونەتەوە". گوتیشی: "بۆ بەدواداچوونی ئەو بابەتە هەوڵدەدەین لیژنەیەک دروست بکەین و بڕیاری داخستنی ئەو شوێنانە بدەین".

بەرنامەی ئەم هەفتەیەی (بەکاتی دهۆک)ی ڕادیۆی (ڕووداو) کە کاژێر چواری هەموو ڕۆژانی یەکشەممە پێشکەش دەکرێ، تایبەت بوو بەو قومارخانانە، هەر نیو کاژێر دوای بەرنامەکە، زیاتر لە 15 قومارخانە داخران.

> **قومارخانەکانی دهۆک ناویان لێنراوە کافێی ئینتەرنێت**
> قومارچییەک



هەڵمەتێکی پۆلیسی دهۆک بۆ داخستنی قومارخانە ئەلیکترۆنییەکان

# هاوبەشێکی ئاو لە دهۆک 68 ملیۆن دینار پارەی ئاوی بۆ هاتووە

**ناسر عەلی**
**ڕووداو- دهۆک**



وەرگرتنی پارەی ئاوی خواردنەوە لە ڕێگەی پێوەری زیرەکەوە لە دهۆک کێشە و ناڕەزایی لێدەکەوێتەوە. هەندێک دەڵێن پارەی خەیاڵییان بۆ هاتووەتەوە، سەرپەرشتیاری پرۆژەی پێوەری زیرەکی ئاوی ماڵانیش دەڵێت هەر کەسێک لە 100 هەزار دینار زیاتری بۆ گەڕابێتەوە دەتوانێ سەردانیان بکات.

دوای دانانی پێوەری زیرەک بۆ ئاوی ماڵان، لەم مانگەوە بە گوێرەی ئەو پێوەرە پارەی دوو مانگ لە هاوبەشانی ئاو لە دهۆک وەرگیرا. بەڵام هاووڵاتییان دەڵێن ناعەدالەتی زۆر لە خوێندنەوەی پێوەرەکاندا هەیە و هەندێک کەس پارەیەکی زۆر کەمیان بۆ هاتووەتەوە و هەندێکیش زۆریان بۆ هاتووەتەوە.

ڕەزوان محەممەد، دانیشتووی گەڕەکی سەرهەڵدان لە سەنتەری پارێزگای دهۆک بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "خانوویەکی 150 مەتریم هەیە، ئەو ڕۆژە کۆمپانیا هات بۆ ئەوەی پارەی ئاو وەربگرێ، وەسڵێکیان دامێ و گوتیان 68 ملیۆن و 975 هەزار دینارت بۆ هاتووەتەوە".

هەروەها لاوین محەممەد کە دانیشتووی قەزای سێمێلە، دەڵێت دوو ملیۆن و 250 هەزار دیناری بۆ هاتووەتەوە، بەڵام دراوسێکەیان 40 هەزار دیناری بۆ هاتووەتەوە "پێمگوتن ئێوە ماڵەکەی من بە شووشتنگەی ئۆتۆمبێل تێگەیشتوون؟ ئەگەر شەو و ڕۆژ ئاوم ڕشتبێ، بایی ئەوەندەم خەرج نەکردووە".

ئەو دەڵێت، ئەگەر ڕۆژانە تانکییەکی ئاو بە 10 هەزار دینار بکڕم، زۆر هەرزانتر بۆ من دەوەستێ.

> سەرپەرشتیاری پرۆژەی پێوەری ئاوی ماڵان لە دهۆک:
> **هەر کەسێک لە 100 هەزار دینار زیاتری بۆ هاتبێتەوە با سەردانمان بکات**

شێرزاد فەتحی، سەرپەرشتیاری پرۆژەی پێوەری زیرەکی ئاو لە بەڕێوەبەرایەتیی ئاوی دهۆک بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، سیستەمەکە کێشەی زۆری لێکەوتووەتەوە، هەر لە هەفتەی یەکەمی پارە وەرگرتن لە هاووڵاتیان زیاتر لە 100 کەس سەردانیان کردووین. زۆربەیان لە سەرووی 200 هەزار دیناریان بۆ هاتووەتەوە، کەسی واش هەیە 22 ملیۆن دیناری بۆ هاتووەتەوە. فەتحی نەیشاردەوە بەشێک لە پێوەرەکان کێشەیان تێدایە، بۆیە داوا لە هاووڵاتیان دەکات هەر کەسێک لە 100 هەزار دینار زیاتری بۆ گەڕابێتەوە سەردانیان بکات.

لە ساڵی 2015 وە دەست بە دانانی پێوەری ئاو لە سنووری دهۆک کراوە، تاوەکو ئێستا 65%ی هاوبەشانی ئاو لە سەنتەری شار و 40%ی هاوبەشانی ئاو لە دەرەوەی سەنتەری شار پێوەرەکەیان بەستووە.

شێرزاد فەتحی هۆشداری دەداتە ئەوانەی تا ئێستا پێوەریان نەبەستووە و دەڵێت: "لە مانگی داهاتووەوە هەر کەسێک پێوەری نەبەستبێ 100 هەزار دینار غەرامە دەکرێ، ئەگەر مانگی ئەولاتر هەر نەیبەست ئەوە 150 هەزار دیناری لێوەردەگیرێ".

دلێر ئاکرەیی، بەڕێوەبەری کۆمپانیای خەتیب کە پارەی ئاو وەردەگرن، دەڵێت: "ئێمە گرێبەستمان لەگەڵ حکومەت هەیە بۆ کۆکردنەوەی پارەی ئاو، هیچ پەیوەندیمان بە ئامێرەکەوە نییە".

### پەرلەمانتارێک:

# دەرمانی ساختە و بێ کواڵیتی دراوەتە تووشبووانی شێرپەنجە

**شکار ئەحمەد**
**ڕووداو- هەولێر**

پەرلەمانتارێکی فراکسیۆنی گۆڕان ئاشکرای دەکات کە لە دوو نەخۆشخانە دەرمانی ساختە و بێ کواڵیتی دەدرێتە تووشبووانی شێرپەنجە، دەرمانەکانیش بە فیلتەری وەزارەتی تەندروستی و بەرپرسانی نەخۆشخانەکاندا تێپەڕیون.

دکتۆر شایان عەسکەری، جێگری سەرۆکی لیژنەی تەندروستی لە پەرلەمانی کوردستان ئاشکرای دەکات لە نەخۆشخانەی نانەکەلیی هەولێر و هیوای سلێمانی "دەرمانی ساختە" دراوە بە تووشبووانی شێرپەنجە: "تاوەکو نزیکەی مانگ و نیوێک لەمەوبەریش دەرمانی ساختە لە نەخۆشخانەی نانەکەلی دەدرا بە تووشبووانی شێرپەنجە، لەکاتێکدا دەرمانەکان بە فلتەری وەزارەتی تەندروستیدا گەیەنراونەتە نەخۆشخانەکان و ئەوانیش بێدەنگ بوون، بەڵام دوای ئەوەی لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونمان بۆ بابەتەکە کرد، ئەو کۆمپانیایەی دەرمانەکەی دابین دەکرد، دەرمانەکەی کشاندەوە".

ئەو پەرلەمانتارە کە پێشتر لە نەخۆشخانەی نانەکەلی پزیشک بووە، دەشڵێت: "ئەو کاتەی ئێمەش لە نەخۆشخانەی نانەکەلی چارەسەری نەخۆشەکانمان دەکرد، جۆرە دەرمانێکی ساختە لە نەخۆشخانەکە هەبوو، بەڵام ئێمە چەند پزیشکێک ئامادە نەبووین بیدەینە نەخۆشەکان، بۆیە دەرمانەکەیان برد بۆ نەخۆشخانەی هیوا و لەوێ دەدرایە تووشبووانی شێرپەنجە".

ئەو دوو نەخۆشخانەیە زۆرجار بەدەست کەمیی دەرمانەوە دەناڵێنن، نەخۆشەکانیان ناچار دەبن بە نرخێکی زۆر گران لە دەرەوە بیکڕن. دکتۆر شایان دەڵێت بەدواداچوونیان بۆ بابەتی کەمیی دەرمان کردووە "چەند مانگێک لەمەوبەر ئاگادارکراینەوە کە دەرمانی شێرپەنجە کەمە، لیژنەیەکمان پێکهێنا و لەگەڵ وەزیری تەندروستی و سەرۆکی ئەنجوومەنی سندووقی کۆمەک بۆ تووشبووانی شێرپەنجە کۆبووینەوە، مانگی چواریش لەگەڵ وەزیری دارایی قسەمان کرد، بەڵێنی دا کە هەفتانە بڕی خەرجکردنی پارەی سندووقەکە لە 2% بۆ 10% زیاد بکات، بەڵام نەیکرد، جارێکی دیکەش سەرۆکی پەرلەمان قسەی لەگەڵ کرد، بەڵام هەر زیادی نەکرد".

بە گوتەی دکتۆر شایان، سندووقەکە پارەیەکی زۆری تێدایە: "تاوەکو کۆتایی ساڵی 2018، زیاتر لە 117 ملیار دینار لە حیسابی بانکیی سندووقەکەدا هەبووە و ئێستا زیاتریشە. ئەگەر پارەی ئەو سندووقە خەرج بکرێت دەتوانرێت دەرمان دابین بکرێ، بەڵام حکومەت بڕێکی کەم لە داهاتی سندووقەکە بۆ کڕینی دەرمان بەکاردێنێ کە هەفتانە 2% زیاتر نییە".

بەڕێوەبەری نەخۆشخانەکانی تایبەت بە تووشبووانی شێرپەنجە ئامادە نین هیچ لێدوانێک لەسەر بەکارهێنانی دەرمانی ساختە لە نەخۆشخانەکاندا بدەن، ئەوان نە پشتڕاستی دەکەنەوە، نە ڕەتیشی دەکەنەوە. دکتۆر سامی ئەحمەد، بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی نانەکەلی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "دەبێ وەزارەتی تەندروستی قسە لەسەر ئەو بابەتە بکات".

هەروەها دکتۆر دۆستی نەجات، بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی هیواش لە سلێمانی گوتی: "ئێمە هەر دەرمانێکمان هەبێت بە ڕێکاری یاسایی و کواڵیتی کۆنترۆڵدا تێپەڕ دەبێت، بۆیە دەبێت وەزارەتی تەندروستی وەڵام بدەنەوە کە ئایا دەرمانی ساختەیان ڕەوانەی نەخۆشخانەکانی تایبەت بە تووشبووانی شێرپەنجە کردووە یان نا".

کەمیی دەرمان یەکێکی دیکەیە لەو کێشانەی لە نەخۆشخانەکانی تایبەت بە شێرپەنجە هەیە، بەڕێوەبەری نەخۆشخانەکانیش ئەوە پشتڕاست دەکەنەوە. د.سامی ئەحمەد دەڵێ: "ڕاستە دەرمانی تووشبووانی شێرپەنجە کەمبووەتەوە، ئەمەش هەموو عێراقی گرتووەتەوە، بەڵام بەو ئاستەش نییە کە ئەو پەرلەمانتارە باسی دەکات، ڕەنگە تووشبوویەکی شێرپەنجە پێویستی بە پێنج جۆری دەرمان هەبێت و یەکێک لەوانە نەبێت، ئێمە هەوڵمانداوە ئەوەش لەڕێگەی کەسانی خێرخوازەوە دابین بکەین".

دکتۆر دۆستی نەجاتیش دەڵێت: "ئێستا لە دابینکردنی دەرمانە بنەڕەتییەکانی شێرپەنجە باشین و بەشی زۆربەی نەخۆشەکانمان دەکات، بەڵام لە هەندێک دەرماندا کەموکوڕیمان دەبێت، ئەمەش بەهۆی ڕێکارەکانی کواڵیتی کۆنترۆڵ و دڵنیابوون لە جۆرەکەیەتی کە هەرچەندە کاریگەریی قورسی نییە لەسەر نەخۆشەکان، هەر دەرمانێکیش نەبێت هەوڵدەدەین لەڕێگەی سندووقی شێرپەنجەوە دابینی بکەین".

د.شایان نموونەی دەرمانە ساختەکانی بۆ ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ نەهێشتنی دەرمانی ساختە و کواڵیتی خراپ ناردووە، ئەو کە خۆی ئەندامی ڕێکخراوەکەیە، دەڵێت: "نموونەی چەند دەرمانێکم بۆ ڕێکخراوەکە ناردووە بۆ پشکنین و دڵنیابوون لە کواڵیتییەکەیان، دوای هەڵسەنگاندنی نموونەکان، ئەوانیش بە ڕاپۆرت وەڵاممان دەدەنەوە، ئەوکات ئیجرائات دەکەین".

# یەکێتی بە دوو مەرج ناوی بەربژێرەکانی دەداتە مەسروور بارزانی

نەوزاد مەحموود
رووداو- سلێمانی

ئەندامێکی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان دەڵێ لە نێوان قسەی ئەوان و یەکێتیدا رێگای دیکە هەیە و پێویستە دواجار هەردوولا رێگەی سێیەم پەسەند بکەن بۆ ئەوەی لە دانیشتنی پەرلەماندا بۆ پەسەندکردنی ناوی بەربژێرەکان هەموو لایەنەکان بەشداریی بکەن. ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتیش دەڵێ، بۆیە ئێمە پێداگیریی لەسەر چارەسەرکردنی کێشەی کەرکووک لەگەڵ پێکهێنانی حکومەت دەکەین "بۆ ئەوەی بەبێ کێشە بچینە ناو حکومەت و کابینەی نوێیەم بە کێشەوە سەرقاڵ نەکەین".

دۆزینەوەی خاڵە هاوبەشەکانی نێوان پارتی و یەکێتی لە کەرکووک، بەشێوەیەک دژوار بووە لە ماوەی چوار مانگی رابردوودا ئەو دوو حیزبە لەسەر هەرچی نزیک دەبنەوە، دەگەڕێنەوە بۆ خاڵی سفر.

پارتی و یەکێتی لە پرسی کەرکووکدا زیاتر لە چارەسەر دوورکەوتنەوە، دوای ئەوەی فەرەیدوون عەبدولقادر، نامەیەکی گلەیی بۆ رای گشتی بڵاوکردەوە و رایگەیاند کە ئەو دڵخوازی کۆسرەت رەسوڵ عەلی و بارزانی بووە بۆ پۆستی پارێزگاری کەرکووک. هێشتا پارتی و یەکێتی بەردەوامن لەسەر تۆمەتبارکردنی یەکدی بە رێکنەکەوتن لەسەر دانانی پارێزگارێک و ئاساییکردنەوەی دۆخی پارێزگاکە کە هەر ئەوەش بووەتە کێشەی بنەڕەتیی بەردەم دواکەوتن و پێکنەهێنانی کابینەی حکومەت.

مەسروور بارزانی کە لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە راسپێردراوە بۆ پێکهێنانی حکومەت، چاوەڕێی لایەنە بەشداربووەکانی حکومەتە و تاوەکو ئێستا سێ لایەنی بەشداربوو ناوی وەزیرەکانیان یەکلایی کردووەتەوە. بەڵام خەڵک ئەم پرسیارە زۆرتر دەکەن، ئاخۆ یەکێتی بەشداریی دەکات؟

فەرید ئەسەسەرد، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی وەڵامی ئەو پرسیارە دەداتەوە و دەڵێ: "هەرکاتێک پارتی یەکێک لەو ناوانە پەسەند بکات کە یەکێتی بۆ پارێزگاری کەرکووک خستوویەتییە بەردەمی و کۆبوونەوەیەکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک بکرێ، 48 سەعاتمان بەسە بۆ ئەوەی ناوی بەربژێرەکانی خۆمان بدەینە مەسروور بارزانی".

قسەی کۆتایی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی یەکێتی وەک ئەسەسەرد باسی دەکات، بەشداریکردنە لە حکومەت "بەڵام بەو مەرجەی پارتی بەوە رازیی ببێت بەربژێرێکی یەکێتی ببێتە پارێزگاری کەرکووک. مەرجی دووەمیش کە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووکە، ئاساییە بکەوێتە دوای کۆبوونەوەی پەرلەمان بۆ متمانەدان بە حکومەت".

> **فەرید ئەسەسەرد، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی:**
> هەر کاتێک پارتی ناوی پارێزگاری کەرکووکی پەسەند کرد، سیڤیی وەزیرەکان دەدەینە مەسروور بارزانی

ئەسەسەرد رەتیکردەوە کێشەی یەکلاکردنەوەی کاندیدیان هەبێ و گوتی "ئێمە کێشەی ئامادەکردنی بەربژێرەکانمان نییە، چونکە هەندێک لە ناوەکان یەکلایی بوونەتەوە و ئەوانەش کە یەکلایی نەبوونەتەوە، دەکرێ لە کۆبوونەوەی سەرکردایەتی یان بە رێککەوتن یەکلایی بکرێنەوە".

هێشتا پرسیارەکە وەک خۆی دەمێنێتەوە و تەمومژێکی زۆر لەسەر ئەوە هەیە ئاخۆ رۆژی 27ی مانگ یەکێتی ناوی وەزیرەکانی دەداتە مەسروور بارزانی؟ ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی کە داوای کرد ناوی بڵاونەکرێتەوە، دەڵێت لەو رۆژانەدا پەیامیان بۆ پارتی ناردووە و چارەسەرکردنی کێشەی کەرکووکیان دووپات کردووەتەوە تاوەکو پرۆسەی پەسەندکردن و سوێندخواردنی وەزیرەکان ئاسایی بەڕێوەبچێت "لەم رۆژانەدا بەردەوام پەیوەندی هەبووە بۆ ئەوەی بگەینە چارەسەرێک، من بۆ خۆم گەشبینم".

لە ماوەی رابردوودا یەکێتی ناوی هەریەکە لە رزگار عەلی، رەفعەت عەبدوڵڵا و ئاسۆ مامەند، ئەندامانی مەکتەبی سیاسی. خالید شوانی، ئەندامی سەرکردایەتی، کاکەڕەش سدیق، ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوک. رەوەند مەلا مەحموود، جێگری بەرپرسی مەڵبەندی یەکێتی. ئەحمەد عەسکەری، ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک. لیوا جەمال تاهیر، بەرپرسی پێشووی پۆلیسی کەرکووک. د.عومەر ئینجە، جێگری سەرۆکی زانکۆی کەرکوکی داوەتە پارتی، بەڵام پارتی هیچکام لەو ناوانەی پەسەند نەکردووە.

ئەندامێکی سەرکردایەتی پارتی باسی ئەو رێککەوتنانە دەکات لەنێوان ئەوان و یەکێتیدا واژۆکراون بۆ پێکهێنانی حکومەت و چارەسەری کێشەی کەرکووک و دەڵێ، روونە چی روویدا "بەڵام دەکرێ چارەسەرێک بدۆزرێتەوە هەردوولا پێی رازی بین، بێگومان رێگای سێیەم هەیە. هاوکات هەندێک چارەسەر هەن پێوستیان بەکات هەیە" ئەو ئەندامەی سەرکردایەتی پارتی کە داوای کرد ناوی پارێزراوبێت، گوتیشی: "بە یەکێتی گوتراوە مەرج نییە لەگەڵ دەستبەکاربوونی حکومەت بتوانرێ کێشەکانی کەرکووک چارەسەر بکرێت، داخوازی یەکێتی لە بەرچاو دەگیرێت، بەڵام یەکێتیش دەبێت نکۆڵی لەو ئەمری واقیعە نەکات کە لە شارەکە هەیە".

فەرید ئەسەسەرد، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی دەڵێ، ئەگەر وەزیرەکان سوێندی یاساییان خوارد و یەکێتی لەگەڵ پارتی پێکنەهات، ئەوە دەمێنێتەوە سەر ئەوەی بزانن رۆژانی دوای پێکهێنانی کابینە پارتی چی دەکات بۆ کەرکووک "لە حاڵێکدا چەند رۆژێکی کەمی دوای پێکهێنانی کابینەکە لەسەر ئەوە رێککەوتین، ناوی بەربژێرەکانمان دەدەینە پەرلەمان".

هەفتەی پێشوو، مەسروور بارزانی گفتوگۆی لەگەڵ لایەنەکانی بەشدار لە حکومەتی داهاتوو دەستپێکرد بۆ داواکردنی سیڤی بەربژێرەکان و رۆژی 27ی ئەم مانگەشی وەک دوا وادە بۆ ناردنی ناوەکان دیاریکرد.



> **بۆ هەر پۆستێک سێ ناو دەدەینە جڤاتی نیشتیمانی**
> ئەندامێکی ژووری دیبلۆماسی بزووتنەوەی گۆڕان

شوناس شێرکۆ، ئەندامی ژووری دیبلۆماسی بزووتنەوەی گۆڕان، دەڵێ رۆژی سێشەممە یان چوارشەممە، ئەو لیژنەیەی ماوەی زیاتر لە مانگێکە سەرقاڵی تاوتوێکردنی سیڤییەکانن، ناوەکان دێننە کۆبوونەوەی جڤاتی نیشتیمانی و دەنگیان لەسەر دەدرێ "بۆ هەر پۆستێک سێ ناو دەهێنرێتە کۆبوونەوەی جڤات و لەوێ بە دەنگدان ناوێک یەکلایی دەکرێتەوە".

ئەندامێکی جڤاتی نیشتمانی کە داوای کرد ناوی بڵاونەکرێتەوە، دواکەوتنی پرۆسەی یەکلاکردنەوەی ناوەکانی بۆ "هەستیاریی پرسەکە" و زۆریی سیڤییەکان و رێکارەکانی دیاریکردنیان گێڕایەوە و گوتی: "گۆڕان لە دۆخێکدایە کە ئێستا زۆرترین پەلامار دەدرێت و رەخنەی ئامانجداری لێدەگیرێت، بۆیە دەیویست بە هەستیاری مامەڵە لەگەڵ سیڤییەکان بکات و باشترین هەڵبژێرێ".

محەممەد سەعدەدین، سەرۆکی پارتی گەشەپێدانی تورکمانی، دەڵێ وەک تورکمان لە خولەکانی رابردوودا، تەنیا بە یەک وەزیر بەشدار دەبوون، ئەمجارە بۆ ئەوەی نوێنەرایەتی سیاسی پێکهاتەکان و لایەنە سیاسییە تورکمانییەکان بەهێزتر ببێت، داواکاری دیکەمان هەیە "پاش ئەوەی لە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان پۆستمان پێدرا، لە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران و سەرۆکایەتی هەرێم داوای راوێژکار دەکەین، لە وەزارەتەکانی حکومەتیش داوای بریکاری وەزیر و وەزارەت دەکەین. لە ئیدارە خۆجێییەکانیش داوای پۆستمان کردووە". بەڵام (رووداو) زانیویەتی کە وەزیرەکەی تورکمان، ئایدن مەعرووف وەریدەگرێت و لە رۆژانی داهاتوودا لەگەڵ عەبدوڵڵای حاجی مەحموود، دەست لە کاری پەرلەمانتاری دەکێشنەوە.

## پێکهاتەی حکومەت و سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان:

نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان
مستەفا سەیدقادر، جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان (یەکلایی بووەتەوە)
جەعفەر مستەفا، جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان (بەربژێری بەهێزی یەکێتییە)
جەلال جەوهەر، یاریدەدەری سەرۆکی حکومەت بۆ کاروباری چاکسازی (یەکلایی بووەتەوە)
فەوزی هەریری، سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان (تاوەکو ئێستا بەربژێری بەهێزترە لە کەریم شنگالی)
رێواس فایەق، سەرۆکی پەرلەمان (بەربژێری بەهێزی یەکێتی)
هێمن هەورامی، جێگری سەرۆکی پەرلەمان
مونا قەهوەچی، سکرتێری پەرلەمان
مەسروور بارزانی، سەرۆکی حکومەت
قوباد تاڵەبانی، جێگری سەرۆکی حکومەت (یەکلایی بووەتەوە)
ئاشتی هەورامی، وەزیری سامانە سرووشتییەکان (یەکلایی بووەتەوە)
رێبەر ئەحمەد، وەزیری ناوخۆ (یەکلایی بووەتەوە)
د.یوسف گۆران، وەزیری خوێندنی باڵا (یەکلایی بووەتەوە)
ساسان عەونی، وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار
حەمەی حەمەسەعید، وەزیری رۆشنبیری (یەکلایی بووەتەوە).
سەعدی ئەحمەد پیرە، وەزیری هەماهەنگی نێوان بەغدا و هەرێمی کوردستان (بەربژێری بەهێزە)
ئاسۆس عەلی، وەزیری کشتوکاڵ
ئاواتی شێخ جەناب، وەزیری دارایی (بەربژێری بەهێزە)
ڤالا فەرید، لە نێوان وەزیری پەروەردە و داد یەکلایی نەبووەتەوە
کوێستان محەممەد، وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی (یەکلایی بووەتەوە)
کاروان هاشم، وەزیری بازرگانی (بەربژێری بەهێزە)
نەوزاد هادی، وەزیری کارەبا (یەکلایی بووەتەوە)
عەبدوڵڵا حاجی مەحموود، وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان (یەکلایی بووەتەوە)
ئانۆ جەوهەر، وەزیری گواستنەوە و گەیاندن (یەکلایی بووەتەوە)
ئایدن مەعرووف، وەزیری هەرێم (یەکلایی بووەتەوە)

## بۆچوونی جیاواز لەسەر کاتی راگەیاندنی هەیە

# سەرکردە ناڕازییەکانی گۆڕان بیر لە دامەزراندنی حیزبێکی نوێ دەکەنەوە

نەوزاد مەحموود
رووداو- سلێمانی

شەنوکەوکردنی بارودۆخی سیاسی باشووری کوردستان بە گشتی و پارێزگای سلێمانی بە تایبەتی، هێشتا بڕیاردانی لای سەرکردە سیاسییە ناڕازییەکانی بزووتنەوەی گۆڕانی لە تەمومژدا هێشتووەتەوە. دەیانەوێ بەهەمان ئەو رێوشوێنەی کە نەوشیروان مستەفا، بزووتنەوەی گۆڕانی هێنایە نێو گۆڕەپانی ململانێ سیاسییەکانەوە، دەستپێبکەن. یەکێک لە هەڵسوڕاوەکانی پێشووی بزووتنەوەکەش دەڵێ "کاک قادر و کاک عوسمان لەژێر گوشاری ناڕازییەکاندان بۆ دروستکردنی بزووتنەوەیەکی نوێ، بەڵام بەهۆی نەگونجاویی کاتەکەی بە بێدەنگی ماونەتەوە".

لە دواهەمین چاوپێکەوتنیدا لەگەڵ ژمارەیەک میدیاکار لە سەرەتای مانگی ئایاری ئەمساڵ، قادری حاجی عەلی گوتی: "بۆ من جێگەی ئومێد و دڵخۆشییە کە ئیرادەیەکی پۆزەتیڤ ماوە، یاخیبوون لەپێناو حەق ماوە، وشیارییەکی رەخنەگرانە لەبرەودایە کە دەکرێت ئەمڕۆ بێت یان سبەی، ئەو خەڵکە ئەڵتەرناتیڤێکی باشتر بدۆزێتەوە و متمانەی پێبکات". هەر لەوێش وازهێنانی خۆی لە بزووتنەوەی گۆڕان راگەیاند.

بەپێی زانیارییەکانی (رووداو) کە لە نزیکەکانی عوسمانی حاجی مەحموود و قادری حاجی عەلییەوە دەستیکەوتوون، ئێستا ئەو دوو سەرکردە ناڕازییە چاوەڕێی هەلومەرجێکی گونجاو دەکەن بۆ ئەوەی بە هێزێکی سیاسی نوێوە بگەڕێنەوە.

بێستوون فایەق، پەرلەمانتاری خولی پێشووی پەرلەمان لەسەر فراکسیۆنی گۆڕان یەکێکە لەوانەی لە سیاسەتی ئێستای گۆڕان ناڕازییە و دەڵێت "ئێستا بەشێکی زۆری هەڵسوڕاوانی بزووتنەوەکە وەک من لە دەرەوەی گۆڕانن، هەموویان خوازیاری ئەوەن پرۆژەیەکی سیاسی گەورە دروستبکرێ کە حیزب تێپەڕێنێ، هەر بۆیە کاک عوسمان و کاک قادر لەژێر گوشاری ئەوانەدان".

بەڵام بێستوون و بەشێک لە هەڵسوڕاوە ناڕازییەکان پێیانوایە، ئەو زەمینەیەی ئێستا هەیە، هەمان ئەو زەمینەیە نییە کە نەوشیروان مستەفا، سەرکردەی کۆچکردووی گۆڕان بزووتنەوەکەی تێدا راگەیاند. چونکە وەک ئەو باسی دەکات "گۆڕەپانی سیاسی کوردستان، ئێستا هیچ جووڵانەوەیەکی سیاسی هەڵناگرێ و خەڵک تەحەمولی جیابوونەوە و گرووپی دیکە ناکات، بەڵام دەکرێ بە جۆرێکی دیکە پرۆژەکە ئامادە بکرێ".

هێشتا نەوشیروان مستەفا لە ژیاندا مابوو کە دەنگی ناکۆکییەکانی نێوماڵی گۆڕان گەیشتە دەرەوە. بەپێچەوانەی هەندێک لە حیزبەکانی دیکە، بزووتنەوەی گۆڕان ناتەباییە نێوخۆییەکانی زووتر دەرکەوتن. هەر یەک لە عوسمانی حاجی مەحموود، قادری حاجی عەلی، سالار عەزیز کە لە یاوەرە سەرەتاییەکانی نەوشیروان مستەفا بوون بۆ دامەزراندنی بزووتنەوەکە، نیوەیان گەڕانەوە نێو یەکێتی و نیوەکەی دیکەشیان چاوەڕوانی دەرفەتێک دەکەن بۆ دەستپێکردنەوە، بەڵام بەناونیشانێکی نوێ.

پەیمان عیززەدین، پەرلەمانتاری خولی سێیەمی پەرلەمان لەسەر لیستی بزووتنەوەی گۆڕان، پێیوایە ئێستا زۆرتر بۆشایی سیاسی هەیە بۆ کۆکردنەوە و سەرپەرشتیکردنی دەنگە ناڕازییەکان "لەم هەڵبژاردنەدا 60%ی خەڵک بەشداریی هەڵبژاردنیان نەکردووە، کێشەکانی پێکنەهێنانی حکومەت و ناکۆکی حیزبە براوەکان دەریدەخات بۆچوونی ئەوانەی بایکۆتی دەنگدانیان کردووە، راست بووە".

پەیمان عیززەدین، وای دەبینێ کە قۆناغەکە دروستکردنی پارتێکی نوێی سیاسی دەخوازێت "بەڵام بێمتمانەیی هەیە لەنێو خەڵکدا و برِوایەک دروستبووە کە پێیوایە هەرکەسێک هەوڵی دروستکردنی حیزبی نوێ بدات بیر لە بەرژەوەندیی خۆی دەکاتەوە، بۆیە باشترە ئەو بزووتنەوە نوێیەی دروستدەکرێت، بزووتنەوەی دەنگدەر نەبێت و بەشداریی هەڵبژاردن نەکات، کاری لەپێشینەی گێڕانەوەی کەرامەت بێت بۆ مرۆڤ".

ئەو پەرلەمانتارەی خولی پێشووتری پەرلەمان، پێیوایە لە ساڵی 2009 وە، دوو شۆکی نائومێدکەر خەڵکیان گەیاندووەتە کەناری بێهیوایی "شۆکی یەکەم گۆڕان دروستیکرد و شۆکی دووەم نەوەی نوێ، هەر بۆیە ئەو دوو شۆکە ئەرکی ئەوانەیان بەتەواوی سەخت کردووە کە بیر لە دروستکردنی بزووتنەوەی نوێ دەکەنەوە".

دەشڵێت: "مەرج نییە ئەو بزووتنەوە نوێیە تەنیا لەسەر کاک قادر و کاک عوسمان وەستابێت، رەنگە ئەوان کاریگەرییان هەبێت لەسەر ئەوەی هەوڵ بدەن، ئەمساڵیش دروستنەکرێ، رەنگە ساڵێکی دیکە".

بەشێک لە پەرلەمانتارانی خولەکانی پێشوو کە لەسەر لیستی بزووتنەوەی گۆڕان پەرلەمانتار بوون، یان هەڵسوڕاوانی پێشووی بزووتنەوەکە، پێداگیریی دەکەن لەسەر ئەوەی عوسمانی حاجی مەحموود و قادری حاجی عەلی هەروا بەبێدەنگی نەمێننەوە و کار بۆ دروستکردنی بزووتنەوەیەک بکەن.

هەرچەندە بەپێی زانیارییەکان لەنێو ئەوانیشدا بۆچوونی جیاواز هەیە لەسەر کات و شێوازی دامەزراندنی قەوارەی سیاسی نوێ و بەشێکیان وای دەبینن ئێستا و لەو دۆخەدا پێشوازییەکی گەرمی لێناکرێت.

بێستوون فایەق دەڵێ: "ناڕازییەکان تەنیا ئەوانە نین کە لە گۆڕان زویرن، خەڵکی دەرەوەی گۆڕانیشی تێدایە، ئەو بەرەیە هێشتا چوارچێوەی کارکردنی دیاری نەکردووە و ناوی لێنەنراوە، ئەمساڵ لەوانەیە هیچ نەکرێ، بەڵام رەنگە ساڵی داهاتوو ئەو دەرفەتە گونجاوە ببینێتەوە کە رابگەیێنرێت".

بەپێی ئەو زانیارییانەی (رووداو) دەستیکەوتوون، هەریەکە لە عوسمانی حاجی مەحموود و قادری حاجی عەلی، پرس و راوێژیان لەگەل زۆر کەس کردووە لەبارەی پێویستیی دامەزراندنی هێزێکی نوێ و هەموو ئەگەرەکانی بەردەمیشیان تاوتوێ کردووە. بەڵام هێشتا ئەوە یەکلایی نەبووەتەوە کە حیزبێکی دەنگدەر دادەمەزرێنن یان هێزێک کە قۆناغی سەرەتا سەرقاڵی رێکخستن و سەرپەرشتیکردنی دەنگە ناڕازییەکان بێت. چونکە پێیانوایە ئۆپۆزیسیۆنەکانی ئەم حکومەتە، ئیسلامییەکانن و ئەوانیش لە هەموو دۆخێکدا خەڵکی ئیسلامی تێناپەڕێنن".

ئەندامێکی جڤاتی گشتی بزووتنەوەی گۆڕان کە داوای کرد ناوی بڵاونەکرێتەوە، دەڵێت هەر پرۆژەیەکی نوێ کە لە خەڵکی ناڕازیی بزووتنەوەی گۆڕان دروستبکرێت، لە هەوڵەکانی شاسوار عەبدولواحید سەرکەوتووتر نابێت "هەرچی بکرێت گۆڕان تێناپەڕێنێ و باشترە ئەوانەی بیر لە پرۆژەی لەو جۆرە دەکەنەوە، بگەڕێنەوە سەرکاری خۆیان و هەر لەناو گۆڕانەوە بیر لە رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی بکەنەوە و کار بۆ چاکسازی بکەن".

## لەسەر وشەی کوردستان تابلۆی بارەگایەکی حیزبی شیوعی هێنرایە خوارەوە

**ڕووداو-کەرکووک**

لەژێر گوشاری هێزەکانی فیدراڵی عێراق و لەبەر بوونی وشەی کوردستان، تابلۆی بارەگای حیزبی شیوعی کوردستان لە داقووق دەهێندرێتە خوارەوە. هاوڕێ بەختیار، کارگێڕی کۆمیتەی پارێزگای کەرکووکی حیزبەکەش پێیوایە ئەوە ئەنجامی ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەر و ناکۆکی نێوان لایەنە کوردستانییەکانە. بارەگاکانی حیزبی شیوعی لە دوای 16ی ئۆکتۆبەر داخران، لە ماوەی ڕابردووشدا حیزبەکە چەند بارەگایەکی لە قەزا و شارۆچکەکان کردووەتەوە، لە 20ـی ئەم مانگەش کۆمیتەی داقووقیان کردەوە، بەڵام لەبەر وشەی کوردستان و لەژێر گوشاری هێزە ئەمنییەکان تابلۆکەیان پێ هێنراوەتە خوارەوە. هاوڕێ بەختیار دەڵێت بارەگای ناحیەی پردێ و قەزای داقوقیان هێشتا بەداگیرکراوی ماونەتەوە.

# پارتی و یەکێتی تاوەکو پێنجشەممە وەزیری داد یەکلایی دەکەنەوە

**ئەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

گفتوگۆی چڕ لە نێوان پارتی و یەکێتی هەیە بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکانی نێوانیان کە ئێستا زۆرتر لە پرسی وەزیری داد و پارێزگاری کەرکووکدا خۆی دەبینێتەوە. بەرپرسی مەڵبەندی بەغدای یەکێتی دەڵێ، دانوستاندنیان لەگەڵ پارتی هەیە بۆ ئەوەی پێش دانیشتنی ئەمجارەی پەرلەمان لەسەر بەربژێرێک بۆ وەزارەتی داد ڕێکبکەوین. پەرلەمانتارێکی فراکسیۆنی پارتیش دەڵێ: "نیەتێک هەیە بگەینە ڕێککەوتن، چونکە عادل عەبدولمەهدی داوای کردووە گوشاری هێزەکانی دیکەی لەسەر کەم بکەینەوە".

وەزیری دادی عێراق کە یەکێتی وەک بەرکەوتەی هەڵبژاردنی 12ی ئایاری 2018 سەیری دەکات و پارتیش پێیوایە بەوپێیەی یەکێتی بە وەرگرتنی پۆستی سەرۆککۆمار، هەموو خاڵەکانی خۆی لە وەرگرتنی پۆستەکانیدا تەواو کردووە، پشکی کوردە و هێشتا وەک بەشێک لە ناکۆکییەکانی نێوان ئەو دوو حیزبە بە چارەسەرنەکراوی ماوەتەوە.

دانا جەزا، ئەندامی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی عێراق، نایشارێتەوە عادل عەبدولمەهدی زیاتر لە جارێک داوای لێکردوون، ناوێکی بدەنێ کە کۆدەنگیی هەموو فراکسیۆنە کوردستانییەکانی لەسەر بێت و دەشڵێ: "بۆچوونی پارتی ئەوەیە ئەو کەسەی بەربژێر دەکرێت هەموو هێزە کوردستانییەکان لەسەری کۆک بن و کەسێکی بێلایەن بێت، بەڵام دەکرێت ئەو کەسە بێلایەنە یەکێتی دیاری بکات".

ئەو ئەندامەی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی عێراق، خاڵی ناکۆکیی حیزبەکەی لەگەڵ یەکێتی لەبارەی بەربژێری وەزیری داد ئاشکرا دەکات و دەڵێ: "ئەو بەربژێرانەی تاوەکو ئێستا خراونەتە بەردەم پارتی کادری حیزبین، ئێمە بەلامانەوە گرنگە کەسێکی بێلایەن ئەو پۆستە وەربگرێ".

وەزیری داد وەک پارێزگاری کەرکووک ئاڵۆز نییە لە نێوانمان

بەرپرسێکی یەکێتی

لە ئەگەری نەسازانی پارتی و یەکێتی لەسەر دەستنیشانکردنی بەربژێری ئەو پۆستە، دانا جەزا پێیوایە دوو ڕێگا زیاتر لەبەردەم هەردوولا نییە "یان ئەوەتا هەر لایەک ناوێک بدەنە عادل عەبدولمەهدی تاوەکو بیداتە پەرلەمان و هەرلایەنێک بۆ خۆی لۆبی بۆ بکات، یان ئەوەتا بگەینە ڕێککەوتن لەسەر ناوێک، ئێمە دەمانەوێ بە ڕێککەوتن بێت". دانا جەزا گەشبینە بەوەی لەگەڵ یەکێتی بگەنە ئەنجامێک.

لەوەتەی کابینەکەی دەستبەکار بووە، عادل عەبدولمەهدی لەبەردەم هێرشی بەردەوامی نەیارەکانیدایە، بەتایبەتی ئەو گرووپە پەرلەمانییەی حەیدەر عەبادی و نووری مالیکی ئاراستەیان دەکەن. ئەوەش بە ئامانجی خستنی حکومەتەکەی. هەریەکە لە وەزارەتەکانی بەرگری، ناوخۆ، داد و پەروەردە بە وەکالەت بەڕێوە دەبرێن، چونکە ئەو لایەن و پێکهاتانەی وەزارەتەکانیان وەرگرتووە، ناتوانن بگەنە ئەنجامێک بۆ پێشکەشکردنی ناوی وەزیرەکانیان.



پەرلەمانتارێکی سوننە لە پەرلەمانی عێراق بە (ڕووداو) ڕاگەیاند، پێدەچێت جارێکی دیکەش پڕکردنەوەی ناوی وەزارەتە بەتاڵەکان لە کارنامەی دانیشتنی پەرلەمان دەربهێنرێتەوە "چونکە ململانێ و ناکۆکییەکە لەوە ئاڵۆزترە کە دەبینرێ".

ئەو پەرلەمانتارە کە داوای کرد ناوی بڵاونەکرێتەوە، گوتیشی: "تا ئێستا زیاتر لە 28 ناو پێشکەش بە سەرۆکوەزیران کراون، بۆ دەستنیشانکردنی کەسێک بۆ پۆستی وەزیری بەرگری، ناوەکان بەبێ ڕێککەوتن پێشکەش دەکرێن و تەنانەت سەودا و مامەڵەی کڕین و فرۆشتنیش هەیە بە پۆستە ئەمنییەکانەوە".

یەکێتی لە سەرەتاوە ناوی هەریەک لە خالید شوانی و سمکۆ محەممەدی دەهێنا بۆ ئەو پۆستە. دوای ڕێکنەکەوتنیان لەگەڵ پارتی، ناوی حاکم فارووق و حاکم ئەرکان هاتوونەتە پێشەوە بۆ وەرگرتنی ئەو پۆستە. بەڵام بەپێی زانیارییەکان، بەربژێری پەسەندکراوی خودی عەبدولمەهدی، حاکم ڕزگار محەممەدئەمینە و پارتیش تێبینی لەسەری نییە. هەر بەپێی زانیارییەکان، لە ئەگەری ڕێکنەکەوتنی لەگەڵ یەکێتی لەسەر بەربژێرێک، پارتی دەیەوێت عادل عەبدولمەهدی سەرپشک بکات لەوەی بۆ خۆی ناوێک بداتە پەرلەمان.

پۆڵاد تاڵەبانی، بەرپرسی مەڵبەندی بەغدای

دەکرێ یەکێتی کەسێکی بێلایەن بۆ ئەو پۆستە دەستنیشان بکات

پەرلەمانتارێکی پارتی

یەکێتی دەڵێ لەوبارەوە دانوستاندنمان لەگەڵ پارتی هەیە و وا دەردەکەوێ بەرەوپێشچوون هەبێت "بەڵام بە گشتی وەزیری داد لە نێوانمان وەک پارێزگاری کەرکووک ئاڵۆز نییە و چارەسەرکردنی ئەمەیان لەوانەیە ئاسانتر بێت، هەرچەندە لای ئێمە وەزیری داد و پارێزگاری کەرکووک یەک پاکێجن".

پەرلەمانتارەکەی پارتی و بەرپرسەکەی یەکێتی جەخت لەوە دەکەنەوە، لێکتێگەیشتن دروست بووە لەنێوان ئەو دوو حیزبە بۆ ئەوەی تاوەکو پێش دانیشتنی پەرلەمان کە ڕۆژی پێنجشەممەیە، لەسەر یەکلاکردنەوەی وەزیری داد ڕێکبکەون.

موسەننا ئەمین، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی لە پەرلەمانی عێراق دەڵێ، پەرلەمانتارانی پارتی و یەکێتی لە بەغدا خاوەن بڕیار نین و چاوەڕوانی ڕێککەوتنی حیزبەکانیان دەکەن لە کوردستان "پارتی بەربژێری نییە، بەڵام لەوانەیە ڤیتۆی هەبێت لەسەر ئەوانەی یەکێتی، عادل عەبدولمەهدیش کێشەی زۆر ڕووی تێکردووە و چاوەڕوانی ئەو دوو لایەنە ڕێکبکەون".

# گۆڕان چاوی لە پۆستەکانی حکومەتی لۆکاڵیی هەولێر و دهۆکە



**ناسر عەلی**
**ڕووداو- دهۆک**

دوای وەرگرتنی چوار وەزارەت و جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان و یاریدەدەری سەرۆکی حکومەت بۆ کاروباری چاکسازی، بزووتنەوەی گۆڕان چاوی لەوەیە لە حکومەتی لۆکاڵیی هەولێر و دهۆکیش پۆست وەربگرێ. بەرپرسێکی پارتی لە دهۆک دەڵێت پێمانباشە بزووتنەوەی گۆڕان لە حکومەتی لۆکاڵیی دهۆکیش پۆستی هەبێ.

بەپێی زانیارییەکان، پارتی دیموکراتی کوردستان و بزووتنەوەی گۆڕان لەسەر ئاستی باڵا باسی بەشداریی گۆڕانیان لە حکومەتی لۆکاڵیی دهۆک و هەولێر کردووە، بەڵام بابەتەکە نەگەیشتووەتە سەر وردەکاریی ئەو پۆستانەی بە بزووتنەوەی گۆڕان دەدرێن.

سەرچاوەیەکی ئاگادار بە (ڕووداو)ی گوت: "هەر لە سەرەتای دانوستاندنەکانی نێوان گۆڕان و پارتی، گۆڕان داوای کردووە لە حکومەتی لۆکاڵیی هەولێر و دهۆک پۆستیان بدرێتێ، پارتیش لاریی لەوە نەبووە، بەڵام هێشتا قسە لەو پۆستانە نەکراوە کە دەدرێتە بزووتنەوەی گۆڕان. ئێستا تەنیا پۆستەکانی کابینەی حکومەت لە نێوان هەردوولا یەکلایی کراونەتەوە". ئەو سەرچاوەیە کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، هەروەها گوتی: "بەهۆی هەڵوێستی گۆڕان بۆ بەشداری لە حکومەت و پابەندبوونی بەو ڕێککەوتنە سیاسییەی لەگەڵ پارتی هەیەتی، پارتی پێی باشە بزووتنەوەی گۆڕان لە حکومەتی لۆکاڵیی هەولێر و دهۆکیش پۆست وەربگرێ".

لە دوایین هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکاندا، بزووتنەوەی گۆڕان لە هەولێر سێ کورسی و لە دهۆکیش یەک کورسی بەدەستهێنا. دوای ئەوەی بەشداریی کابینەی هەشتەمیان کرد، چەند پۆستێکیان لە ئیدارەی پارێزگای هەولێر وەرگرت، بەڵام دوای تێکچوونی پەیوەندیی نێوان پارتی و بزووتنەوەی گۆڕان و دەرکردنی وەزیرەکانیان لە حکومەت و ڕێگری لە گەڕانەوەی یوسف محەممەد، سەرۆکی پێشووی پەرلەمان بۆ هەولێر، پۆستەکانی ئیدارەی پارێزگای هەولێریشیان لێ سەندرایەوە.

پێمان باشە گۆڕان لە دهۆکیش پۆست وەربگرێ

پارتی

سۆزە عەبدولقادر سەرپەرشتیاری حکومەتە خۆجێییەکان لە ژووری پەرلەمان و حکومەتی بزووتنەوەی گۆڕان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ئەوەندەی ئێمە ئاگادارین لە دانوستاندنەکانی نێوان بزووتنەوەی گۆڕان و پارتیدا باسی پۆستەکانی حکومەتە خۆجێییەکانی هەولێر و دهۆک نەکراوە، بەڵام بەبێ ئەوەش ئیستحقاقی ئێمەیە لە دهۆک و هەولێر پۆست وەربگرین، چونکە ئەندامامان لە ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەردوو پارێزگادا هەیە".

گوتیشی: "ئەو پرسە دەکەوێتە دوای پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەت".

دکتۆر نەوزاد بامەڕنی، بەرپرسی پەیوەندی و هاوئاهەنگی لە لقی یەکی پارتی لە شاری دهۆک لەوبارەوە دەڵێت، ئاگادار نین لە دهۆک پۆست بە بزووتنەوەی گۆڕان بدرێ "بەڵام پێمان خۆشە لە دهۆک پۆست بە هەموو لایەنەکان بدەن، چۆن پێشتر پۆستمان بە یەکگرتوو داوە، ئاساییە پۆست بە گۆڕانیش بدەین".

دوای هەڵبژاردنی 2014، پارتی لە دهۆک نزیکەی 21 پۆستی لە یاریدەدەری پارێزگار، بەڕێوەبەری ناحیە، بەرپرسی فەرمانگە و بەڕێوەبەری گشتی دایە یەکگرتووی ئیسلامی. ئەو بەرپرسەی پارتی لە دهۆک دەڵێت: "ئێمە لە کارکردن لەگەڵ لایەنەکانی دیکە تەجروبەیەکی باشمان هەبووە، ئەو یەکگرتووانەی لە حکومەتی لۆکاڵیی دهۆکن ڕۆڵێکی باشیان هەبووە. هەرچەندە ئێستا یەکگرتوو بووەتە ئۆپۆزیسیۆن، بەڵام هیچ بڕیارێک نییە ئەو پۆستانەیان لێوەربگیرێتەوە".

موئەید ئەحمەد، بازێرڤانی مەکۆی گۆڕان لە دهۆک دەڵێت هەرچەندە ئاگادار نییە هیچ پۆستێک لە حکومەتی لۆکاڵیی دهۆک وەربگرن، بەڵام هەر کاتێک بابەتەکە ببێتە جددی ئەوە بۆ هەموو پۆستێک خەڵکی بەتوانایان هەیە.

ئەو بەرپرسەی گۆڕان لە دهۆک باسی شێوازی بەشدارییان لە حکومەتی لۆکاڵی کرد و گوتی: "ئەگەر تەنیا بەشداریکردن و ڕازیکردن بێت و دەسەڵاتمان نەبێت، ئەوە باش نییە، نامانەوێ بەشدارییەکەمان وەکو یەکگرتوو بێ کە تاوەکو ئێستاش پێنج پۆستیان پێنەداون".

کاردانەوەی توندی لێدەکەوێتەوە

# بانگخوازێکی ئێرانی کورد تووڕە دەکات

**ڕووداو- هەولێر**

محەممەد تەوحیدی، ئیمامێکی شیعە لە ئوسترالیا، ڕووبەڕووی کاردانەوەی توندی بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بووەوە، ئەوان تۆمەتباری دەکەن بەوەی لەسەر گرتەیەکی ڤیدیۆیی کە لە دهۆک تۆمارکراوە، سووکایەتی بە هەموو کورد کردووە. ئیمامەکە ڕەتیدەکاتەوە تویتەکەی باسی هەموو کورد بووبێ.

ئیمام محەممەد، لە دایکبووی شاری قومی ئێران، خۆی بە چاکسازیخوازی ئیسلامی لەقەڵەم دەدات، بەڵام لە تویتێکی ڕۆژی 17ی حوزەیراندا لەسەر گرتەیەکی ڤیدیۆیی کە لە جەژنی لەدایکبوونی شێرێکی مێدا تۆمار کراوە، نووسیویەتی "ئەم خەڵکە شایانی دیکتاتۆری وەک ئەردۆغان و سەدام حوسێنن کە وەک زبڵ مامەڵەیان لەگەڵ دەکەن. ئەوەش لەبەر ئەو شێوازی مامەڵەکردنەیان لەگەڵ ئاژەڵان. ڕەنگە هەر ئەمە هۆکار بێ کە ئەو نەتەوانەی زیاترین پێشێلکاری لەگەڵ ئاژەڵەکان دەکەن، زیاترین مەینەتیشیان بەسەردا دێ. ترسنۆکی لاواز".

سەرەتای ئەم مانگە لە ڤیدیۆیەکدا کە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاوبووەوە، چەند کەسێک لە دەوروبەری شێرێکی مێ کۆبوونەتەوە و یەکێک لە ئامادەبووان لە پڕ کێکێکی لە دایکبوون دەکێشێ بە دەموچاوی شێرەکەدا. گرتە ڤیدیۆییەکە کاردانەوەی توندی ئاژەڵپارێزەکانی لێکەوتەوە. ئەوکات شێخ بڵند بریفکانی، خاوەنی شێرەکە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ئەوان جەژنی لەدایکبوونیان بۆ شێرە یەک ساڵانەکە ڕێکخستبوو، قەت نایەوێ ئازاری پێبگەیەنێ.

کۆمەڵەی گەنجانی کوردی سیدنی لە ڕاگەیەندراوێکدا ئیدانەی تویتەکەی ئیمام محەممەد تەوحیدییان کرد کە لە بەشێکیدا هاتووە: "هەرچەندە ئێمە پشتگیری لەو جۆرە ڕەفتارانە و هیچ پێشێلکارییەک بەرامبەر ئاژەڵان ناکەین، بەڵام نابێ ئەوەمان بیربچێ کە کرداری یەک تاکەکەس بە ناوی نەتەوەیەکەوە نەکراوە، ئێمە بە توندی لەدژی بەیاننامەکەی ئەو ئیمامەین لەسەر تویتەر".

ئیمامە بەڕەچەڵەک ئێرانییەکە لە ماڵپەڕە تایبەتەکەیدا خۆی بە "کەسێکی ئەکادیمی ئیسلامیی ئوسترالی، بیرمەند، فێرکار و گوتاربێژی ئیسلامی و دەنگێکی کاریگەری بزاوتێکی جیهانی بۆ چاکسازیی ئیسلامی" پێناسە دەکات. بەگوێرەی زانیارییەکانی ماڵپەڕەکە، عەبدولموتەلیب تەوحیدی باوکیشی لە ڕۆژئاوای ئوسترالیا ئیمام بووە و یەکەم کەسیش بووە حوسەینییەیەک لە ئوسترالیا دروستبکات.

تەوحیدی ساڵی 2007 لە حەوزەی قوم دکتۆرای خوێندووە، ساڵی 2012 وانەی فیقە و بنەماکانی ئیسلامی لەلای ئایەتوڵڵا سەید سادق شیرازی خوێندووە و لە ساڵی 2013 گوازراوەتەوە بۆ کەربەلا. ئیمامە ئێرانییەکە کە پلەی حوجەتولئیسلامی هەیە، لە ساڵی 2015 وە گەڕاوەتەوە ئوسترالیا.

کاردانەوەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان مەلا ئێرانییەکەی هێنایە جواب، لە یەکێک لە وەڵامەکانیدا دەنووسێ: "دوو وشەی یەکەم بخوێننەوە: ئەم خەڵکە. ئینجا من ئاماژەم بە ڤیدیۆی ئەم خەڵکە داوە، تویتەکەی من ناڵێ کورد یان خەڵکی کوردستان (پوورەکانی من شوویان بە کورد کردووە). هەروەها تویتەکە باسی ئەوانە دەکات کە مامەڵەی خراپ لەگەڵ ئاژەڵەکان دەکەن. بێگومان باسی هەموو کورد ناکات. سوپاس".

ئەو وەڵامەی ئیمام بەکارهێنەرانی تۆڕی کۆمەڵایەتی هێور نەکردەوە، ڕەخنەگرەکان بەشی کۆتایی تویتەکەیان وەک بەڵگە هێناوەتەوە کە تێیدا ئیمام تەوحیدی باسی نەتەوەکان دەکات. لە تویتێکی 20ی حوزەیراندا دیارە ئیمامە ئێرانییەکە تووڕە بووە، بۆیەش لە وەڵامی یەکێک لە بەکارهێنەراندا دەنووسێ: "لە کوێی تویتەکەمدا گوتوومە: هەموو نەتەوەی کورد؟ درۆ مەکە. پەلکێشی دادگام دەکەن؟ ڕوون و ئاشکرا دیارە کە زانیاریت لەبارەی چۆنێتی کارکردنی یاسا سفرە. سەرکەوتوو بیت لەگەڵ ئەو هەوڵەت".

ئەوە یەکەمجار نییە ئەو ئیمامە لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هەرا بنێتەوە. ساڵی 2018 لە تویتێکدا ڕایگەیاند "لە زۆربەی حاڵەتەکاندا ئافرەتان و منداڵانی کۆچبەران ساختەن. ئەوانەی ڕزگاریان دەکەن و نایانگەڕێننەوە بۆ وڵاتەکەی خۆیان دەکرێ هاریکاری قاچاخی مرۆڤ بن".

تەوحیدی زیاتر لە 460 هەزار فۆڵۆوەری لەسەر تویتەر هەیە، تویتەکانی زیاتر باس لە پێکەوەژیانی ئایینی دەکەن. دوو ڕۆژ دوای تویتەکەی لەسەر ڕووداوەکەی دهۆک، لە بۆنەیەکی ناوەندێکی کەنەدیدا بۆ لێکۆڵینەوە لەبارەی هۆڵۆکۆست و بەرەنگاربوونەوەی دژایەتی جوو بەشدار بووە کە تێیدا وێنەی لەگەڵ نیک هاڵی، باڵیۆزی پێشووی ئەمریکا لە نەتەوە یەکگرتووەکان گرتووە.

دوایین تویتی ئیمام محەممەد تەوحیدی لە ڕۆژی یەکشەممە باسی گەشتێکی دەکات بۆ عێراق و تێیدا هاتووە: "بەرەو عێراق دەچم بۆ کۆبوونەوەی گرنگی حکومی و لێکۆڵینەوە لەبارەی ناوچە ئازادکراوەکان لە کاتی تێکشکاندنی داعشەوە. ماوەیەک لەبەر پارێزراوی خۆم لە تەکنەلۆژیا دوور دەخەمەوە. ئەگەر زۆر پێویست بکات لە شوێنێکەوە دێمەوە سەر هێڵ. تیمێکی ئەمنیی ئەمریکامان لەگەڵ دەبێ، نیگەران مەبن".



ئیمام محەممەد تەوحیدی

## 49 هەزار منداڵ لەو کەمپە دەژین

# برسێتی و نەخۆشی تەنگی بە منداڵانی کەمپی ئەلهۆل هەڵچنیوە

**ڕووداو- هەولێر**

کەمیی خۆراک، ئاوی پاک و دەرمان لەگەڵ گەرمای هاوین دۆخی کەمپی ئەلهۆلیان لە زیاتر لە 73 هەزار دانیشتووی کەمپەکە و دەسەڵاتی خۆسەری لە ڕۆژئاوای کوردستان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان سەخت کردووە. منداڵەکان کە زۆرینەی دانیشتووانی کەمپەکە پێکدێنن، پشکی گەورەی مەینەتییەکەیان بەردەکەوێ.

بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی نەتەوە یەکگرتووەکان، تا ناوەڕاستی ئەم مانگە 73 هەزار کەس لە کەمپی ئەلهۆل لە پارێزگای حەسەکەی ڕۆژئاڤای کوردستان نیشتەجێ بوون. بەرپرسانی نەتەوەیەکگرتووەکان و ئیدارەی خۆسەریش بە ڕۆژنامەی (واشنتن پۆست)ی ئەمریکییان ڕاگەیاندووە کە لەو ژمارەیە 49 هەزاریان منداڵن، لەناو منداڵەکانیشدا تەمەنی ٪95یان لە خوار 12 ساڵە. 20 هەزار منداڵی خوار تەمەن پێنج ساڵی لە کەمپەکەدا دەژین، سێ هەزار منداڵی بێ دایک و باوکیش لەو کەمپەدان.

> ڕۆژانە چوار منداڵ لە کەمپی ئەلهۆل تووشی بەدخۆراکی دەبن
>
> پزیشکێکی مانگی سوور

ڕەمەزان زاهیر، بەرپرسی نەخۆشخانەی مانگی سوور لە ناوچەکە، بە ڕۆژنامە ئەمریکییەکەی ڕاگەیاندووە کە سەدان منداڵ نەخۆشکەوتوون، زۆربەی حاڵەتەکانیش سکچوونن. ستافی تەندروستی ناوچەکەش دەڵێن حاڵەتەکانی بەدخۆراکی و بێخۆراکی ڕوویان لە زیادبوونە. کەمپی ئەلهۆل لەسەر ڕووبەری 1.5 میل چوارگۆشە دروستکراوە و نزیکەی 13 هەزار چادری تێدایە.

زۆرینەی دانیشتووانی کەمپەکە خێزانی چەکدارانی داعشن کە لە دوای کەوتنی باغۆز لە نەورۆزی ئەمساڵ لەو کەمپە جێگیرکراون. منداڵی ئەو خێزانانە بۆردومان و شەڕی سەخت و ئاوارەیی شارە و شاریان ئەزموون کردووە. خێزان و منداڵەکانی ئەو کەمپە لەلایەن کۆمەڵگاکانیانەوە وەرناگیرێنەوە، بۆیە چارەنووسێکی نادیار لە کەمپێکی ئاخنراودا چاوەڕێیان دەکات.

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە، لە کەمپەکەدا هیچ خوێندنگایەک نییە، بۆیە منداڵەکان تەنیا پەروەردەی خێزانە ڕادیکاڵەکانیان وەردەگرن. نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕاپۆرتێکدا دەڵێت 11 هەزار منداڵی نێوان 6 بۆ 8 ساڵ لە پێنج ساڵی ڕابردوودا هیچ جۆرە پەروەردەیەکیان وەرنەگرتووە.

ژمارەیەکی زۆر لە خێزانەکان و منداڵەکانیان بە سکی برسییەوە گەیشتبوونە کەمپەکە، هەندێکیشیان لە کاتی لەدایکبوونیان لە کەمپدا ڕووبەڕووی برسێتی بوونەتەوە. هەروا یەکێکە لەو منداڵانە کە بێ هەست و خوست لە باوەشی دایکیدایە، ئێسقانەکانی لەشی دەرچوون و تەنانەت هێزی گریانیشی بە بەرەوە نییە. هەروا چەند ڕۆژێک دوای گەیشتنی دایکی بۆ کەمپەکە هاتووەتە دونیا.

عەنتەر سینۆ، پزیشکی منداڵان لە بنکە تەندروستییەکەی مانگی سوور، لە لێدوانێکدا بۆ (واشنتن پۆست) ئاشکرای دەکات کە ڕۆژانە چوار منداڵی لەوجۆرەیان بۆ دێ، چونکە دایکیان خواردنی پێویست ناخۆن، بۆیەش شیری پێویستیان بۆ تێرکردنی منداڵەکانیان نییە. دایکی هەروا دەڵێت لەوەتەی منداڵەکەی بووە شیری نییە. عەنتەر لەزگەیەکی سوور لە دەوری باسکی هەروا دەدات کە ئاماژەیە بۆ ئەوەی منداڵە دوو مانگییەکە بەدەست بەدخۆراکییەوە دەناڵێنێ.

هەوڵی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان پەرەیان سەندووە. کۆمیتەی نێودەوڵەتیی خاچی سوور سەرقاڵی کردنەوەی نەخۆشخانەیەکی مەیدانی و پڕکەرەستەیە. ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانیش ئامادەکاری دەکات بۆ ئەوەی کلۆرین بۆ پاککردنەوەی ئاوی کەمپەکە دابین بکات.

چالاکڤانە نێودەوڵەتییەکان دەڵێن زۆر کەم ڕوودەدات لە کەمپێکی ژێر چاودێریی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی حاڵەتی بەدخۆراکی ئاوها سەخت ڕووبدات. ئەمجەد یەمین، ئەندامی منداڵپارێزان، بە ڕۆژنامە ئەمریکییەکەی ڕاگەیاندووە، هۆکاری زۆربوونی ئەو حاڵەتە لە کەمپی ئەلهۆل بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەوان پێش ئۆپەراسیۆنی باغۆز پێیانگوترابوو 10 هەزار کەسی مەدەنی ڕوو لە کەمپەکە دەکەن، کەچی زیاتر لە 60 هەزار کەس بە لێشاو ڕژانە ناو کەمپەکە، لە کاتێکدا پێشتریش نزیکەی 9000 عێراقی لەو کەمپە بوون.

یەمین ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە 8000 منداڵی بیانی لە کەمپەکەن، ژمارەیەکیان لە ژێر دەسەڵاتی داعش لەدایکبوون و ئەوەی دیکەشیان دایک و باوکیان لەگەڵ خۆیان هێناویانن. بەشێک لەو منداڵانە دایک و باوکیان نەماوە، بەرپرسانی کەمپیش سەریان لێ شێواوە کە ئەو منداڵانە دەبێ منداڵی کێ بن و دایک و باوکیان خەڵکی چ وڵاتێک بن. چونکە ژمارەیەکیان زۆر کەم تەمەنترن لەوەی بزانن خەڵکی کوێن، ژمارەیەکی دیکەشیان بە زمانێک قسە دەکەن کە ستافی کەمپ لێی تێناگەن.

عەبدولکەریم عومەر، بەرپرسی بەشی پەیوەندییەکانی دەرەوەی ئیدارەی خۆسەری، بە ڕۆژنامە ئەمریکییەکەی ڕاگەیاندووە، زۆربەی وڵاتەکان ئامادە نین ئەم ژنانە و منداڵەکانیان وەربگرنەوە. بە گوتەی بەرپرسەکە 20 هەزار منداڵی عێراقی لە کەمپەکەدان و ئیدارەی خۆسەری هیواخوازە حکومەتی بەغدا وەریانگرێتەوە، هەتا ئێستا 5 هەزار دانیشتووی عێراقیی کەمپەکە ئارەزوومەندانە گەڕاونەتەوە وڵاتی خۆیان و ئیدارەی خۆسەری ئامادە نییە بە زۆر بیاننێرێتەوە.

زۆربەی هەرە زۆری کەسە پێگەیشتووەکانی کەمپەکە ئافرەتن، ئەمانە هاوژینەکانیان یان کوژراون یان لەنێو ئەو 6000 چەکدارە داعشەدان کە لە گرتووخانەکانی هێزەکانی سووریای دیموکرات دەستبەسەرن.

منداڵەکان لە دۆخی سەختی کەمپی ئەلهۆلدا دەناڵێنن، بەڵام دایکەکان ئاسەواری پەشیمانییان پێوە دیار نییە. ئافرەتێکی ئەڵمان کە هاتووەتە سەر ئایینی ئیسلام و کچە 18 مانگانەکەی هێناوەتە بنکەی تەندروستی، بە ڕۆژنامە ئەمریکییەکە دەڵێ: "لە ئەڵمانیا لە هەموو شوێنێک چاوت بە خواردنەوە کحولییەکان دەکەوت، لە هەموو شوێنێک مادەی هۆشبەر هەبوو، تەلەفزیۆن مێشکی تێکدەدای. من نامەوێ منداڵەکەم بەو شێوەیە گەورە ببێ".

منداڵی ئافرەتەکە چەند هەفتەیەکە بەدەست سکچوونەوە دەناڵێنێ، دایکەکەش گلەیی لە کەمیی دەرمان هەیە، بەو حاڵەشەوە دەڵێ: "هیچ ماڵێک نییە منداڵی نەخۆشی تێدا نەبێ". کچەکەی دیکەی تەمەنی چوار ساڵە و لە ئەڵمانیا لەدایکبووە، دەموچاوی لەناو تۆز و خۆڵی کەمپەکەدا ون بووە و زوو زوو پەنجەی لەسەر ئەژنۆی دایکی دادەگرێ. کچە نەخۆشەکەش لەتاو ئازار خۆی لە باوەشی دایکیدا گرمۆڵە کردووە.



پشکی گەورەی مەینەتییەکانی کەمپی ئەلهۆل بەر منداڵان کەوتووە (فۆتۆ: AFP)



### پێکهاتەی کەمپی ئەلهۆل:

| | |
|---|---|
| 73 | هەزار کەسی تێکدایە |
| 49 | هەزاریان منداڵن |
| 20 | هەزار منداڵیان تەمەنیان لە پێنج ساڵ کەمترە |
| 20 | هەزار منداڵی کەمپەکە عێراقین |
| 11 | هەزار منداڵی تەمەن 7-8 ساڵ پەروەردەیان نەبینیوە |
| 8000 | منداڵی بیانی لە کەمپەکەن |
| 5000 | عێراقی بە ئارەزووی خۆیان ڕەوانە کراونەتەوە |

# مووسڵی پاش داعش .. خیانەت، تاوان و قین

**ڕووداو- هەولێر**

پاش نزیکەی دوو ساڵ لە کۆنترۆڵکردنەوەی مووسڵ، بەرەبەرە ئاسەواری ئەو بێمتمانەیی، خیانەت و بێزارییە دەردەکەوێ کە داعش لە سێ ساڵی دەسەڵاتی خۆیدا لە شارەکە چاندبووی. بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی ئاژانسی (فرانس پرێس)، ئەو حاڵەتە تەنانەت خێزانەکان و کەسە نزیکەکانی مووسڵیشی گرتووەتەوە و مەترسی لەسەر تانوپۆی کۆمەڵایەتیی شارەکە دروستکردووە.

چەند ساڵێک دەبێ هەیسەم سالم لەگەڵ خوشکەکەی قسەی نەکردووە، هۆکارەکەشی کێشەیەکی ئاسایی خێزانی نییە. کاتێک داعش دەستی بەسەر مووسڵدا گرت، هەیسەم ڕایکرد، بەڵام خوشکەزاکەی لەگەڵ چەکدارە جیهادییەکان کەوت.

ژمارەیەک لە خێزانەکانی مووسڵ کە یەکێک یان چەند کەسێک لە ئەندامەکانیان چوونەتە پاڵ داعش، ئێستا لەناو شارەکەدا و لەلایەن دراوسێ و هاوڕێکانیان وەک بێگانە سەیر دەکرێن و خەڵک خۆیان لێ دوور دەگرن. هەیسەم و خوشکەکەی لەو جۆرە کەسانەن کە هەتا ئێستاش نێوانیان نییە.

کاتێک داعش دەستی بەسەر مووسڵدا گرت، هەیسەم بەرەو هەرێمی کوردستان ڕایکرد و خوشکەکەی و منداڵەکانی لە مووسڵ مانەوە. هەیسەم، تەمەن 34 ساڵ، بە ئاژانسە فەرەنسییەکە دەڵێ: "ئەو هەتا ئێستاش لۆمەم دەکات کە بۆچی هەواڵیم نەپرسیوە، بەڵام جیهادییەکان مۆبایلیان قەدەغە کردبوو، منیش نەمدەزانی چۆن پەیوەندی پێوە بکەم".

داعش لە ماوەی کەمتر لە هەفتەیەکدا دەستی بەسەر مووسڵدا گرت، لە چەند مانگی یەکەمی دەسەڵاتی خۆیدا بەسەر شارەکەدا هەوڵی دا شەریعەتی ئیسلامی بچەسپێنێ و دامەزراوەی بیرۆکراتی لەو شارە دابمەزرێنێ کە بەشی زۆریان لەلایەن خەڵکی شارەکەوە بەڕێوەدەبردران، ژمارەیەک لە خەڵکی شارەکەش چەکدار و ئەندامی چالاکی ڕێکخراوەکە بوون.

لەو کاتەدا بوو کە خوشکەزاکەی هەیسەم چووە ریزەکانی داعشەوە و ئێستا هیچکەس سۆراخی نازانێ. دایکی ئەو چەکدارەش کە بەهۆی کوڕەکەیەوە بە چاوی سووکەوە سەیر دەکرێ، ڕێگەی پێنادرێ بگەڕێتەوە گەڕەکەکەی جارانی خۆیان. هەیسەم دەڵێت: "ڕاستییەکەی ئێمە هەتا ئێستاش نازانین خوشکەزاکەم چی بەسەر هاتووە و هێزە ئەمنییەکانیش ڕێگە بە خوشکم نادەن بگەڕێتەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆی".

> **ئافرەتێکی مووسڵاوی:**
>
> ڕەوشی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕەوشی ئاوەدانکردنەوەی شارەکە خراپترە

### قینێکی زۆر

یەکێک لە هەنگاوە ئەمنییەکانی داعش بۆ بەهێزکردنی شوێنی خۆی لە شارەکە سنووردارکردنی پەیوەندی و هاتوچۆ لەگەڵ ناوچەکانی دەرەوەی "خەلافەت" بوو. داعش داوای لە دانیشتووانی شارەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی کردبوو ئەگەر خزم و دراوسێکانیان پابەندی یاساکان نەبوون ڕاپۆرتیان لەسەر بنووسن.

ڕەغد عەلی، تەمەن 30 ساڵ، بە ئاژانسەکەی گوتووە، بێمتمانەیی ئەو کات هەتا ئێستاش باڵی بەسەر شارەکەدا کێشاوە، لە کاتێکدا خێزانەکەی خۆی هێشتاش هەر لە شۆکدان کە بۆچی ئامۆزاکەیان لەگەڵ داعش کەوت. ڕەغد کە بێکارە، لەوبارەیەوە دەڵێ: "دوای ڕزگارکردن، شوێنی خۆشاردنەوەی جارانی ئەوم پیشانی هێزە ئەمنییەکان دا، لە دوای ئەوە پەیوەندی من و مامم تێکچوو".

مووسڵ دوای ئۆپەراسیۆنێکی نۆ مانگە لە ڕۆژی 20ی تەمووزی 2017 ڕزگار کرا. لەو کاتەوە شارەکە هەندێک پرۆژەی ئاوەدانکردنەوەی تێدا جێبەجێ کراوە، بەڵام بەشی زۆری گەڕەکەکان نوقمی خۆڵ و خاشاک و تەرمی نەدۆزراوە و بۆمبی پووچەڵ نەکراوەن. وەک ئوم عەلیش بە ئاژانسە فەرەنسییەکە دەڵێ، ڕەوشی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیش لە ڕەوشی ئاوەدانکردنەوەی شارەکە خراپترە.

ئوم عەلی بۆ ماوەی سێ ساڵ لە یەکێک لە گەڕەکانی مووسڵ گیری خواردبوو، لە کاتێکدا خوشکەکەی لە گەڕەکێکی دیکە بوو. کاتێک چەکدارانی داعش خوشکەزاکەیان لە سێدارەدا، ئوم عەلی نەیتوانی بۆ دڵنەوایی سەردانی خوشکەکەی بکات.

کاتێک گەڕەکەکانیان ئازاد کرا، ئوم عەلی بە پەلە خۆی گەیاندە خوشکەکەی بۆ ئەوەی پێکەوە شینی زامێکی کۆن بکەن، بەڵام وەک ئوم عەلی دەڵێ، خوشکەکەی نەدەچووە مێشکییەوە کە گەڕەکەکەیان لەلایەن چەکدارانی داعشەوە گەمارۆ درابوو "منی لە ماڵەکەی دەرکرد، نازانم ئەو هەموو قینە چییە لە نێوان خەڵکی مووسڵدا دروستبووە، دوای هەموو ئەو شتانەی پێیدا ڕۆیشتین، دەبێ زیاتر هاوخەم و هاوسۆزی یەکدی بین".

### چارەسەری ناکۆکییەکان

ململانێی تایفی و شەڕی ناوخۆییە یەک لەدوای یەکەکان چەندین دەیەیە بەرۆکی کۆمەڵگای عێراقییان گرتووە. بەهۆی ڕووداوەکانی دەیە و نیوی ڕابردووی ئەو وڵاتەش ململانێ و ناکۆکییەکان چیدی تەنیا لە نێوان پێکهاتە جیاجیاکاندا نین، بەڵکو دزەیان کردووەتە ناو پێکهاتەکانەوە.

لە دوای داعش سەدان هەزار عێراقی لە کەمپی ئاوارەکاندا ژیان دەگوزەرێنن، ژمارەیەکی زۆریشیان گومان دەکرێ پەیوەندییان بە گروپە جیهادییەکەوە هەبووبێ. گەڕانەوەی ئەو ئاوارانە بۆ سەر ماڵ و حاڵی خۆیان پێویستی بە مۆڵەتی هێزە ئەمنییەکانە.

موحسین سابر، دووکاندار لە ناوەڕاستی مووسڵ و تەمەن 26 ساڵ، دەڵێت ئەرکی حکومەتی عێراقە "ڕێوشوێنی پێویست بگرێتەبەر" بۆ ئەوەی ئەو کێشە گەورانە چارەسەر بکات. موحسین دەڵێ: "پێویستە کێشەی خێزانە جیهادییەکان چارەسەر بکرێ، ئەوانەی دەستیان لە تاواندا هەبووە حوکم بدرێن و ئەوانەی دیکەیان تێکەڵ بە کۆمەڵگا بکرێنەوە. هەندێکیان بەڕاستی هیچ پەیوەندییان بە داعشەوە نییە و تەنانەت دژی ئەوەش بوون کە خزم و کەسیان ببێتە جیهادی".

شێخ عەلی تەمیمی، کەسایەتییەکی باڵای هۆزی تەمیم، پێیوایە هۆزەکانی عێراق دەتوانن ڕۆڵی ناوبژیوان بگێڕن و بەگوێرەی ڕاپۆرتەکەش هەندێک لە هۆزە سوننەکان خەریکن ڕێگە بۆ گەڕانەوەی هەندێک لە خێزانەکان خۆش دەکەن. شێخ عەلی لەوبارەوە دەڵێ: "نابێ دایک، باوک، هاوژین یان منداڵی جیهادییەک کە پشتگیریان لە داعش نەکردووە، لۆمە بکرێن".

ئەمەل محەممەد، چالاکڤانی مافەکانی مرۆڤ لە مووسڵ جەخت دەکاتەوە لەوەی دەبێ کۆمەڵگای مەدەنی بەشێک بێ لە پرۆسەی چارەسەری، بۆ ئەوەی ڕووداوەکانی ڕابردوو جارێکی دیکە باڵ بەسەر شارەکەدا نەکێشن.

ئەمەل بە ڕاپۆرتەکە دەڵێ: "مووسڵ پێویستی بە پرۆگرامێکی پەروەردەیی مەدەنییە کە لە زانکۆکان و خوێندنگاکاندا جێبەجێ بکرێ، بۆ ئەوەی ئەو بۆچوونە ڕادیکاڵانە بسڕدرێنەوە، ئەگینا بەو بێکارییەی ئێستا و بەو گەندەڵییەی حکومەت تیرۆریستان جارێکی دیکە دەتوانن ئەندام کۆبکەنەوە".



(فۆتۆ: AFP)

## هەڵبژاردنی ئیستەنبوڵ..

# یەکەمین شکستی گەورەی ئاکپارتی پاش 17 ساڵ لە سەرکەوتن

**ڕووداو- هەولێر**

بەگوێرەی ئەنجامە بەراییەکانی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی گەورە شارەوانیی ئیستەنبوڵ، ئەکرەم ئیمامئۆغڵو، بەربژێری پارتی گەلی کۆماری (جەهەپە)، بۆ جاری دووەم و بە سەرکەوتنێکی گەورەتر لەوەی پێشوو شکستی بە بیناڵی یڵدرم، بەربژێری پارتی داد و گەشەپێدان (ئاکپارتی) هێنا. بەو پێیەش کۆتایی بە زیاتر لە چارەکە سەدەیەک دەسەڵاتی ئاکپارتی و هاوپەیمانەکانی بەسەر گەورە شارەوانیی ئیستەنبوڵدا هات.

ئیمامئۆغڵو لە هەڵبژاردنی 31ی ئاداری ئەمساڵدا بە جیاوازیی تەنیا 13 هەزار دەنگ سەرکەوتنی بەسەر ڕکابەرەکەی خۆی لە ئاکپارتی بەدەستهێنابوو، بەڵام لە هەفتەی یەکەمی مانگی ڕابردوودا ئەنجامەکان هەڵوەشێنرانەوە. دەستەی باڵای هەڵبژاردنەکانی تورکیا ڕۆژی 23ی حوزەیرانی بۆ دووبارەکردنەوەی هەڵبژاردنی گەورە شارەوانیی ئیستەنبوڵ دیاریکرد.

لە هەڵبژاردنەکەی ڕۆژی یەکشەممەدا ئیمامئۆغڵو بە جیاوازیی زیاتر لە 766 هەزار دەنگ سەرکەوتنی بەسەر یڵدرمدا تۆمار کرد. بەو پێیەش جیاوازیی نێوان دەنگەکانی ئیمامئۆغڵو و یڵدرم 58 هێندەی هەڵبژاردنەکەی مانگی ئادارە. بەم سەرکەوتنە، دوای نزیکەی 30 ساڵ سەرۆکایەتی گەورە شارەوانیی ئیستەنبوڵی بۆ پارتی کۆماری گەڕاندەوە. لە ساڵی 1989 کاندیدی پارتێکی هاوپەیمانی جەهەپە پۆستەکەی بەدەستهێنا.

بەپێی ئەنجامە بەراییەکان ئیمامئۆغڵو لە هەڵبژاردنەکەی ئەمجارەدا دوای کردنەوە و ژماردنی 95%ی سندووقەکان 53.6%ی دەنگەکانی هێناوە و ڕکابەرەکەی لە ئاکپارتی 45.4%ی دەنگەکانی برد.

یڵدرم کاتێکی زۆری بە فیڕۆ نەدا و دوای دەرچوونی ئەنجامە سەرەتاییەکان پەیامی پیرۆزبایی بۆ ڕکابەرەکەی نارد کە تێیدا هاتووە: "ئێستا ڕکابەرەکەی من لە پێشە، پیرۆزبایی لێدەکەم و هیوای هەموو بەختێکی باشی بۆ دەخوازم. هیوام وایە ئیمامئۆغڵو بە باشی خزمەتی ئیستەنبوڵ بکات".

هەڵبژاردنی سەرۆک شارەوانیی ئیستەنبوڵ بۆ ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆکی تورکیا، حوکمی گشتپرسییەکی هەبوو لەبارەی پێگەی خۆی و حیزبەکەی لە ئیستانبوڵ کە گەورەترین گەورە شارەوانیی تورکیایە و 30%ی ئابووریی تورکیا لەخۆدەگرێ. بۆیەش سەرکەوتن لە ئیستەنبوڵ سەرکەوتنێکی سیاسیی گەورەیە.

ئیستەنبوڵ یەکەم هەنگاوی گەورەی ئەردۆغان بوو بۆ ئەوەی بێتە ناو کایەی سیاسی و ئیداریی تورکیاوە. سەرۆکی ئێستای تورکیا لە 1994 بۆ 1998 سەرۆکی گەورە شارەوانیی ئیستەنبوڵ بوو. هەتا چەند ساڵی ڕابردووش بە مەشخەڵداری گۆڕانکاریی دۆخی ئابووری و سیاسی تورکیا لەقەڵەم دەدرا، بەڵام هەنگاوەکانی لە سێ ساڵی ڕابردوودا ڕەخنەگرانی گەیاندە ئەو بڕوایەی تورکیا بەرەو وڵاتێکی داخراو دەبات.

ئیمامئۆغڵو، تەمەن 49 ساڵ، لە 2008 هاتووەتە ناو پارتی کۆمارییەوە و لە ساڵی 2009 بووە سەرۆکی لقی پارتەکەی لە گەڕەکێکی بچووکی ئیستەنبوڵ بەناوی بەیلیکدوزو. پێشتر ئیمامئۆغڵو ئەندامی بۆردی کارگێڕیی تیمی تۆپی پێی بەیلیکدوزوسپۆر بوو.

ڕەنگە یەکێک لە خاڵە هاوبەشەکانی نێوان ئەردۆغان و ئیمامئۆغڵوش هەر ئەوە بێ کە هەردووکیان خولیای تۆپی پێن و زوو زوو لە یاریگاکان ئامادە دەبن و وەک بەشێک لە تەکتیکی پاراستنی پەیوەندیی خۆیان و خەڵک بەکاریدەهێنن. بەو جیاوازییەی ئەردۆغان کە هەندێکجار بە ئیمام بەکینباوەر ناوی دەبەن، لایەنگرێکی سەرسەختی فەنەرباخچەیە و ئیمامئۆغڵو لایەنگری ترابزۆن سپۆرە. بایەخی ئیمامئۆغڵو بە تۆپی پێ یەکێک لەو خاڵانەیە کە لە نوخبەی کۆنەکاری جەهەپە جیای دەکاتەوە کە تۆپی پێ بە یارییەکی "عەوامانە" دەزانن.

ئەکرەم ئیمامئۆغڵو لە حوزەیرانی 1970 لە ترابزۆن لەسەر دەریای ڕەش لەدایکبووە، وەک بە گۆڤاری یانەی ترابزۆن سپۆرتی گوتووە، خەونی منداڵیی ئەوە بووە لەو یانەیە یاری بکات. ئەویش وەک ئەردۆغان بانگەشەی ئەوە دەکات کە یانەی پرۆفیشناڵ ویستوویانە بیبەنە ریزەکانی خۆیانەوە، بەڵام بەدەمیانەوە نەچووە. ئەردۆغان بانگەشەی ئەوەی کردووە کە فەنەرباخچە دووجار هەوڵی گرێبەستی لەگەڵ دابوو.


ئیمامئۆغڵو و هاوژینەکەی لە کاتی دەنگداندا

لە هەڵبژاردنەکەی 23ی حوزەیراندا، زیاتر لە 10 ملیۆن و 560 هەزار کەس مافی دەنگدانیان هەبووە، لەو ژمارەیە 8 ملیۆن و 815 هەزار و 935 کەس دەنگیان داوە و دەنگی 8 ملیۆن و 650 هەزار کەس وەک دەنگی دروست ژمێردراوە. بەو پێیەش ڕێژەی بەشداری لە هەڵبژاردنەکەدا زیاتر لە 84% بووە.

بەپێی ئەنجامە بەراییەکان زیاتر لە 4 ملیۆن و 670 هەزار کەس دەنگیان بە ئیمامئۆغڵو داوە و زیاتر لە 3 ملیۆن و 904 هەزار کەسیش دەنگیان بۆ یڵدرم بووە.

هەفتەی ڕابردوو ئاژانسی (ئانادۆڵ) وردەکاریی دەستنووسێکی عەبدوڵڵا ئۆجەلان، سەرۆکی بەندکراوی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) ی بڵاوکردەوە کە تێیدا داوای لە دەنگدەرانی کورد دەکرد بێلایەنیی خۆیان لە هەڵبژاردنەکەی ئیستەنبوڵدا بپارێزن. ئاژانسی (ڕۆیتەرز) شێوەی داڕشتنی بەیاننامەکەی بە "تەمومژاوی" لە قەڵەم دا. لە هەڵبژاردنەکەی کۆتایی مانگی ئاداردا پارتی دیموکراتیکی گەلان (هەدەپە) پشتگیری لە ئیمامئۆغڵو کرد. ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ڕۆژی یەکشەممەی ڕابردوو پرسیاری نوێ لەبارەی دوایین هەڵوێستی کورد لە هەڵبژاردنەکەدا دەورووژێنن.

لە نزیک دەیە و نیوی ڕابردوودا کەم کەس هەبووە بتوانێ شان لە شانی پێگەی جەماوەریی و کاریزماتیکی ئەردۆغان بدات کە خۆی بە هێرشبەرێکی بە توانای یاری تۆپی پێ دەزانێ. ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ئەمجارە دەریدەخات ئیمامئۆغڵو بەرگەی هەموو لێدانەکانی چەند مانگی ڕابردووی ئەردۆغانی گرتووە. پرسیارە سەختەکەی کە وەڵامەکەی لە چەند مانگی دابێت دەردەکەوێ، ئەوەیە ئاخۆ ئیمامئۆغڵو بەرگەی هێرشەکانی داهاتووی ئەردۆغان و ئاکپارتی بۆ سەر سەرۆکایەتیی گەورە شارەوانیی ئیستەنبوڵ دەگرێ؟

## سام داگەر، نووسەری کتێبی "یان ئەسەد یان سووتاندنی وڵات" بۆ (ڕووداو):

# یەپەگە کە هاوپەیمانی ئەمریکایە، هێشتا ڕێککەوتنی لەگەڵ ئەسەد وەکو خۆی ماوە

سام داگەر، زیاتر لە 15 ساڵە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست وەک ڕۆژنامەنووس کار دەکات، لە ساڵانی نێوان 2012 بۆ 2014 تاکە ڕۆژنامەنووسی ڕۆژئاوایی بوو کە لە دیمەشق کار بکات، دواجار ڕژێمی سووریا دەستبەسەریان کرد و بە تۆمەتی ئامادەکردنی ڕاپۆرت لەدژی ڕژێم لە سووریا دەریانکرد.
داگەر لەگەڵ ڕۆژنامەکانی وۆڵ ستریت جورناڵ و نیویۆرک تایمز و ماڵپەڕی کریستچن ساینس مۆنیتەری ئەمریکی و ئاژانسی فرانس پرێس کاری کردووە.
لە چەند ساڵی ڕابردوودا شەڕی نێوخۆی عێراق، بەهاری عەرەبی و جەنگی لیبیای ڕووماڵ کردووە.
کتێبی "یان ئەسەد یان سووتاندنی وڵات" گەڕانەوەیە بۆ خاڵی سەرەتای شەڕی نێوخۆی هەشت ساڵەی سووریا. چیرۆکەکە بە مەناف تەلاس، ڕاوێژکاری بەشار ئەسەدی سەرۆکی سووریا دەستپێدەکات، بۆ ئەوەی بزانێ چی لەگەڵ ئەو سەرهەڵدانەدا بکرێ کە لە 2011 دا تازە چەکەرەی کردبوو. مەناف پێشنیازی پرۆسەی ئاشتەوایی کردبوو، بەڵام ئەسەد بڕیاری سەرکوتی خۆپیشاندەرانی دا.
کتێبەکەی داگەر کە 28ی مانگی ڕابردوو بڵاوکرایەوە، چیرۆکی پشت دیوارەکانی کۆشکی سەرۆکایەتی دەگێڕێتەوە کە تێیدا لە پێناوی پاراستنی دەسەڵاتی خێزانێکدا وڵاتێک نوقمی خوێن و وێرانی کرا.

هەڤپەیڤین: نامۆ عەبدوڵڵا
ڕووداو – واشنتن

**ڕووداو: کتێبەکەت کە زیاتر لە 500 لاپەڕەیە و لەبارەی خانەوادەی ئەسەدە، لەلایەن زۆر نووسەرەوە وەکو پەرتووکێکی "زۆر نایاب" وەسفکراوە. پەرتووکەکە ڕوونیدەکاتەوە کە خانەوادەی ئەسەد چ ڕۆڵێکیان هەبووە لە مانەوەی ئەسەد لە دەسەڵات. لە کاتێکدا سەیری خۆپیشاندنی وڵاتانی دیکەی وەکو میسر، تونس، لیبیا، سودان و جەزائیر دەکەی، ڕووخاندنی ڕژێمی لێکەوتووەتەوە، بەڵام ئەوە لە سووریا ڕوونەدا، پەرتووکەکەی تۆ لەوبارەیەوە چیمان پێدەڵێت؟**

**سام داگەر:** ئەوەی لە سووریا جیاوازە ئەوەیە خێزانێک پەنجا ساڵە فەرمانڕەوایی دەکات. لەو ماوەیەدا هەشت سەرۆکی ئەمریکا گۆڕاون. حافز ئەسەد ساڵی 1970 دەسەڵاتی گرتە دەست. لەو کاتەوە ئەو بنەماڵەیە حەزی مانەوە لە دەسەڵاتیان هەر ماوە، مانەوە لە دەسەڵاتدا بە هەر نرخێک بێت. خولیای مانەوە لە دەساڵاتیان کردووەتە ڕێبەرێک کە لەکاتی تووشبوونیان بە هەر ئاڵنگارییەکی نێوخۆیی یان دەرەکی، پەنای بۆ دەبەن. تا ئێستاش تێیدا سەرکەوتوو بوون و کێشە و ئاڵۆزییەکانی ناوچەکە و ڕەوشی جیۆپۆڵەتیکی ناوچەکەیان قۆستووەتەوە، باشتر لە هەر فەرمانڕەوایەکی ناوچەکە. هەر کاتێک ئاڵنگارییەکی نێوخۆیی سەریهەڵدابێت، پەنایان بۆ گەورەترین سزا بردووە. لەسەر بنەمای بیرۆکەی تۆقاندنی خەڵک و ناچارکردنیان بە دانی باجی گەورە لە حاڵەتی دژوەستانەوەیان بەرامبەر ڕژێم. ئەو بنەماڵەیە بەمشێوەیە کاریان کردووە و هەر بەو شێوەیەش سەرکەوتوو بوونە لە مانەوە لە دەسەڵاتدا.

**ڕووداو: شارەزایان دەڵێن ئەگەر 5%ی دانیشتووانی وڵاتێک خۆپیشاندان بکەن، ئەوە ئەنجامەکەی دەبێتە هۆی ڕووخاندنی دەسەڵات، ئایا دەتوانین بڵێین حکومەتی ئەسەد پێشبینییەکی نوێی داهێناوە کە خۆپیشاندەران ژمارەیان هەرچەند زۆر بن، دەتوانرێ سەرکوت بکرێن؟**

**سام داگەر:** لە ڕۆژی یەکەمی سەرهەڵدانی خۆپیشاندانەکان لە دەرعا، دەسەڵاتی سووریا هێزی بەکارهێنا. هێزە ئەمنییەکان فەرمانی کوشتنیان پێدرابوو. ئەو فەرمانەش ڕاستەوخۆ لە دیمەشقەوە هاتبوو، لەلایەن بنەماڵەی ئەسەدەوە، برای بەشار ئەسەد، ئامۆزاکانی و خودی بەشاریش ئەو فەرمانەیان دەرکرد. هەر لە سەرەتاوە بیرۆکەکە ئەوە بووە خەڵک بترسێنن. کێشەکە ئەوەبوو کاتێک خەڵکی سووریا بەربەستی ترسیان تێپەڕاند، ڕژێم کاردانەوەی توندتری نواند، وەکو دەستگیرکردنی خەڵک، ئەشکەنجەدانی خەڵک تاوەکو مردن. تەرمی هەندێک لە چالاکڤانەکان ڕادەستی کەسوکاریان کرانەوە، دوای ئەوەی لە زیندان تاوەکو مردن ئەشکەنجە درابوون. لە ڕوانگەی ڕژێمەوە ناردنەوەی ئەو تەرمانە یارمەتیدەر دەبوو بۆ بڵاوکردنەوەی ترس و تۆقاندن لەنێو خەڵکدا، بەڵام سوودی نەبوو. دواتر ڕژێم چەکی قورسی بەکارهێنا. فڕۆکەی بەکارهێنا. هەر نەیتوانی سەرکوتیان بکات، بۆیە داوای لە ئێران و حیزبوڵڵا کرد یارمەتی بدەن. کاتێک ئەوەش سەرکەوتوو نەبوو، ڕووسیا هاتە سەر خەت. ئەوە شێوازی مامەڵەی ڕژێمەکەیە، دەیانەوێ بە هەر نرخێک بێت لە دەسەڵاتدا بمێننەوە. ناونیشانی کتێبەکەم ئەوەیە یان ئەسەد لە دەسەڵاتدا دەمێنێتەوە یان وڵاتەکە دەسووتێنێ. ئەو بنەماڵەیە بەم بیرکردنەوەوە حوکمی وڵات دەکەن.

## تاوەکو ئەمڕۆش قامیشلو بەدەست ڕژێمەوەیە

**ڕووداو: بەشێکی زۆری وڵاتەکە سووتاوە، بەڵام هێشتا ئەسەد کۆنترۆڵی بەسەر تەواوی خاکی سووریادا نییە، بەشێکی وڵاتەکە لە باکوور لەژێر کۆنترۆڵی هاوپەیمانێکی ئەمریکادایە کە کوردن. چۆن ئەسەد هێرشی نەکردە سەر کورد؟**

**سام داگەر:** سەرەتای سەرهەڵدانی خۆپیشاندانەکانی سووریا، کورد بەشدار بوون، ئەو کاتەی خۆپیشاندانەکان ئاشتیانە بوون. خۆپیشاندەران لە قامیشلو هەمان درووشمیان دەگوتەوە کە خەڵکی دیمەشق، حومس و دەرعا دەیانگوتنەوە، دروشمی ئازادی و ڕزگاربوون لە دەستی ڕژێم بوون. لە کتێبەکەمدا باسی کۆبوونەوەی یەکێک لە ڕێکخەرانی خۆپیشاندانەکانم کردووە لەگەڵ سەرکردەیەکی کورد. ئەو کەسە بە سەرکردە کوردەکە دەڵێت با لە ڕۆژی نەورۆزدا بێینە ڕیزی ئێوە و هەموومان خۆپیشاندان بکەین. سەرکردە کوردەکە دەڵێ: نەخێر، شتێکی دیکە بدۆزەوە بۆ دەستکردن بە خۆپیشاندان. چونکە ساڵی 2004 ئێمە لەدژی ڕژێم لە قامیشلو خۆپیشاندانمان کرد، دوای ڕووداوی یاریگاکە، ڕژێم بە ئاگر و گوللە وەڵامی خۆپیشاندەرانی دایەوە. چەندین کورد کوژران. قسەی سەرکردە کوردەکە ئەوە بوو ئەو کات کەس پاڵپشتی نەکردن کاتێک ڕژێم کۆمەڵکوژی کردن، بۆچی ئێستا هاوکارییان بکەن؟ جۆرێک لە بێمتمانەیی لە نێوان هەردوو لادا هەبوو. بەڵام سەرەڕای ئەوەش ژمارەیەکی زۆر کورد ڕژانە سەر شەقامەکان و ناڕەزاییان دەربڕی. هەندێکیان باجی گەورەیان دا. بۆ نموونە سەرکردەیەکی وەکو میشعەل تەمۆ کوژرا. ڕژێم هەمان پەیامی هەبوو بۆ کوردی سووریا کە ناڕەزایی لە دژی ڕژێم دەرنەبڕن، چونکە باجی گەورە دەدەن. لەگەڵ زیادبوونی گوشار لەسەر ڕژێم، کاری لە پێشینەی دەستگرتن بوو بە شارە گەورەکانەوە، وەکو دیمەشق و حومس. واتە بەشی ڕۆژئاوای سووریا. ئەسەد لە چەندین بەرەوە گوشاری لەسەر بوو، دەبوو ئەولەویەتی خۆی دیاری بکات. لەو خاڵەدا ئێران و حیزبوڵڵا هاوبەشی بڕیاردان بوون لەگەڵ ئەسەد. ئەوان لەگەڵ یەپەگە لە ناوچە کوردنشینەکان ڕێککەوتن، پێیانگوتن: "ئێوە کۆنترۆڵی ئەم ناوچەیە بکەن، بەڕێوەی ببەن و نەوتەکەمان بدەنێ، پێمان بفرۆشن یان هەر چۆنێک بێت با نەوتەکە بۆ ئێمە بێت، ڕێگەمان بدەن فڕۆکەخانە لەدەستی ئێمە بێ، بنکە سەربازییەکانمان لە ناوچەکە بمێنن" لەبەرئەوەی ئەسەد چەندین تەحەدی دیکەی لەبەردەم بوون، کاری لە پێشینەشی پاراستنی دیمەشق و شارە گەورەکان بوو، بۆیە نەیخواست ڕووبەڕووی کورد ببێتەوە. لەگەڵ یەپەگە ڕێککەوت. تەنانەت ئێستاش کە یەپەگە هاوپەیمانی ئەمریکایە، ئەو ڕێککەوتنەی لەگەڵ ڕژێم وەکو خۆی ماوە. تاوەکو ئەمڕۆ ڕژێم قامیشلوی بەدەستەوەیە. هێشتا نەوت لە ناوچە کوردییەکانەوە بۆ ژێر دەستی ڕژێم بەڕێدەکرێت. تاوەکو بەمدواییانە ئەمریکا هەوڵیدا کورد قایل بکات نەوت بە ڕژێم نەفرۆشن.

## ئێستاش نەوت لە ناوچە کوردییەکانەوە بۆ ژێر دەستی ڕژێم بەڕێدەکرێت

**ڕووداو: بەمدواییە بابەتێکت لە گۆڤاری ئەتڵەنتیک نووسی لەبارەی هێنانەوەی پەیکەرەکانی ئەسەد بۆ سووریا، ئەمە ئاماژەیەک دەنێرێ کە ئێمە گەڕاوینەتەوە، ئایا ئەسەد شەڕەکەی بردووەتەوە. ئایا ئەوانەی دژی ئەسەد وەستاونەتەوە دەتوانن لە دەسەڵاتی لابدەن، یان هەموو شتێک کۆتایی هاتووە؟**

## ئەسەد لەپێناوی پاراستنی دیمەشق لەگەڵ یەپەگە ڕێککەوت

**سام داگەر:** سەرەتا با وەڵامی ئەوە بدەمەوە ئاخۆ دانانەوەی ئەو پەیکەرانە مانای بەهێزیی ئەسەدە؟ لەڕاستیدا دانانەوەی پەیکەرەکان نیشانەی لاوازییە. چونکە دەریدەخات کە تەنیا لەڕێی ترس و تۆقاندنەوە دەتوانێ حوکمی سووریا بکات. جارێکی دیکە دەزگا هەواڵگری و سەربازییەکانی بەسەر خەڵکەوەن. قسەم لەگەڵ دانیشتوویەکی دیمەشق کرد، پێیگوتم جارێکی دیکە بە زەبری پۆستاڵ حوکممان دەکەن. کەوایە ترس تاکە ڕێگەی حوکمکردنە، لەڕێی دانانەوەی پەیکەرەکانی باوکی کە خەڵک لە کاتی سەرهەڵدانەکە ڕووخاندیان، نیشانی خەڵکی دەدات کە شەڕەکەی بردووەتەوە. کاتێک سەرکەوتنی ڕاگەیاند، هیوای دەخواست گەمارۆکانی سەر وڵاتەکەی هەڵبگیرێن، بونیادنانەوە دەستپێبکات، ئێستا کە ئەوانە هیچیان ڕوویاننەدا، ڕێگەیەک بۆ ئەوەی نیشانی بدات کۆنترۆڵی وڵاتی بەدەستە دانانەوەی پەیکەرە. هەروەها بیرمان نەچێت ئەسەد تەنیا بەهۆی پاڵپشتیی دوو وڵاتی هاوپەیمانی دەتوانێ لە دەسەڵات بمێنێتەوە، ئەوانیش ئێران و ڕووسیان. بەبێ ئەو دوو وڵاتە ناتوانێ بەردەوام بێت، ئەمە چ بردنەوەیەکە؟



کەنیزەکەکانی خەلافەت..

# کچەکانیان لە ماڵی شیعەکاندا ئەتک دەکرد



چیرۆکی 23

(2-1)

ئەوزاد مەحموود
ڕووداو – دهۆک

خوێندەوارییەکەی هەر بەشی نووسینی ناوی خۆی و باوکی دەکات، بەڵام ڕووداوەکانی پێنج ساڵی ڕابردوو هێندەیان ئازار داوە، ئێستا خەون بەوەوە دەبینێ ببێتە چیرۆکنووس، بۆ ئەوەی هەموو جیهان بزانێ داعش چی بەسەر ئەوان هێنا. لەیلا شەمۆ بە جوگرافیا لە گوندێکی دوورەدەستە بەنێوی (خانکێ)، بەڵام بە ڕۆح لە هەسارەیەک دەژی، هێشتا دەنگی قریشکەی کچە ڕفێنراوەکەی ناهێڵێ بە ئارامی سەر بنێتە سەر سەرین.

> داعش نەیدەهێشت شیری قوتوو بدەینە منداڵەکانمان

شەوێک پێش هاتنی چەکدارانی داعش، دەنگی گوللە تۆپ و هاون لە نزیک شنگال، ئەویان هەراسان کردبوو. ڕووناکیی تەقینەوەکانی بە ئاسمانەوە دەبینی "بە هاوژینەکەمم گوت چی بکەین؟ تەنیا سەیری کردم و هیچی نەگوت".

ڕۆژی دواتر مێردەکەی بە شپرزەیی خۆی گەیاندەوە بە ماڵدا، بەڵام کات بەشی ئەوە نەمابوو ڕێگای هەڵاتن بدۆزنەوە "10 ئۆتۆمبێل خۆیان کرد بە ئاوایییەکەدا، لەوکاتەدا دوو کەس کە برا بوون ویستیان هەڵبێن، هەر لەناو ئۆتۆمبێلەکەی خۆیاندا گوللەبارانیان کردن".

هەموو خەڵکەکەیان لە ماڵی موختار کۆکردەوە تاوەکو ئێوارە، دواتر گوتیان هەرکەس بڕواتەوە ماڵی خۆی و ئاڵایەکی سپی لە سەربانی ماڵەکەی بەرز بکاتەوە.

ماوەی پێنج ڕۆژ خەڵکی گوندەکە بە دەستبەسەرکراوی مانەوە. لە ڕێگای جیاجیاوە پەیام و داواکارییان نارد بۆ گوندەکانی دراوسێیان کە عەرەبی سوننە بوون بۆ ئەوەی هاوکارییان بکەن، بەڵام وەک ئەوە وابوو قسە بۆ بەرد بکەن. سەرەتای ئابی 2014 هێرشی بەربڵاوی داعش بۆ ناوچەکە دەستیپێکرد. لەیلا پەرێشانترین ژنی ئەو گوندە بوو، چونکە ڕۆژەکانی لەدایکبوونی منداڵی پێنجەمی نزیک ببوونەوە "120 کەسی گوندەکەیان خستە نێو لۆرییەوە و براین بۆ تەلەعفەر، لەوێ لە قوتابخانەی ئەلزاهیر دایانبەزاندین".

دوو ڕۆژ دواتر، ئەوان گواسترانەوە بۆ نێو قوتابخانەیەکی دیکە. لەیلا ئاوا باسی ڕەوشی زیندانە نوێیەکە دەکات: "زۆر پیس و پۆخڵ بوو، تەنانەت ئەو نانەی بۆیان دەهێناین، هێندە کۆن بوو، بەهۆی کەڕووی زۆرەوە ڕەنگی شین ببوو، زۆربەی منداڵەکانمان نەخۆشکەوتن".

## برسێتی گیانی دەچنینەوە

شەش ڕۆژی تاڵ و تاریک، لەنێو ئەو قوتابخانەیەدا تێپەڕی. پاشان بەرەو کەسر میحراب ڕاپێچ کران. لەیلا دەڵێت: "دەیانبردینە هەر جێگایەک، واتدەزانی هەموو ئێزدییەکانی دنیا لەوێن. دوای سەعاتێک مانەوە لەوێ هاوژینەکەمیان هێنا و بەبینینەوەی زۆر کەیفخۆش بووم، سمێڵیان تاشیبوو، ڕیشی هاتبوو. جلوبەرگێکی سپییان لەبەرکردبوو، دواتر بە ئێمەشیان گوت جلوبەرگەکانمان بگۆڕین".

برسیکردن لە گوندەکەدا بەشێوەیەک تاوی سەند، لەیلا بەچاوی خۆی منداڵانی شیرەخۆری دەبینی کە ڕۆحیان بەدەم بای برسێتییەوە وەک گەڵای درەختە وشکبووەکان هەڵدەوەری. چەند ژنێکی بینی بەدەم گریانەوە لە بەرپرسەکانی داعش دەپاڕانەوە کە وا منداڵەکانیان لە برسان دەمرن و شیر نییە بیاندەنێ "بەڵام ئەوان دەیانگوت نابێ شیری قوتوویان بدەنێ و دەبێ شیری دایکیان بخۆن. ژنەکان دەیانگوت خۆمان هیچمان نەخواردووە و شیرمان تێدا نییە. بەڵام سوودی نەبوو. منداڵێکی تەمەن سێ هەفتە لە برسان مرد. هەر ئەو ڕۆژە، ژنێکی تەمەن 65 ساڵ بەناوی غەزال، مرد".

هێزوبازووی ئێزدییە دەستبەسەرکراوەکانیان لە دروستکردنی مزگەوتێکدا بەکارهێنا. پاشان ناچاریان کردن ڕۆژانە پێنج جار لەوێ ئامادەبن بۆ نوێژکردن. زەبروزەنگ و تووڕەیی دەباری. ئەوەش ژمارەیەک لە ئێزدییەکانی ناچار کرد پلان بۆ هەڵاتن دابنێن "لەگەڵ قاچاخچییەک ڕێککەوتن لە بەرامبەر پارە دەربازیان بکات، بەڵام چەکدارانی داعش بە پلانەکەیان زانی و ئەوەش بەبێ سزای کوشتن تێنەپەڕی.

لەیلا و ژمارەیەک خێزانی ئێزدی چوار مانگ لەو گوندەدا مانەوە، مەینەتیی زۆریان لەوێ بینی، لەو ماوەیەدا 21 ژن و منداڵ لە برسان، یان لەژێر ئەشکەنجە و کاری قورسدا مردن.

برسێتی وەک شمشێری لە کالان هەڵکێشراو بەسەر سەریانەوە بوو. ئەو لەوە ترساوە کۆرپەکەی نێو سکی بەهۆی برسێتییەوە گیانی دەربچێ: "کاتێک داوای نانیشت لێدەکردن، هیچ سۆزێکیان نەبوو بە گریان و پاڕانەوە بیانجوولێنی. من کە دەڵێم ئەوان کافر بوون، لەبەر ئەوەیە مرۆڤی ئیماندار سۆز و ڕەحمی هەیە".

## ئەو ناوە بگۆڕە

شەوێک ژان ئاڵایە جەستە لاوازەکەی لەیلا. کۆرپەکەی دەیویست بێتە دنیاوە و دایکیشی دەیویست دنیا وازی لێبێنێ. شەوێکی سەرڕێژ لە ئازار و بێکەسی و تەنیایی "بە ژنێکم گوت کە لەدیارم بوو، ئەگەر بشمرم نەمبەنە نەخۆشخانەی داعشان، ئیدی درەنگانێکی شەو منداڵەکە لەدایکبوو. پرسیم منداڵەکەم چییە؟ گوتیان کچێکی جوانە. گوتم ناوی دەنێم غەریبە".

کچەکە بە دوو چاوی درەوشاوە و گەشەوە سەیری چواردەوری خۆی دەکرد، بەڵام ئەو لەدایکبووی ڕۆژگارێک بوو کە ئێزدییەکان ناوی دەنێن، ساڵی 74ەمین فەرمانی ڕەش.

دوو ڕۆژ دواتر چەکدارەکانی داعش هەڵمەتێکی پشکنینیان لەنێو ماڵی ئێزدییەکان دەستپێکرد. یەکێک لە چەکدارەکان منداڵە تازە لەدایکبووەکە سەرنجی ڕادەکێشێ.

– ناوتاناوە چی؟

لەیلا: غەریبە.

– ئەو ناوە ناشیرین و بێمانایە چییە؟ بیگۆڕە.

لەیلا: بەڵام ئەو ناوە خۆشە.

–هەر ناوی منداڵەکەت دەریدەخات هێشتا ئێوە مسوڵمان نەبوون. لەنێو ئیسلامدا خۆتان بە غەریب دەزانن. بیگۆڕە بە عائیشە یان خەنسا، یان شەیما.

***

مانگی 12ی هەمان ساڵ گواسترانەوە بۆ ناوەندی مووسڵ. پێش ئەوەی بیانخەنە هۆڵێکی گەورەوە هەموویان پشکنین و بڕێک پارە و زێڕیان بە چەند ژنێک دۆزییەوە و بردیان، بەڵام ڕووداوێکی دڵهەژێن لەو پشکنینە کەوتەوە کاتێک هەندێک (دەزیک و بەرات) و پیرۆزی ئێزدییەکانیان بە پیرەژنێک گرت. نزیکەی 10 چەکدار لێی کۆبوونەوە و دەستیانکرد بە سووکایەتی بە ئاینی ئێزدی: "چەند کەسێکی ئێزدی کە ئەوەیان بینی گوتیان نەخێر ئێمە ئامادەنین ببینە موسوڵمان، ئیدی ئەوانەیان بردە دەرەوەی هۆڵەکە و کوشتیانن".

> چەند ئێزدییەک کە لە موسوڵمانبوونیان پەشیمان بوونەوە داعش گوللەبارانی کردن

خێزانەکان بەسەر ئەو ماڵانەدا دابەشکران کە خاوەنە شیعەکانیان لە ترسی ئەوەی نەکەونە نێو تەندووری تۆڵەی داعش، چۆڵیان کردبوو. لەیلا دەڵێت: "ئافرەتانی ئێزدی لەو ماڵانەدا ئەتک دەکران".

دواتر چەند چەکدارێک بە مەبەستی سەرژمێری هاتن و ناویان نووسین. ڕۆژی پاشتر هەموویان کۆکردنەوە و قسەیان بۆ کردن "دەبێت ئەوە باش بزانن کە لەمەودوا خواردن بە بەلاش نادرێتە کەس، پێویستە لە بەرامبەر نان کار بکەن".

شنگال کە ناوچەیەکی کشتوکاڵیی گرنگ بوو، ژیانی 80%ی خەڵکەکەی لەسەر کشتوکاڵ بوو. زۆربەی ئێزدییەکان نیوەی ژیانیان لەنێو کێڵگەکاندا بەسەربردووە، بەڵام کێڵگەکانی داعش بۆ ئەوان جیاواز بوو. لەوێ هەمان دۆخی ئەو کۆیلە ڕەشپێستانەیان هەبوو کە دەبوو لە 5ی بەرەبەیانەوە بۆ ئاوابوونی خۆر کار بکەن.

## برینەکانی ڕوخساری خودێدا

چەوساندنەوە لەژێر تیشکی گەرمی هاویندا، ببووە پیشەی ئەو چەکدارانەی لەنێو کێڵگەکاندا وەک چاودێر بەسەریانەوە ڕادەوەستان. دوای هەفتەیەک لە کاری ڕیخۆڵەکێشی، ئێوارەیەک لەیلا گەڕایەوە و منداڵەکانی دراوسێکەیانی نەبینی "خودێدا لەو ماڵەدا بوو. چەکدارێکی داعش لێی پرسی ئەوان لە کوێن؟ ئەویش گوتی نازانێ لە کوێن. چەکدارەکە دایە پێش و بردی، دوای دوو ڕۆژ خودێدا هاتەوە، ڕوخساری هەموو برین و شوێنی ئەشکەنجە بوو". برینەکانی سەر جەستەی دەیانگوت بەڵایەک سازکراوە و بەڕێوەیە بۆ سەر گیانی ئێزدییەکانی دیکەش: "لەژێر ئەشکەنجەدا دانی بەوەدا نابوو کە خێزانەکەی هەڵاتوون و تەنانەت دانی بەوەشدا نابوو کە تەلەفۆنێکی شاراوە هەیە و ئەوان لەڕێگای ئەو مۆبایلەوە پەیوەندی بە کەسوکاریانەوە دەکەن".

ئیدی هەموو شتێک گۆڕا. لەبەرچاوی هەموو ئێزدییە بندەستەکان نزیکەی 15 کەس لە گەورە و بچووک بۆ شانۆگەرییەک کۆکرانەوە کە ڕۆڵی ئەوان ئەوەبوو لەژێر قامچییدا ئازار بچێژن بۆ ئەوەی ببنە وانەیەک بۆ ئەوانەش بیر لە هەڵاتن دەکەنەوە.

بەرەبەیانی ڕۆژی 2015/4/26 بەڵایەکی دیکە یەخەی لەیلای گرت، ئیدی دەبوو دەستبەرداری کچە تەمەن 10 ساڵانەکەی ببێ کە کەوتبووە داوی ئەوانەی برسیی سێکس بوون. دواتریش هەردوو کوڕەکەیان برد کە گەورەکەیان 12 ساڵ بوو. کەسیش توانای ڕەتکردنەوەی بڕیارەکەی نەبوو، چونکە لەلایەن حاجی مەهدییەوە هاتبوو "عەدنان و عەتمانیان لێستاندم، دانەویمەوە پێڵاوەکانیانم ماچکرد، فرمێسکەکانم بەسەر پێڵاوەکانیاندا دەتکان، بەڵام بێهوودە بوو".

> لە کەسر میحراب مزگەوتێکیان بە ئێزدییەکان دروست کرد

لەو هەرا و زەنایەدا کە منداڵەکان یەک لەدوای یەک لەدەست دایکەکانیان دەبوونەوە، لەیلا ژنێکی بینی کە بەرگەی ئەوەی نەگرت کچە منداڵەکەی ببەن "دەستی دایە تفەنگی چەکدارێکی داعش و ویستی تەقەیان لێبکات، بەڵام لە دواوە قۆنداخە تفەنگێکیان دا لە پشتی سەری و کەوتە سەر زەوی". ڕۆژی 29ی هەمان مانگ، دواهەمین ئەستێرەی ژیانی لەیلا بە ئاسمانی ڕەشداگەڕاوی بندەستییەوە کوژایەوە و (حەیات) کچە تەمەن 9 ساڵەکەشی لەدەستچوو.

کاروانی ڕاگواستنی کوردی ئێزدی بەرەو سووریا، دوایی نەدەهات، لەیلا هەر خۆی و غەریبە مابوونەوە. دواجار ئەوانیش ڕاپێچی سووریا کران. لەیلا بەدرێژایی ڕێگاکە بیری لەوە دەکردەوە، ئاخۆ چارەنووس دەیخاتە بەردەم کام چەکدارەوە؟ ئەی منداڵەکانی؟ ئەی هاوژینەکەی کە لە ئێوارەیەکی ناوەختدا چەکدارەکان هاتن و داوایانکرد لەگەڵیان بڕوات و چیدی نەگەڕایەوە؟ ئەی دایکی. ئاخۆ جارێکی دیکە گوێی لە دەنگی دەبێتەوە یان نا؟

## پێنج ڕۆژ لە ژێر زەویدا

پاسەکان گەیشتنە ڕەققە، پەردەی پەنجەرەی پاسەکان لادران و ئەوان سەیری دەرەوەیان دەکرد تاوەکو بزانن ڕۆژگار هەڵیداونەتە کام گۆشەی دنیا؟ ئاڵا ڕەشەکانیان دەبینی بە ئۆتۆمبیلەکانیانەوە کرابوون "لەسەر شەقامەکان ژنم دەبینین بە جلوبەرگی سەرتاپا داپۆشراوەوە دەهاتن و دەچوون. ئۆتۆمبیلەکە گەیشتە بەردەم بارەگایەک.

پێش ئەوەی بیانبەنە نێو بارەگاکە، لە گۆڕەپانێکدا کۆیانکردنەوە. ئەوە کۆبوونەوەی هەڵبژاردنی کەنیزەک بوو "لێمان کۆبوونەوە، هەرکەسێک دەیویست جوانترین کچ بۆ خۆی ببات. ژمارەیەک لە کچ و ژنەکان لەلایەن چەکدارانەوە هەڵبژێردران. من و ژمارەیەک کچ و ژنی دیکە ماینەوە، دوای سێ سەعات براینە ژێرزەمینی بیناکە.

"24 پلیکانە چووینە خوارەوە. ژێرزەمینێکی گەورە و تاریک. بۆنێکی زۆر پیسی لێدەهات، هێندە تاریک بوو کەس کەسی نەدەبینی. دوو ڕۆژ بوو هیچمان نەخواردبوو. ژنێک لێی پرسیم، ئێمە جارێکی دیکە ڕووناکی دەبینینەوە؟ وەڵامیم نەدایەوە، بەڵام لە دڵی خۆمدا گوتم کە ئەوان پێمان ڕازی نەبووبن، لەوانەیە بیانەوێ لێرەدا بمانکوژن، هەربۆیە گوتم ئەمە شوێنی مردنی ئێمەیە".

لەیلا، یەکێک لە ماندووترین ژنەکانی دنیایە. کاتێک باسی هەزاران ژنی بەدبەخت و ژیانسووتاوی سەدەکانی پێشووی بۆ دەکەم کە تەنیا بەهۆی جیاوازیی ڕەنگی پێستیانەوە چەند نەوەیەکیان لە نێو چاخی کۆیلایەتیدا گەورە کردووە، ئەو درزەکانی شکانی دڵی گەورەتر دەبن "ئەی تاوانی ئێمە چی بوو؟ مەگەر لەو دنیایە دەیان ئاینی دیکە نین؟ ئەو عەرەبانەی ساڵەهای ساڵ بوو دراوسێمان بوون و پێکەوە دەژیاین، کێشەیان چی بوو لەگەڵمان؟ ئێمە چ زیانێکمان لەوان دا؟".

من هەرگیز ناتوانم ئاینەکەی لەیلام خۆشبوێ، بەڵام دەزانم مافی ئەوەی هەیە سێبەرێکی ئارام و باشی هەبێت و ئاینەکەی خۆی خۆشبوێ. من و لەیلا و ئەو چەکدارەش کە ئازایەتیی خۆی بەسەر بێدەسەڵاتیی ئەدا نواند، یەک خودامان هەیە، بەڵام ڕێگای جیاوازمان هەڵبژاردووە بۆ گەیشتن بە خودا.

لە ژمارەی داهاتوودا لەیلا باسی ئەوە دەکات کە چۆن کڕین و فرۆشتنیان پێوە کراوە، چۆن دواجار منداڵەکانی بینییەوە؟

> لە کەسر میحراب 21 ئێزدی لە برسان و لەژێر ئەشکەنجەدا مردن

## 52 کیلۆمەتر لە ڕێگەی کۆیە - هەولێر نۆژەندەکرێتەوە



**ڕووداو- هەولێر**

نەوزاد هادی، پارێزگاری هەولێر لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەڤانیدا ڕایگەیاند: "پرۆژەی نۆژەنکردنەوەی ڕێگەی سەرەکی کۆیە هەولێر بە درێژایی 52 کیلۆمەتر دەستپێکردووە، پرۆژەکە بە ماوەی 3 مانگ تەواو دەکرێت بە گوژمەی 4 ملیار و 700 ملیۆن دینار لەسەر بودجەی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی ڕێگەوبانی هەولێر جێبەجێدەکرێ. پارێزگاری هەولێر ئاماژە بۆ ئەوەش کرد، ئێستا دەست بە کارکردن لە قۆناخی دووەمی پرۆژەی جووتسایدی هەولێر کۆیە کراوەتەوە کە بە پێنج قۆناخ و بە گوژمەی 430 ملیار جێبەجێ دەکرێ و بە سێ ساڵیش تەواو دەکرێ.

ئابووری
ڕووداو
ژمارە (559) - دووشەممە 2019/6/24

### لە ماوەی دوو ساڵ و نیودا..

# 250 هەزار ئۆتۆمبێلی لەکارکەوتووی ئەمەریکی هاوردە کراون



لە سەرەتای مانگی داهاتووەوە هاوردەکردنی ئۆتۆمبێلی ژێرئاوکەوتوو، بڕاوە و ئێرباگ تەقیو قەدەغە دەکرێ (فۆتۆ: ڕووداو)

**سەرپەرشتیاری پشکنینی کۆمپانیاکانی PVI لە هەولێر:**

- لە ماوەی شەش مانگدا 7500 ئۆتۆمبێلی لێدراوی ئەمریکی لە پشکنین دەرنەچوون.
- بەشێک لە بازرگانان بۆ شاردنەوەی کارنەکردنی ئێرباگ وایەری گڵۆپی ئێرباگ لە داینەمۆ یان پشتێنەی سەلامەتی دەبەستن، هەشیانە فیوزەکەی دەردەهێنن.

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

دوای هاوردەکردنی هەزاران ئۆتۆمبێلی لەکارکەوتوو و لێدراوی ئەمەریکی، وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان هاوردەکردنی ئەو جۆرە ئۆتۆمبێلانەی مەرجدار کرد و هەر بازرگانێکیش ئۆتۆمبێلێک هاوردە بکات مەرجی سەلامەتی تێدا نەبێ، بە 50 ملیۆن دینار سزا دەدرێ.

بەگوێرەی ئەو بڕیارە کە لە سەرەتای مانگی داهاتووەوە جێبەجێ دەکرێ، بە هیچ جۆرێک ڕێگە بە هاوردەکردنی ئۆتۆمبێلی شاسی بڕاوە و ژێرئاوکەوتوو نادرێ. ئۆتۆمبێلی لێدراویش مەرجی بۆ دانراوە، بۆ نموونە لێدانەکە نەبووبێتە هۆی زیانگەیاندن بە بۆنیت و ستێرن و ئێرباگ.

دکتۆر سامی جەلال، بەڕێوەبەری گشتیی دیوان لە وەزارەتی ناوخۆ دەڵێت: "ئامانجمان لە دەرکردنی ئەو بڕیارە پاراستنی گیانی هاووڵاتیانە، چونکە بەپێی بەدواداچوون بۆمان دەرکەوتووە زۆربەی ئەو ڕووداوانەی ڕوودەدەن بەهۆی ئەو جۆرە ئۆتۆمبێلانەیە".

بە گوتەی ئەو بەرپرسەی وەزارەتی ناوخۆ، لەگەڵ بەغدا ڕێککەوتبوون لە مانگی ئایارەوە بڕیارەکە جێبەجێ بکەن، بەڵام ئەوە نارەزایی بازرگانانی ئۆتۆمبێلی لێکەوتەوە چونکە گرێبەستێکی زۆری کڕینی ئەو جۆرە ئۆتۆمبێلانەیان کردووە، بۆیە جێبەجێکردنی بڕیارەکەیان خستە سەرەتای مانگی داهاتوو.

لەمەودوا هەر ئۆتۆمبێلێک هاوردە بکرێت سێ پشکنینی بۆ دەکرێ: پشکنینی یەکەم لەلایەن پسپۆڕانەوە لە خاڵە گومرگییەکان دەکرێ. پشکنینی دووەم لەلایەن کۆمپانیاکانی کواڵیتی کۆنترۆڵ لە خاڵە سنوورییەکان دەکرێ و پشکنینی سێیەمیش لەکاتی تۆمارکردنی ئۆتۆمبێلەکە لەلایەن لێژنەیەکی پسپۆڕ لە بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆ دەکرێ.

دکتۆر سامی دەڵێت: "ئەگەر لە پشکنینی سێیەم دەرکەوت ئۆتۆمبێلەکە مەرجەکانی ڕێگەپێدان نایگرێتەوە، کۆمپانیای کواڵیتی کۆنترۆڵ بۆ هەر ئۆتۆمبێلێک بە 5000 دۆلار سزا دەدرێ، بازرگانەکەش بە 50 ملیۆن دینار سزا دەدرێ و کۆمپانیاکەشی بۆ ماوەی دوو ساڵ دەخرێتە لیستی ڕەشەوە".

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی گشتی بازرگانی، لە دوو ساڵ و شەش مانگی ڕابردوودا 313 هەزار و 105 ئۆتۆمبێل هاوردەی هەرێمی کوردستان کراون. لە ئامارەکەدا دەردەکەوێت جموجۆڵی هاوردەکردنی ئۆتۆمبێل لە دوو ساڵ و شەش مانگی ڕابردوودا گەشەیەکی زۆر خێرای بەخۆوە بینیوە، گەشەکەش زیاتر لە هەردوو دەروازەی باشماخ و حاجی ئۆمەران بووە و زیاتر لەم دوو دەروازەیەوە ئەم جۆرە ئۆتۆمبێلانە هاوردەکراون.

بە گوتەی بازرگانان، 80%ی ئەو ئۆتۆمبێلانەی لە دوو ساڵ و نیوی ڕابردوودا هاوردەکراون کە دەکاتە زیاتر لە 250 هەزار ئۆتۆمبێل، لەو جۆرانەن کە وەزارەتی ناوخۆ هاوردەکردنی قەدەغە کردوون.

باوەڕ ئیدریس، بەڕێوەبەری بەشی فرۆشتن لە کۆمپانیای بۆڵزانۆ بۆ بازرگانیی گشتی و هاوردەکردنی ئۆتۆمبێلی ئەمەریکی دەڵێت: "بەپێی بەدواداچوونمان نزیکەی 80 %ی ئەو ئۆتۆمبێلانەی لە هەردوو دەروازەی باشماخ و حاجی ئۆمەرانەوە هێنراون ئۆتۆمبێلی ئەمەریکی لێدراو بوون کە بەهۆی هەرزانیی نرخەکەیان بازرگانان یان لە دوبەی کڕیویانەتەوە یان لە ئەمەریکاوە هێناویانە".

هاوردەکردنی ئەم جۆرە ئۆتۆمبێلانە بە جۆرێک ئاسان کرابوو کە زۆر کەس ڕووی لەو بازرگانییە کردبوو. باوەڕ دەڵێت: "خەڵک دەناسم سوپەرمارکێتی هەبوو، وازیهێناوە و بووە بە بازرگانی ئۆتۆمبێل، هەیە پێشتر ئاژەڵی بەخێو کردووە، ئێستا خاوەنی پێشانگای فرۆشتنی ئۆتۆمبێلە.

ئەم جۆرە ئۆتۆمبێلانە پێیاندەگوترێ (salvage car) واتە ئۆتۆمبێلەکە بەهۆی بەهێزیی لێدرانەکەی، زیانی گەورەی بەرکەوتووە و کۆمپانیاکانی دڵنیایی لە ئەمەریکا ڕێگەیان پێنادەن بچنە سەر شەقامەکان.

باوەڕ ئیدریس دەڵێت: "نزیکەی 60 %ی ئەو ئۆتۆمبیلانە ئێرباگیان تەقیوە، ئەو ئۆتۆمبێلانەشی کە ئێرباگیان نەتەقیوە، یان لە پشتەوە لێدراون، یان لەکاتی وەستان کە شوفێری تێدا نەبووە لێدراون و ئێرباگیان نەتەقیوە، چونکە وا پرۆگرام کراون کە کاتێک شوفێر و سەرنشینیان تێدا نییە ئێرباگیان نەتەقێ".

باوەڕ ئیدریس ئاشکرای کرد کە هەندێک لە بازرگانان فێڵ لەو ئۆتۆمبێلانەدا دەکەن، ئێرباگیان بۆ دادەنێنەوە، بەڵام بە سیستم نایبەستنەوە، چونکە ئەوەیان 4000 دۆلاری دەوێ، بۆیە زۆربەی ئەو ئۆتۆمبێلانە لە کاتی ڕووداوی هاتوچۆدا ئێرباگیان ناتەقێ و زیانی گیانی بەدواوە دەبێ.

تاریق زیاد، سەرپەرشتیاری پشکنینی کۆمپانیاکانی PVI لە هەولێر کە لەنێو خەڵک بە "هەززە" ناسراوە، دەڵێت بەشێکی زۆر لەو ئۆتۆمبێلە لێدراوە ئەمریکییانەی هاوردە کراون، دوای چاککردنەوەشیان هێشتا گرفتیان زۆر دەمێنێ.

تاریق نموونە بە پشکنینی شەش مانگی ڕابردووی کۆمپانیاکەیان دەهێنێتەوە و دەڵێ: "ئەو ئۆتۆمبێلە ئەمەریکییە لێدراوانەی بۆ پشکنین هاتوون، 2443 ئۆتۆمبێلیان پشتێنی سەلامەتییان کاری نەدەکرد، 1237یان کێشەی ستێرنیان هەبوو، 640 ئۆتۆمبێل خوار بووبوون، 3233 ئۆتۆمبێلیان گرفتی ڤۆڵت و هاندبرێک و ستۆپ، بۆڵبەرین و بۆش تەپڵەیان هەبوو، بەشی زۆریشیان بەهۆی زۆریی وەستان و کارنەکردنیان گرفتی دەبۆی ستۆپیان هەیە".

گوتیشی: "بەشێک لە بازرگانان بۆ شاردنەوەی کارنەکردنی ئێرباگ وایەری گڵۆپی ئێرباگیان لە داینەمۆ یان پشتێنەی سەلامەتی دەبەستن، هەشیانە فیوزەکەی دەردەهێنن".

بەهۆی هاوردەکردنی ئەم جۆرە ئۆتۆمبێلانە، ژمارەی هاوردەکردنی ئۆتۆمبێل لە ساڵی 2018 بەراورد بە ساڵی 2017 نزیکەی 42% زیادی کردووە، شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵیش بەراورد بە شەش مانگی یەکەمی ساڵی ڕابردوو 17 % زیادی کردووە.

نەوزاد ئەدهەم، بەڕێوەبەری گشتیی بازرگانی دەڵێت: "ئەم بڕیارە کاریگەری لەسەر کەمکردنەوەی جموجۆڵی بازرگانی هاوردەکردنی ئۆتۆمبێل بۆ هەرێمی کوردستان دەبێت، بەڵام لەبەر ئەوەی بڕیارەکە بۆ پاراستنی گیانی هاووڵاتیانە، ئێمە پشتگیریی دەکەین".

گوتیشی: "هاوردەکردنی ئەم جۆرە ئۆتۆمبیلانە لە بنەڕەتدا نایاسایی بووە، چونکە بەر لەم بڕیارەش ئێمە وەک وەزارەتی بازرگانی هەمیشە لەکاتی مۆڵەتدان داوامان لە کۆمپانیاکانی پشکنین و کواڵیتی کۆنترۆڵی خاڵە سنوورییەکان کردووە ڕێ بە هاوردەکردنی ئۆتۆمبێلی ژێرئاوکەوتوو و ئێرباک تەقیو نەدەن، بەڵام بەشێکیان پابەندی ئەمە نەدەبوون. بەپێی یاساش ڕێگەمان پێنەدرابوو سزایان بدەین".

سەرجەم خاڵە گومرگییەکان ئاگادار کراونەتەوە لە یەکی تەمووزەوە بەهیچ جۆرێک ڕێگە بە هاوردەکردنی ئۆتۆمبێلی ژێرئاوکەوتوو و شاسیی بڕاوە و ئێرباگ تەقیو نەدەن.

سامال عەبدولڕەحمان، بەڕێوەبەری گشتیی گومرگی هەرێمی کوردستان، دەڵێت: "لەمەودوا چاودێریی زیاتر دەخرێتە سەر هاوردەکردنی ئەم جۆرە ئۆتۆمبیلانە، هەر ئۆتۆمبێلێکی بەکارهاتوو هاوردە بکرێت بە سێ فلتەری پشکنیندا تێدەپەڕێ. دەبێ کۆمپانیاکانی پشکنینی کواڵیتی، دڵنیایی ئەوەمان پێبدەن ئەو ئۆتۆمبێلانەی دوای پشکنین ڕێگەپێدانیان پێدەدەن، شیاو بن بۆ لێخوڕین، بە پێچەوانەوە هەر ئۆتۆمبێلێک مەرجەکانی داخڵکردنی تێدا نەبێ و داخڵ بکرێ، کۆمپانیاکانی پشکنینی کواڵیتی سزا دەدرێن".

**ژمارەی هاوردەکردنی ئۆتۆمبیل لە 2 ساڵ و 6 مانگی ڕابردوودا**

| ساڵ | 2017 | 2018 | 2019/6 | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|
| ژمارەی ئۆتۆمبیل | 83.530 | 143.087 | 86.488 | 313.105 |

### ساڵانە لەعێراق 6 ملیار هێلکە دەخورێت

# شەش پرۆژەی بەرهەمهێنانی هێلکە لە کوردستان وەستاون

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو – هەولێر**

بە مەبەستی پارێزگاری لە بەرهەمی خۆماڵی، هەفتەی ڕابردوو، وەزارەتی کشتوکاڵ هاوردنی هێلکەی خواردنی قەدەغە کرد، بەو هۆیەوە جیاوازییەکی زۆر لە نێوان خواست و خستنەڕوو دروستبوو، ئەمەش نرخی هێلکەی بەرزکردەوە.

بەپێی ئاماری وەزارەتی کشتوکاڵ 11 پرۆژەی بەرهەمهێنانی هێلکەی خواردن لە هەرێمی کوردستان هەن. ئەگەر بە تەواوی وزەی خۆیان کاربکەن، دەتوانن ساڵانە ملیارێک و 311 ملیۆن و 350 هەزار هێلکە بەرهەم بێنن، بەڵام بەهۆی هێلکەی هاوردە و بڵاوبوونەوەی نەخۆشی لە هەندێ پرۆژە، ئێستا تەنیا 5 پرۆژە کاردەکەن کە بەرهەمی ڕۆژانەیان نزیکەی ملیۆنێک و 253 هەزار هێلکەیە. ئەم بڕەش لەو وەرزەدا کە هێلکە کەم دەخورێ، بەشی ناوخۆ دەکات، بەڵام بەهۆی خواستی زۆر لەسەر هێلکە، خاوەن پرۆژەکان زۆربەی بەرهەمەکانیان هەناردەی شارەکانی عێراق دەکەن.

بەپێی داتاکانی وەزارەتی کشتوکاڵ ، هەرێمی کوردستان ساڵانە پێویستی بە 884 ملیۆن و 250 هەزار هێلکە هەیە ئەگەر هەر تاکێک ساڵانە 150 هێلکە بخوات.

ڕەمەزان محەممەد، بەڕێوەبەری سامانی ئاژەڵ لە وەزارەتی کشتوکاڵ دەڵێت: "ئەگەر پرۆژەکانی هێلکەی خواردن بە وزەی تەواو کاربکەن، دەتوانن بەشی خۆمان دابین بکەن و ساڵانەش نزیکەی 500 ملیۆن هێلکە هەناردەی شارەکانی عێراق بکەن، بەڵام لە ڕابردوودا بەهۆی هاوردنی هێلکەی تورکی و هەرزانیی نرخەکەی، 6 پرۆژە لە هەرێمی کوردستان داخران، ئەوانەشی کاریان دەکرد 90 %ی بەرهەمەکانیان هەناردەی شارەکانی عێراق دەکرد".

ڕەمەزان محەممەد پشتگیری لە بڕیاری قەدەغەکردنی هاوردەکردنی هێلکە دەکات، ئەمەش لە پێناو بووژانەوەی پرۆژەکانی ناوخۆ، بەڵام دەڵێت نابێ قەدەغەکردنەکە بە جۆرێک بێ کە جیاوازیی زۆر لە نێوان خواست و خستنەڕوو دروست بکات و ببێتە هۆی بەربوونەوەی نرخ.

بڕیاری قەدەغەکردنی هاوردەی هێلکەی خواردن، سەرەتا لەلایەن وەزارەتی کشتوکاڵی عێراق لە 2ی ئایار دەرچوو، دواتر پەرلەمانی عێراقیش پشتگیری کرد و داوای لە لایەنە پەیوەندیدارەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان کرد، پابەندی بڕیارەکە ببن.

فریز، پرۆژەیەکی بەرهەمهێنانی هێلکەی خواردن لە هەولێر، ماوەی دوو ساڵە دامەزراوە و ڕۆژانە 180 هەزار هێلکەی سوور دەخاتە بازاڕەوە.

حاجی کەمال جەلال، بەڕێوەبەری پرۆژەکە دەڵێت: "هۆکاری ڕاستەخۆی قەدەغەکردنی هێلکە بۆ عێراق بەشێکی بۆ هاوردەکردنی نزیکەی 300 ترێلەی هێلکە لە ئۆکراینا دەگەڕێتەوە کە بووە هۆی دابەزینی 50 %ی نرخی هێلکە لە بازاڕ، ئەمەش ناڕەزایی زۆری خاوەن پرۆژەکانی لێکەوتەوە، حکومەت ناچار بوو هاوردنی هێلکە بۆ عێراق قەدەغە بکات، بەڵام هۆکارە ناڕاستەخۆکەی بۆ لێشاوی هاوردەی هێلکەی تورکی دەگەڕێتەوە کە پێشتر بووە هۆی داخستنی بەشێکی زۆر لە پرۆژەکانی ناوخۆ".

بە گوتەی حاجی کەمال، ئێستا کۆمەڵێک پرۆژەی گەورەی بەرهەمهێنانی هێلکە و بەخێوکردنی مریشک لە عێراق لە قۆناغی دامەزراندندان، لەوانەش پرۆژەیەکی زۆر گەورە لە دیوانییە کە خاوەنەکەی 300 ملیار دینار پێشبینەی لە حکومەت وەرگرتووە.



90 %ی بەرهەمی پرۆژەکانی هێلکە لە کوردستان هەناردەی عێراق دەکرێ (فۆتۆ: ڕووداو)

پرۆژەکە 10 هۆڵی بەخێوکردنی مریشکی هێلکەی خواردنی تێدایە، ئێستا چواریان کار دەکەن و ڕۆژانە 650 هەزار هێلکە بەرهەم دێنن.

حاجی کەمال گوتی: "خاوەنی پرۆژەکەی دیوانییە بەهۆی لێشاوی هاوردەی هێلکەی تورکی و ئۆکرانی تووشی زیانێکی گەورە بووە، بە وەزیری کشتوکاڵی ڕاگەیاندووە ئەگەر بڕیاری قەدەغەکردنی هێلکە نەدەن کارکردن لە پرۆژەکە ڕادەگرێت و ناتوانێ پێشینەکانیش بۆ حکومەت بگەڕێنێتەوە، بۆیە وەزیری کشتوکاڵ ئەو بڕیارەی دا".

پرۆژەی خوانی زێڕین کە ساڵانە توانای بەرهەمهێنانی 650 ملیۆن هێلکەی هەیە، ماوەی 8 مانگە بەرهەمی نییە. سەرتیب نازم ئاغا، خاوەنی پرۆژەکە دەڵێت: "بەهۆی لێشاوی هاوردەی هێلکە و مریشکی تورکی زیانێکی گەورە بە پرۆژەکەمان کەوت و نەخۆشی لە پرۆژەکەمان بڵاوبووەوە، 1.5 ملیۆن مریشکمان مردار بوونەوە، بەرهەمی ڕۆژانەمان لە 4 هەزار کارتۆنەوە بۆ 250 کارتۆن دابەزی، دوای ئەم زیانە هۆڵەکانمان ڕێکخستەوە و هەندێک مریشکمان هێنان، بەڵام کە بینیمان حکومەت و وەزارەتی کشتوکاڵ هیچ پارێزگارییەک لەبەرهەمی پرۆژەکەمان ناکەن و ڕۆژانە 100 ترێلە هێلکە هاوردە دەکرا، مریشکەکانمان فرۆشت و پرۆژەکەمان داخست".

بە بڕوای ئەم خاوەن پرۆژەیە، بڕیاری قەدەغەکردنی هێنانی هێلکە بۆ عێراق "بڕیارێکی دروستە" و دەڵێت "ئەگەر بەرپرسان نەکەونە ژێر گوشاری بازرگانان و لە بڕیارەکە پاشگەز نەبنەوە، لە ماوەیەکی زۆر نزیکدا سەرجەم پرۆژەکانی هێلکە دەکەونەوە کار و پرۆژەی نوێش دادەمەزرێن".

ئەو هەروەها دەڵێت: "شارەکانی عێراق ڕۆژانە پێویستیان بە نزیکەی 10 ملیۆن هێلکە هەیە، توانای پرۆژەکانیش لەم بڕە کەمترە، بۆیە نرخی هێلکە گران بووە، بەڵام دڵنیام لە ماوەیەکی کەمدا زۆربەی پرۆژەکان دەتوانن بەرهەمیان بەرز بکەنەوە، ئەگەر بڕیارەکە هەڵنەوەشێتەوە لە ماوەی یەک ساڵدا عێراق پێویستی بە هێلکەی هاوردە نامێنێ".

بەپێی پێوەری وەزارەتی کشتوکاڵ، هەر تاکێک ساڵانە 150 هێلکە دەخوات، هەرێمی کوردستان و عێراق ساڵانە پێویستیان بە 6 ملیار هێلکەیە. بەڵام توانای پرۆژەکانی عێراق ساڵانە یەک ملیار و 100 ملیۆن هێلکەیە.

د.جەمال شوکری، بەڕێوەبەری کەرەنتینەی کشتوکاڵ لە وەزارەتی کشتوکاڵ دەڵێت: "ساڵانە عێراق تەنیا لە تورکیا 80 تاوەکو 90 هەزار تۆن هێلکە هاوردە دەکات، ئێستا هاوردەکردنی هێلکە قەدەغەکراوە، خواست و خستنەڕوو یەک ناگرێتەوە، بۆیە نرخی هێلکە بەرز بووەتەوە".

د.جەمال شوکری هەروەها گوتی: "بەر لە قەدەغەکردنی هێنانی هێلکە لە دەرەوە، لەبەر ئەوەی نرخی هێلکەی تورکی هەرزان بوو، زۆربەی پرۆژەکانیش هێلکەی سوورییان بەرهەم دەهێنا کە لە کوردستان خواستی زۆری لەسەر نییە، بۆ پڕکردنەوەی 90 %ی پێویستیەکان پشتمان بە هێلکەی تورکی دەبەست و ساڵانە هێلکەیەکی زۆر لە تورکیا و ئێران و ئوکراینواە هاوردە دەکرا، هێلکەی پرۆژەکانیش بۆ شارەکانی عێراق هەناردە دەکرا، چونکە زۆربەیان گرێبەستیان لەگەڵ کۆمپانیاکانی بەغدا هەیە".

بە گوتەی ئەو بەرپرسەی وەزارەتی کشتوکاڵ، عێراق لانیکەم ساڵانە پێویستی بە 3 ملیار و 750 ملیۆن هێلکە هەیە، توانای پرۆژەکانیشی تەنیا ملیارێک و 100 هەزار هێلکەیە، بۆیە د.جەمال پێیوایە بڕیاری قەدەغەکردنی یەکجاریی هاوردەکردنی هێلکە کەمێک پەلەی لێکراوە، دەبوو بەر لە بڕیاردان ڕەچاوی خواست و خستنەڕوو بکرێ، بۆ ئەوەی نرخی هێلکە لە بازاڕەکان زۆر بەرز نەبێتەوە.

# گرژییەکان یاری بە نرخی نەوت دەکەن

**رائید خزر و هورمز فەریار***
**ڕووداو- هەولێر**

ناسەقامگیری جارێکی دیکە بازاڕەکانی نەوتی گرتووەتەوە. هەتا ئەم دواییە، چەند مانگێک نرخی نەوتی برێنت جێگیر بوو، هەرچەندە هەواڵی گەورەش هەبوون، لە جۆری ئەوانەی لە دۆخێکی ئاساییدا دەکرا کاریگەری لەسەر نرخەکانی نەوت دابنێن، بەڵام ئەو هەواڵانە نەیانتوانی لە نیوەی یەکەمی 2019دا کار لە بازاڕی نەوت بکەن.

ئەو هۆکارانەی نرخەکانی نەوتیان دادەبەزاند بریتین بوون لە: شەڕی بازرگانی و ترسی داکشانی ئابووری، بەرهەمهێنانی زۆری نەوت لە وڵاتانی دەرەوەی ئۆپێک (ئێستا ئەمریکا گەورەترین بەرهەمهێنەری نەوتی جیهانە)، وزەی خۆر و سەرچاوەکانی دیکەی وزە کە خەرجییان کەمە.

هۆکارەکانی بەرزبوونەوەی ئەمدواییەی نرخەکانی نەوتیش بریتی بوون لە: دۆخی ناجێگیری ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، هێرشی سەر تانکەرەکانی نەوت و شەڕی سیاسیی زارەکی، بەرهەمهێنانی بەرچاوی ئۆتۆمبێل لە چین و هیندوستان و گەشەی بەرچاوی ئابووری لە هەردوو وڵاتی ئەمریکا و چین.

ڕەنگە بازرگانانی نەوت لە ئێستاوە لەسەر بنەمای هەڵسەنگاندنەکانی بانکی ناوەندیی ئەمریکا سەبارەت بە داکشانی ئابووری، نرخەکانیان دیاری کردبێ. چاوەڕێ دەکرێ لە چەند ساڵی داهاتوودا داکشانە ئابوورییەکە ڕوویدات.

کۆتایی هەفتەی ڕابردوو، بەرهەمهێنەرانی نەوت بەشێک لەو قازانجەیان لەدەستدا کە لە سەرەتای هەفتەی ڕابردووەوە دەستیانکەوتبوو، لە کاتێکدا نرخی یەک بەرمیل نەوتی برێنت 30 سێنت دابەزی و گەیشتە 64.12 دۆلار. بەو حاڵەشەوە نرخی نەوت هێشتاش لە چاو سێ هەفتەی ڕابردوو لە بەرزترین ئاستدا بوو. نرخی نەوتی خاوی ئەمریکاش بە بڕی 50 سێنت دابەزی و گەیشتە 57.20 دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک کە لە چاو سێ هەفتەی ڕابردوودا لە بەرزترین ئاستدا بووە.


ئۆپیک پێشبینی دەکات گەشەی داوای نەوت بۆ ئەمساڵ 1.14 ملیۆن بەرمیل بێ

هەفتەی ڕابردوو، ئێران فڕۆکەیەکی بێ فڕۆکەوانی ئەمریکای لە گەرووی هورمز خستەخوارەوە. میدیاکانی ئەمریکا ڕۆژی هەینی بڵاویانکردەوە کە دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا سەرەتا بەنیاز بووە لە کۆمەڵێک ئامانج لە ئێران بدات، بەڵام دواتر پاشگەز بووەوە. ئەم هەواڵە ترسی ئەوەی لای بازاڕەکانی نەوت دروستکرد کە دەشێ کێشە بۆ دابینکردنی نەوت دروست ببێ، ئەوەش لە کاتێکدا هەفتەی پێشتر هێرش کرابووە سەر کەشتییە نەوتهەڵگرەکان.

کاریگەریی گەرووی هورمز بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە زیاتر لە ٪20ی نەوتی بەرهەمهاتووی جیهانی پێدا تێدەپەڕێ. سعودیە ٪88ی بەرهەمی نەوتی وڵاتەکەی بە گەرووی هورمزدا هەناردە دەکات. ڕۆژانە 20 بۆ 30 تانکەر بەو گەرووەدا تێدەپەڕن.

ناجێگیریی نرخەکانی نەوت گوزارشت لەو گرژییانە دەکەن کە لە ناوچەکە لەئارادان و ڕەنگدانەوەی نیگەرانیی بازاڕە کە لەلایەکەوە ترسی دروستبوونی کێشە بۆ دابینکردنی نەوتی لێنیشتووە و لەلایەکی دیکەشەوە نیگەرانی کەمبوونەوەی داوای سەر نەوتە بەهۆی شەڕی بازرگانیی نێوان چین و ئەمریکا.

یەکێک لەو فاکتەرانەی وایکردووە هیواکان بۆ هەڵکشانی داوای سەر نەوت زیندوو ببنەوە، ئەوەیە کە چاوەڕوانییەکان بۆ کەمبوونەوەی ڕێژەی سوود لە کۆبوونەوەی داهاتووی فەرمانگەی یەدەکی فیدراڵیی ئەمریکا زیادیان کردووە.

هۆکارێکی یارمەتیدەری دیکەی بەرزبوونەوەی نرخەکانی نەوت نیازی ئەمریکا و چین بوو بۆ دەستپێکردنەوەی دانوستاندن کە یەکێک لە لێکەوتەکانی چارەسەرکردنی کێشەی ڕسوماتی گومرکییە لە نێوان هەردوو وڵاتدا، ئەو کێشەیە ئاسۆی گەشەی ئابووریی جیهانی لێڵ کردبوو.

بەم دواییە، ململانێی و ناکۆکیی نێوان ئەندامانی ئۆپێک بەشێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە، بە جۆرێک لە مانگی حوزەیراندا مشتومڕێکی زۆر لەسەر ڕێککەوتنی کۆبوونەوەی داهاتووی ئۆپێک هەبوو. گەورەترین مشتومڕیش لە نێوان ئێران و سعودیەدا بووە، بە تایبەتیش ئەو بڕیارانەی کە سعودیە و ڕووسیایان لە پشت بووە و هۆکاری توورەیی ئێرانییەکان بوون.

دەبێ ئەوەمان لەبیربێ گرژییەکان دوای ئەوە زیادیان کرد کە ئەمریکا سزای بەسەر هەناردەی نەوتی ئێراندا سەپاند. ئێران داوای دەکرد پشکێکی گەورەتری لە بەرهەمهێنانی ئۆپێکدا هەبێ، کەچی (بەهۆی سزاکانەوە) هەناردەی نەوتی سفر بوو.

دواجار ڕۆژی چوارشەممەی ڕابردوو، ئەندامانی ئۆپێک لەسەر ئەوە ڕێککەوتن کە کۆبوونەوەی داهاتوویان لە ڕۆژی یەکی تەمووز بێ، ڕۆژی دواتریش لەگەڵ وڵاتانی دەرەوەی ئۆپێک بە سەرکردایەتیی ڕووسیا کۆدەبنەوە. پێشتر بڕیار بوو ڕۆژانی 25 و 26ی حوزەیران کۆبوونەوەکان بەڕێوەبچن، بەڵام ڕووسیا پێشنیاری کردبوو دانیشتنەکان بۆ دوای کۆبوونەوەی گرووپی 20 دوابخرێن کە بڕیارە لە کۆتایی ئەم مانگە بەڕێوەبچێ.

ساڵی ڕابردوو، ئۆپێک و هاوپەیمانەکانی (کە بە ئۆپێک پڵەس ناسراون)، لەسەر ئەوە ڕێککەوتن کە ئاستی بەرهەمهێنانیان لە چاو مانگی یەکەمی 2018 بە بڕی 1.2 ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا کەم بکەنەوە. چاوەڕوانییەکان زیاتر بەلای ئەوەدا دەچن کە ڕێککەوتنی دابەزاندنی بەرهەمهێنان هەتا کۆتایی ئەمساڵیش درێژ بکرێتەوە، ئەوە ئەو شتەیە کە زۆربەی بەرپرسانی ئۆپێک جەختی لەسەر دەکەنەوە.

ڕێکخراوی ئۆپێک لە ڕاپۆرتەکەی ئەم دواییەیدا چاوەڕێ دەکات ئاستی داوا لەچاو پێشبینییەکەی پێشوو بەبڕی 70 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا کەم ببێتەوە، پێیوایە گەشەی داوای نەوت بۆ ئەمساڵ 1.14 ملیۆن بەرمیل دەبێ، ئاستی داوای سەر نەوتی ئۆپێک بۆ ساڵی 2019شی لە 31.6 ملیۆن بەرمیلەوە بۆ 30.5 ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا دابەزاند.

*** رائید خزر شارەزای ستراتیژی بازاڕی جیهانییە، ئەزموونێکی بەرفراوانی لەگەڵ بازرگانی فۆرێکس، پەرەپێدانی بزنس و لێکۆڵینەوە لە بواری ژمێریاریدا هەیە. ئێستا بەرپرسی ناوچەیی بەشی لێکۆڵینەوە و شرۆڤەیە لە گرووپی ئیکویتی.**
*** هورمز فەریار بەرپرسی بەشی فرۆشی دامەزراوەیی و جیهانییە لە گرووپی ئیکویتی و ئەزموونێکی 20 ساڵەی لە پیشەسازیدا هەیە و بەشدار بووە لە ستەیت ستریت بانک، کریدیت سوویس بانک و گرووپی ئیکویتی. خزر و فەریار ئەم وتارەیان تایبەت بۆ هەفتەنامەی (ڕووداو) نووسیوە.**

# چارەنووسی ڕێککەوتنەکەی عێراق و ئیکسۆن مۆبیل نادیارە

**ڕووداو – هەولێر**

چەند هەفتەیەک لەمەوبەر کۆمپانیای ئیکسۆن مۆبیلی ئەمریکی خەریک بوو دوایین هەنگاوەکان بۆ تەواوکردنی گرێبەستێکی 53 ملیار دۆلاری لەگەڵ حکومەتی عێراق تەواو بکات، بەڵام ناکۆکی لەسەر خاڵەکانی گرێبەستەکە، نیگەرانیی ئەمنی و گرژییەکانی نێوان ئەمریکا و ئێران لە ناوچەکە، هەنگاوەکانی خاو کردەوە.

## کێشەی گرێبەست.. دوو مودێلی جیاواز

چوار بەرپرسی عێراقیی ئاگادار لەو دانوستاندنەی نێوان عێراق و کۆمپانیاکە، بە ئاژانسی (ڕۆیتەرز)یان ڕاگەیاندووە کە دانوستاندن بەهۆی کۆمەڵێک خاڵی گرێبەستەکەوە وەستاوە، سەرەکیترین خاڵی ناکۆکیش پەیوەندی بە پێشنیازی ئیکسۆن مۆبیلەوە هەیە بۆ قەرەبووکردنەوەی خەرجییەکان. کۆمپانیا ئەمریکییەکە داوای کردووە بۆ قەرەبووکردنەوەی خەرجییەکانی لە بەرهەمی دوو کێڵگەدا پشکی هەبێ.

عێراق ئەو پێشنیازەی ڕەتکردووەتەوە، چونکە پێشێلی مافی خاوەندارێتیی حکومەت بەسەر بەرهەمی نەوتەوە دەکات. یەکێک لە دانوستاندنکارەکان لە لێدوانێکدا بە ئاژانسە بەریتانییەکەی گوتووە، بەغدا هیچ ڕێککەوتنێک بەم مەرجانەی ئێستای ئیکسۆنەوە واژۆ ناکات.

هەفتەی ڕابردوو فەیاز نیعمە، جێگری وەزیری نەوت بۆ کاروباری کێڵگەکان ڕایگەیاند کە دانوستاندن بەردەوامە و چاوەڕێ دەکرێ هەردوو لایەن لە داهاتوویەکی نزیکدا ڕێکبکەون.

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە، دانوستاندنەکان دوو جار ڕاوەستاون، دوای ئەوەی ستافی ئیکسۆن مۆبیل بەهۆی ململانێی ناوچەییەکانی نێوان تاران و واشنتن ناچار بوو عێراق جێبهێڵێ. یەکەمجاریان لە مانگی ئایاردا بوو، کاتێک وەزارەتی دەرەوە بڕیاری دا ستافی "ناپێویست"ی باڵیۆزخانە و کونسوڵخانەکانی ئەمریکا لە عێراق ڕەوانەی ئەمریکا بکاتەوە. دووەمجاریش دوای ئەوە هات کە هەفتەی ڕابردوو گوللە هاوەن ئاراستەی بنکەی کۆمپانیاکە لە باشووری عێراق کرا.

لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعسەوە، عێراق گۆڕەپانی ململانێی ئێران و ئەمریکا بووە بۆ زیاترکردنی نفووزی خۆیان لە ناوچەکەدا، ئەوەش لە 16 ساڵی ڕابردوودا کاریگەریی گەورەی لەسەر سەقامگیریی عێراق هەبووە و لەمپەری گەورەشی خستووەتە سەر ڕێی هەستانەوەی ژێرخانی داتەپیوی عێراق.

**ئیکسۆن داوای مۆدێلی "پشکداربوون لە بەرهەم" دەکات و عێراقیش بەوە ڕازی نییە**


بەهای گرێبەستەکەی ئیسکۆن مۆبیل لەگەڵ حکومەتی عێراق 53 ملیار دۆلارە

بەرپرسێکی عێراقی کە چاودێریی چالاکیی کۆمپانیا بیانییەکان لە عێراق دەکات، لە لێدوانێکدا بۆ (ڕۆیتەرز) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە "ئیکسۆن بەهۆی پشێوییەکانی ناوچەکە ستافی خۆی لە عێراق کشاندنەوە. پرسیارەکە ئەوەیە ئەوان لەو دۆخە ناسەقامگیرە بەردەوامەی ناوچەکە چۆن ئیدارەی پرۆژەیەکی 53 ملیار دۆلاری دەکەن. ڕەنگە ئەوان جارێکی دیکە کارەکانیان جێبهێڵن و ئەوەش زیان بە کەرتی وزەی ئێمە دەگەیەنێ".

عێراق دووەم گەورەترین بەرهەمهێنەری نەوتی ئۆپێکە و دەیەوێ بەشێوەیەکی بەرچاو پەرە بە کەرتی نەوتی خۆی بدات، بۆ ئەوەی قەرەبووی زیانەکانی چەندین ساڵ شەڕی نێوخۆ و جەنگی هەشت ساڵە لەگەڵ ئێران و 13 ساڵ ئابڵوقەی نێودەوڵەتی بکاتەوە.

ئەم گرێبەستە شوێنپێی ئیکسۆن مۆبیل لە عێراق بەهێزتر دەکات. لە چوارچێوەی ڕێککەوتنەکەدا، ئیکسۆن مۆبیل دامەزراوەیەکی چارەسەری ئاو بۆ دەرهێنانی نەوت و بۆڕی گواستنەوەی نەوت بۆ عێراق دروستدەکات، لەلایەکی دیکەشەوە، ئیکسۆن مۆبیل مافی کارکردن لە دوو کێڵگەی نەوتی باشووری عێراقی پێدەدرێ.

مایک پۆمپیۆ، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، لە ماوەی سێ ڕۆژدا لە مانگی ئایاری ڕابردوو، دوو جار لەگەڵ عادل عەبدولمەهدی، سەرۆکوەزیرانی عێراق، باسی ڕێککەوتنەکەی کردووە. مانگی ڕابردوو، سەرۆکوەزیرانی عێراق ڕایگەیاند حکومەتەکەی لە ڕێککەوتنە 53 ملیار دۆلارییەکە نزیکە کە ماوەکەی 30 ساڵە و تێیدا ئیکسۆن مۆبیل وەک بەشداری سەرەکی و کۆمپانیای پێترۆچاینای چینی وەک هاوبەش کار دەکەن.

بەڵام بەرپرسانی ئاگاداری عێراقی دەڵێن جیاوازیی بۆچوون لە نێوان هەردوو لایەن ئەوەندە زۆرە کە پێناچێ لە داهاتوویەکی نزیکدا بتوانن گرێبەستە سەرەتاییەکەش ڕابگەیەنن. کۆمپانیا زەبەلاحە ئەمریکییەکە پێشنیاری مۆدێلێک لە ڕێککەوتنی کردووە کە بە مۆدێلی "پشکداربوون لە بەرهەم" ناسراوە. لە چوارچێوەی ئەو مۆدێلە گرێبەستەشدا داوای کردووە لە بەرهەمی دوو کێڵگەی نەوتی پشکی هەبێ، بۆ ئەوەی قەرەبووی خەرجییەکانی پێ بکاتەوە.

عێراق دژی ئەو مۆدێلە گرێبەستەیە و پشتگیری لە مۆدێلێکی دیکەی گرێبەست دەکات کە بە "گرێبەستی خزمەتگوزاری" ناسراوە و تێیدا کۆمپانیای چالاک بەپێی نرخی جێگیرکراوی نەوت بۆ هەر بەرمیلێک هەقدەستی خۆی وەردەگرێ. یەکێک لە دانوستاندنکارە عێراقییەکان لەوبارەوە دەڵێ: "ئێمە پێمان ڕاگەیاندن کە بە هەموو شێوەیەک میکانیزمی پشکداری لە بەرهەم ڕەتدەکەینەوە، چونکە ئەوە دژی سیاسەتی وزەی حکومەتە".

سەرەڕای ئەوەش بەرپرسەکە جەختی لەوە کردووەتەوە کە هێشتا زووە بۆ ئەوەی بڵێن عێراق چ جۆرە گرێبەستێکی بەدڵە، چونکە پێشتر لەگەڵ کۆمپانیا بەڵێندەرەکان گرێبەستی وەهای کردووە کە کۆمپانیاکان بەشێک لە قازانجی پرۆژەکەیان بەربکەوێ.

بەرپرسێکی دیکە ئاشکرای کردووە کە پرۆپۆزاڵەکەی ئیسکۆن مۆبیل ئەوەشی تێدابووە کۆمپانیاکە خۆی بەشێک لە نەوتی خاوی عێراق بفرۆشێ، بێ ئەوەی بۆ دامەزراوەی بازاڕدۆزی نەوتی عێراق (سۆمۆ) بگەڕێتەوە.

## ئاگری ئێران و ئەمریکا

گرژیی نێوان ئێران و ئەمریکا لە دوو ساڵ و نیوی ڕابردووی دەسەڵاتی دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکادا گەیشتووەتە لووتکە. لە یەک مانگی ڕابردوودا کەشتییە نەوتهەڵگرەکانی کەنداو کراونەتە ئامانج، دامەزراوە نەوتییەکانی ئیسکۆن لە عێراق کەوتوونەتە بەر هێرش و هەفتەی ڕابردووش فڕۆکەیەکی بێ فڕۆکەوانی ئەمریکی لە گەرووی هورمز کرایە ئامانج. ئەمریکا پەنجەی تۆمەت بۆ ئێران درێژ دەکات، بەڵام ئێران جگە لە خستنەخوارەوەی فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکە، بەرپرسیارێتی هیچکام لە هێرشەکانی دیکەی نەگرتووەتە ئەستۆ.

دانوستاندنەکانی نێوان ئیکسۆن مۆبیل و حکومەتی عێراق هاوکات بوو لەگەڵ ئەو گرژییانە. مانگی ڕابردوو کاتێک ئیکسۆن مۆبیل ستافی خۆی لە عێراق کشاندەوە، وەزارەتی نەوتی عێراق هەنگاوەکەی بە "سیاسی" وەسفکرد و ڕەتیکردەوە هیچ هۆکارێکی ئەمنی لە پشت بڕیارەکەوە بێ.

بەڵام گرێبەستەکەی ئیکسۆن مۆبیل جەمسەربەندییە سیاسییەکانی عێراقی تۆختر کردووە. بەسمە بەسیم، پەرلەمانتاری عێراق و ئەندامی لیژنەی وزەی عێراق، پێیوایە وڵاتەکەی دەبێ ئەو گرێبەستە بکات، بۆ ئەوەی کەرتی وزەی وڵاتەکەی گەشە بکات. بەڵام پەرلەمانتارانی سەر بە گرووپەکانی نزیک لە ئێران پێیانوایە ئەوە "داگیرکارییەکی نوێ"ی ئەمریکایە لە عێراق. کەریم عەلەوی، ئەندام پەرلەمانی سەر بە ڕێکخراوی بەدر دەڵێ: "حکومەت لە ژێر گوشارێکی زۆری ئەمریکییەکاندایە بۆ ئەوەی ڕێککەوتنی درێژماوەی وزە و کارەبا بکات. ئەوە فێڵێکە بۆ کۆنترۆڵکردنی ئابووریی ئێمە". بەدر دووەم گەورەترین گرووپی پەرلەمانی عێراقە و لە کۆنەوە پەیوەندییەکی نزیکیان لەگەڵ ئێران هەیە.



## ئەو سێ گەنجەی دەستدرێژییان کردبووە سەر منداڵێک دەستگیرکرانەوە

**ڕووداو – هەولێر**

ئەو سێ گەنجەی کە ڕۆژی 2019/4/14 بە تۆمەتی دەستدرێژی بۆ سەر منداڵێک لە هەولێر دەستگیرکرابوون و دواتر لە ڕۆژی 2019/6/17 بە کەفالەتی 30 ملیۆن دینار ئازادکران، هەینی ڕابردوو جارێکی دیکە دەستگیرکرانەوە. لوقمان ئیسماعیل، باوکی منداڵەکە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "دوای ئازادکردنی گەنجەکان بە کەفالەت، هەستم کرد زووڵمم لێدەکرێت، لەبەرئەوە داوام لە سەرۆکی هەرێمی کوردستان کرد لەو کەیسە ئاگاداربێت و یارمەتیمان بدات". ڕۆژی هەینی جارێکی دیکە ئەو سێ گەنجە دەستگیرکرانەوە و ئەمجارە دادوەر بە ماددەیەک لە زینداندا ڕایگرتوون کە مافی بەکەفالەت ئازادکردنیان پێنادات.

## خۆی کرد بە قەڵغان بۆ باوکی

# کچێک لەلایەن ئامۆزاکەیەوە دەکوژرێ

**عومەر چاوشین**
**ڕووداو- پشدەر**



(س) توند باوەشی بە باوکیدا کردبوو بۆ ئەوەی لە ئاگری ئەو شەڕە دووری بخاتەوە کە لەسەر پارچە زەوییەک لە نێوان باوکی و ئامۆزاکەی خۆیدا هەڵگیرسابوو، کەچی لەو کاتەدا گوللەیەک بەر خۆی دەکەوێت و دەبێتە تاکە قوربانیی شەڕەکە.

ئێوارەی ڕۆژی 2019/6/12 لە ناحیەی هەڵشۆی سەر بە قەزای پشدەر، کچێکی تەمەن 25 ساڵ بەناوی (س.مەحموود حەسەن) لە شەڕی نێوان باوکی و ئامۆزایەکیدا کوژرا. پۆلیس دەڵێت شەڕەکە لەسەر پارچە زەوییەکی بچووک بووە.

ڕائید شۆڕش ئیسماعیل، گوتەبێژی پۆلیسی ڕاپەڕین بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ئەو شەڕەی ناحیەی هەڵشۆ کە ڕۆژی 19ی ئەم مانگە ڕوویداوە، لە نێوان مام و برازایەک بووە. کەسێک بەناوی (ە.ع.ح) کە خێزانداره و باوکی چوار منداڵە، تەقەی لە ماڵی مامێکی خۆی کردووە، بەو هۆیەوە کچی مامی بەرکەوتووە و کوژراوە".

سەبارەت بە هۆکاری شەڕەکە، ڕائید ئیسماعیل گوتی: "شەڕەکە لەسەر پارچە زەوییەکی بچووک بووە کە لە بنەڕەتدا شوێنی نیشتەجێبوونە، بەڵام کردوویانە بە کشتوکاڵ، بە گوتەی خۆیان یەکێکیان سنووری زەویی ئەوی دیکەیانی بەزاندووە، لەسەر ئەمە بووەتە شەڕیان".

بە گوتەی ڕائید شۆڕش، شەش سەعات دوای ڕووداوەکە پۆلیس توانیویەتی بکوژی ئەو کچە دەستگیر بکات. دانی بە تاوانەکەشیدا ناوە، بۆیە بەپێی ماددە 406 لە یاسای سزادانی عێراقی دۆسیەی بۆ کراوەتەوە. وەکو پۆلیس گوتی، باوکی تەقەکەرەکەش دەستگیرکراوە، چونکە ئەو کێشەیەی لەسەر زەوییەکە دروستبووە بەهۆی ئەو بووە، بەڵام پێدەچێ بە کەفالەت ئازاد بکرێ.

سەرچاوەیەک لە ناحیەی هەڵشۆ کە ئاگاداری ڕووداوەیەکە و نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، دەڵێت ئەو دوو برایە چەند ساڵێکە لەسەر مەسەلەی زەوی و میرات کێشە کەوتووەتە نێوانیان، کێشەکەیان چارەسەر نەکردووە، بۆیە بەردەوام ساردییەک لە نێوانیاندا هەبوو.

سەرچاوەکە باسی ساتەوەختی ڕووداوەکەی کرد و گوتی: "دوای نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە باوکی کچە کوژراوەکە بەنزیک زەوی تەقەکەرەکەدا دەڕوات، باوکی کچەکە بە برازاکەی دەڵێت بۆ سنووری زەوییەکەی منت بەزاندووە؟ لەسەر ئەمە دەبێتە دەمەقاڵەیان. ئێوارە کە دەگەڕێتەوە ماڵەوە، لەلایەن برازاکەیەوە تەقە لە ماڵەکەی دەکرێ".

وەک ئەو سەرچاوەیە باسیکرد، باوکی (س) لەو کاتەدا ویستبووی بچێتە دەرەوە، بەڵام (س) توند باوەشی پێدا دەکات و لێی دەپاڕێتەوە کە نەچێتە دەرەوە. لەو کاتەدا فیشەکێک بەر کچەکە خۆی دەکەوێ و هەر لەوێ گیانی دەردەچێ. پاشان پۆلیس و ئاسایش دەگەنە شوێنی ڕووداوەکە.

شوان، برای (ە) دەڵێت، ئەو کاتەی شەڕەکە بووە، ئەو لەگەڵ باوکی لە قەڵادزێ بووە. شوان پشتڕاستی کردەوە کە براکەی کێشەی لەگەڵ مامی هەبووە، کێشەکەشیان لەسەر پارچە زەوییەکە و 10 ساڵە بە چارەسەرنەکراوی لە نێوانیاندا ماوەتەوە، ئەو دەڵێت: "زەوییەکە ئەوەی نەدەهێنا خوێنی لەسەر برژێ".

شوان هیچ بەرگرییەک لە براکەی ناکات و دەڵێت: "براکەم کەسێکی توند بوو، زوو هەڵدەچوو. کێشەکەشی لەگەڵ مامم لەسەر پارچە زەوییەکە بوو. زەوییەکە پێشتر خانووی لەسەر کرابوو، براکەم پاکی کردبووەوە و کردبووی بە کشتوکاڵ. ئەو ڕۆژە لەسەر زەوییەکە لەگەڵ مامم بووەتە کێشەیان، پاشان براکەم تەقەی لە ماڵی مامم کردووە".

شوان زۆر نیگەرانە بە لەدەستدانی ئامۆزاکەی و دەڵێت: "خۆزگە ئەو گوللەیە بەر من کەوتبایە، بەس ئەو هیچی بەسەر نەهاتبایە".

شوان دەڵێت ئەو ڕووداوە نەبووەتە هۆی تێکچوونی پەیوەندییان لەگەڵ ماڵی مامی، ئەوانیش بەشدارییان لە پرسەی کچەکەدا کردووە. ماڵی مامیشی تەنیا سکاڵایان لەسەر (ە) هەیە و هیچ کێشەیان لەگەڵ ئەوانی دیکە نییە.

مەلا عەبدولڕەحیم ڕەسوڵ کە پێشنوێژ و گوتارخوێنی مزگەوتی گەورەی هەڵشۆیە، ئاگاداری کێشەی نێوان ئەو دوو کەسەیە و دەڵێت: "ئەو زەوییە کە زۆر کەمە دەمێکە کێشەی لەسەرە، باوکیان پێش ئەوەی بمرێ وەسیەتی کردووە و زەوییەکەی داوە بە باوکی تەقەکەرەکە، واژۆی هەردوولا و شایەتحاڵەکانیش لەسەر وەسیەتەیەکە، ماوەیەک کێشەکە کۆتایی هات، بەڵام بەهۆی بەدحاڵیبوونەوە سەریهەڵدایەوە".

مەلا عەبدولڕەحیم ئاماژەی بەوەدا کە خەڵکی ئاواییەکە نەیانهێشتووە لەوە زیاتر خوێن برژێ و هەر دوای ناشتنی تەرمی (س) قسەیان لەگەڵ باوکی کردووە، بۆ ئەوەی لەگەڵ براکەی ئاشت ببێتەوە. ئەویش بە قسەی کردوون و سکاڵای لەسەر براکەی کشاندووەتەوە و ئێستا تەنیا سکاڵای لەسەر برازاکەی هەیە.



# ژنێکی دووگیان خۆی دەخنکێنێ

**تریسکە شێرزاد**
**ڕووداو – هەولێر**

مێردەکەی بە تاسەوە چاوەڕێ بوو ببێتە باوکی منداڵێکی دیکە، تەنیا دوو مانگ مابوو بۆ ئەوەی منداڵی دووەمی لە باوەش بگرێ، بەڵام هاوژینەکەی بە پەت خۆی هەڵدەواسێ و کۆتایی بە ژیانی خۆی و کۆرپەلەکەی نێو سکی دێنێ.

(هاوبەش، خ) تەمەن 29 ساڵ کە دایکی کچێکی تەمەن سێ ساڵان و دانیشتووی شاری کەرکووک بوو، ماوەی چوار ساڵ بوو شووی کردبوو، بە منداڵی دووەمی دووگیان بوو، دوای نیوەڕۆی 2019/6/18 بە پەت خۆی خنکاند.

عەقید غالب تەها، بەڕێوەبەری بنکەی پۆلیسی ڕەحیماوە لە کەرکووک بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "دوای ئەوەی لەلایەن کەسوکاری ئەو ئافرەتە ئاگادار کراینەوە، پۆلیس گەیشتە شوێنی ڕووداوەکە و تەرمەکەیان ڕەوانەی پەیمانگای پزیشکی دادوەریی کەرکووک کرد".

پۆلیس لە کاتی لێکۆڵینەوە قسەیان لەگەڵ کەسوکاری کچەکە کردووە، ئەوان گوتوویانە کچەکەیان نەخۆشیی دەروونی هەبووە، بۆیە پێدەچێ لەبەر نەخۆشییەکەی خۆی خنکاندبێ.

کەسوکاری هاوبەش سکاڵایان لەسەر کەس نییە و پێیانوایە خۆخنکاندنی هاوبەش پەیوەندی بە هاوژینەکەیەوە نییە، تەنانەت ئەو کاتەی هاوبەش خۆی خنکاندووە، ئەو لە ماڵی خەزووری بووە.

پۆلیس دوای ئەوەی دڵنیابووەتەوە لەوەی ئەو ژنە خۆی خنکاندووە، تەرمەکەی ڕادەستی کەسوکارەکەی کردووەتەوە.

(ها) کە کەسێکی نزیکی مێردەکەی هاوبەشە، بە (ڕووداو)ی گوت: "هاوبەش چوار ساڵ لەمەوبەر شووی کرد، پێش ئەوەی شوو بکات نەخۆشیی دەروونی هەبوو، بەڵام کەسوکارەکەی باسی ئەوەیان نەکردبوو. سەرباری ئەوەش نێوانی لەگەڵ مێردەکەی زۆر باش بوو".

دوای ماوەیەک هاوبەش نەخۆشییەکەی سەرهەڵدەداتەوە. (ش) دەیبات بۆ لای پزیشک. پزیشکیش چارەسەری بۆ دەنووسێ و بە مێردەکەی دەڵێت دەبێ زۆر ئاگاداری بێ.

ئەگەرچی (ش) دواتر زانیویەتی کە هاوبەش پێشتر نەخۆش بووە و کەسوکارەکەی ئەمەیان لێ شاردووەتەوە، بەڵام گوێ بەوە نادات و زیاتر لە جاران گرنگی بە هاوبەش دەدات و بەردەوام چاودێری دەکات. بە تایبەتی دوای ئەوەی دەبنە خاوەنی منداڵ.

(ها) گوتی: "(ش) لە تەنیشت ماڵی باوکی خانوویەکی بە کرێ گرت، بۆ ئەوەی ئەو کاتانەی لە ماڵ نییە، دایکی چاوی لە هاوبەش و کچەکەی بێ".

سەبارەت بە نەخۆشییەکەی هاوبەشیش، (ها) گوتی: "هاوبەش زوو زوو هەڵدەچوو، پزیشک دەرمانی بۆ نووسیبوو، کاتێک دەرمانەکانی دەخوارد زۆر باش دەبوو، بەڵام هەندێکجار لە بیری دەرچوو دەرمانەکان بخوات، بەمەش باری دەروونی تێکدەچوو. (ش) بەردەوام چاودێری دەکرد، دەترسا هاوبەش بەڵایەک بەسەری خۆی بێنێ".

چوار ساڵ بەسەر پێکهێنانی خێزانیاندا تێپەڕیبوو، هاوبەش ڕۆژ بە ڕۆژ باشتر دەبوو. تا بە منداڵی دووەم دووگیان بوو، هیچ کێشەیەکی نەبوو.

(ها) گوتی: "هاوبەش ئەو کاتەی خۆی خنکاند لە حەوتەمین مانگی دووگیانییەکەیدا بوو، هاوژینەکەی گوتبووی دەچم بۆ ماڵی خەزوورم، ئەویش ئەوەی بە هەل زانیوە و لە ژوورەکەی خۆیدا بە پەتێک خۆی هەڵواسیوە".

(ش) کاتێک گەڕابووەوە ماڵەوە بینیبووی کچەکەی بە تەنیا لە حەوشە دانیشتووە. کە چووبووە ژوورەوە هاوبەشی بە هەڵواسراوی بینیبوو. پەتەکەی لە گەردنی هاوبەش کردبووەوە، بەڵام پاش ئەوەی کار لەکار ترازابوو.

(ها) دەڵێت کەسوکاری هاوبەش سکاڵایان لەسەر کەس نییە، چونکە پێیانوایە کەس لە پشت خۆخنکاندنی کچەکەیانەوە نییە. لەو باوەڕەشدا نین کە هاوژینەکەی هیچ کەمتەرخەمییەکی هەبووبێ.

ئەوان دەڵێن تووشی سەرسوڕمان بوون کاتێک زانیویانە هاوبەش خۆی خنکاندووە، چونکە ئەو ماوەیە هیچ کێشەیەکی نەبووە و بە تاسەوە چاوەڕێی لەدایکبوونی منداڵەکەی بووە، بەڵام دواجار منداڵەکەشی لەگەڵ خۆی بردە ژێر گڵ.

(ها) دەڵێت لەدوای ئەو ڕووداوە (ش) باری دەروونیی ناجێگیر بووە و ئێستاش باوەڕ بەوە ناکات کە هاوبەش لە ژیاندا نەماوە.

# ژنێک لە قەڵادزێ خۆی دەسووتێنێ



گوڵە ڕەسوڵ حەمە

**عومەر چاوشین**
**ڕووداو- قەڵادزێ**

دوای دەمەقاڵەیەکی کەم، هاوژینەکەی گوڵە دەچێتە دەرەوە، گوڵە بەنیاز بووە بە هەڕەشەی خۆسووتاندن، مێردەکەی بترسێنێ، بەڵام هەڕەشەکەی بووە ڕاستی و ژیانی خۆی لەسەر دانا. ئەگەرچی کەس سکاڵای لەسەر تۆمار نەکردووە، بەڵام پۆلیس هاوژینی گوڵێی دەستگیر کرد.

سەعات 11ی شەوی 2019/6/18 ئافرەتێکی تەمەن 24 ساڵ بەناوی گوڵە ڕەسوڵ حەمە، دانیشتووی گەڕەکی ڕاپەڕین لە شارۆچکەی قەڵادزێ، بە مەبەستی ترساندنی مێردەکەی نەوت بە خۆیدا دەکات، بەڵام لەناکاو ئاگر لە جەستەی خۆی بەردەدات، ئاگرەکە لە کۆنترۆڵ دەردەچێ و زۆربەی جەستەی دەسووتێ. هەرچەندە ئەو ژنە بەپەلە گەیەنرایە نەخۆشخانە، بەڵام دوای چواردە سەعات لە نەخۆشخانە گیانی دەرچوو.

ڕائید شۆڕش ئیسماعیل، گوتەبێژی پۆلیسی ڕاپەڕین لەبارەی ڕووداوەکە ڕایگەیاند: "دوای لێکۆڵینەوە دەرکەوت ئەو ژنە لەداخی هاوژینەکەی، ئاگری لەخۆی بەرداوە، هۆکارەکەشی دیارە لێکتێنەگەیشتنی نێوانیان بووە، بۆیە دادوەر بەپێی ماددە 408 لە یاسای سزادانی عێراقی بڕیاری دا مێردی ژنەکە دەستگیر بکرێ".

هەر لەوبارەوە عوسمان ئەحمەد، بەڕێوەبەری کارگێڕیی نەخۆشخانەی شەهیدانی قەڵادزێ گوتی: "بەگوێرەی ئەو پشکنینانەی کە بۆ تەرمی ئافرەتەکە کرا، دەرکەوت نەوتی بەخۆیدا کردووە و ئاگری لە جەستەی خۆی بەرداوە، بەو هۆیەشەوە 80%ی جەستەی سووتابوو، بەهۆی زۆریی ڕێژەی سووتانەکەی بەڕێمانکرد بۆ نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانی، بەڵام 14 سەعات دواتر لە نەخۆشخانە گیانی دەرچوو".

بە گوێرەی قسەی کەسوکارەکەی، پێش ڕووداوەکە گوڵە و (ئا)ی هاوژینی دەمەقاڵەیەک لە نێوانیاندا بووە. دواتر هاوژینەکەی چووەتە دەرەوە، کاتێک گەڕاوەتەوە ماڵەوە، گوڵە ویستوویەتی بیترسێنێ، بۆیە کەمێک نەوتی بە دامێنی مەکسییەکەیدا کردووە و ئاگری لە جەستەی خۆی بەرداوە، بەڵام دواتر ئاگرەکەی پێ نەکوژێندراوەتەوە و 80%ی جەستەی سووتاوە.

بەکر ڕەسوڵ کە برای گوڵەیە، دەڵێت خوشکەکەی پێنج ساڵ بوو شووی کردبوو، هەرچەندە ماڵی جیای نەبوو، بەڵام لەگەڵ ماڵی خەزووریشی هیچ کێشەی نەبوو، بەدرێژایی ئەو پێنج ساڵە تەنیا جارێک لەگەڵ هاوژینەکەی بووەتە کێشەیان و زیز بووە، بەڵام دواتر بە هەوڵی هەردوو خێزان کێشەکەیان چارەسەر کردوون و گوڵە گەڕاوەتەوە لای مێردەکەی.

ئەگەرچی گوڵە پێنج ساڵ بوو مێردی کردبوو، بەڵام منداڵی نەدەبوو، براکەی پێیوایە ئەوە کاریگەریی زۆری لەسەر دەروونی خوشکەکەی هەبووە. بەکر دەڵێت: "گوڵەمان بردە لای چەندین پزیشک و مەلا، مەلا دەیگوت نووشتەی لێکراوە بۆیە منداڵی نابێ".

بە گوتەی بەکر ڕەسوڵ، خوشکەکەی و زاواکەیان لەڕووی تەندروستییەوە کێشەی منداڵنەبوونیان نەبووە و نەزۆک نەبوون، تەنانەت منداڵیشیان دروستکردووە، بەڵام منداڵەکانیان لەبار چوون. بەکر دڵنیایە لەوەی خوشکەکەی، خۆی سووتاندووە، بەڵام نازانێ لەبەرچی، هەر بۆیەش سکاڵایان تۆمار نەکردووە.

عەبدوڵڵا حەسەن کە مامی هاوژینی گوڵەیە، دەڵێت منداڵنەبوون هیچ کێشەیەکی بۆ گوڵە و هاوژینەکەی دروست نەکردبوو. ئەو باسی هۆکاری خۆسووتاندنی گوڵە دەکات و دەڵێت: "ئەو شەوە (ئا) و گوڵە کێشەیەکی بچووکیان هەبووە. (ئا) چووبووە دەرەوە، نزیکەی 11ی شەو گەڕابووەوە، گوڵە ویستبووی مێردەکەی تاقیبکاتەوە تا بزانێت (ئا) چەندی خۆشدەوێت، بەشێکی کەمی دامێنی ماکسییەکەی نەوتاوی کردبوو، پاشان ئاگری لەخۆی بەردابوو، بەڵام لەبەرئەوەی ماکسییەکەی نایلۆنی زۆر بوو، ئاگرەکە تەشەنەی کردبوو، مێردەکەی هەوڵی دابوو بیکوژێنێتەوە، تەنانەت هەردوو دەستی سووتاون، بەڵام ئاگرەکەی پێ کۆنترۆڵ نەکرابوو".

عەبدوڵڵا ڕەتیکردەوە گوڵە و هاوژینەکەی کێشەی گەورە لەنێوانیاندا هەبووبێ و دەڵێت تەنانەت گوڵە لەسەرەمەرگدا داوای بینینی هاوژینەکەی کردبوو. کەسوکاری گوڵەش پێیانوایە کە هاوژینەکەی هیچ هەڵەی نەبووە، هەر بۆیە سکاڵایان لەسەر تۆمار نەکردووە.



## گەنجێک برایەکی خۆی کوشت

**ڕووداو- کۆیە**

گەنجێک لە گوندێکی کۆیە برایەکی بچووکی خۆی کوشت و تاوەکو ئێستا دەستگیرنەکراوە. عەلی عەبدوڵڵا، بەڕێوەبەری پۆلیسی کۆیە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند شەوی 2019/6/22 لە گوندی ساماڵ لەنێوان کۆیە و شۆڕش، گەنجێک تەقەی لە برایەکی بچووکتر لە خۆی کردووە و کوشتوویەتی. کوژراوەکە ناوی "فەرهاد یوسف" لەدایکبووی ساڵی 1987ـە. تۆمەتبارەکەش برای گەورەیەتی و دوای تەقەکردن لێی، هەڵاتووە. بەگوتەی بەڕێوەبەری پۆلیسی کۆیە، کێشەی ئەو دوو برایە لەو گوندەدا لەسەر زەویوزار بووە، برا گەورەکە بە چەکی کلاشینکۆف تەقەی لە برا بچووکەکەی خۆی کردووە.



# لەسەر کۆمێنتی فەیسبووک کوژرا

**عومەر چاوشین**
**ڕووداو – قەڵادزێ**

ئەوە سێ ساڵە بەدوای یەکدا، پرسە لە ماڵی حەمە ئەحمەد تازە دەبێتەوە، هەر ساڵێک کوڕێکیان لەدەستدەدەن، بەڵام مردنی حەسەن وەکو مردنی دوو کوڕەکەی دیکەیان ئاسایی نەبوو، ئەم کوڕەیان لەسەر شتێکی زۆر سادە کوژرا کە سەرەتا بەهۆی شەڕە سەگەوە دەستیپێکرد، دواتر پەڕییەوە نێو فەیسبووک، پاشان مەرگی حەسەنی بەدوادا هات.

حەسەن حەمە ئەحمەد، تەمەن 31 ساڵ کە لەسەر لافیتەی پرسەکەی نووسرابوو (حەسەنی حەمەی پیرۆزە ڕەشی). سەعات 11:15 خولەکی شەوی 2019/6/16 لە نێو ئۆتۆمبێلەکەیدا لە گەڕەکی خۆیان (گەڕەکی هەنارۆک) لە شارۆچکەی قەڵادزێ، بە چەقۆ و پاشان بە فیشەک کوژرا.

عوسمان ئەحمەد، بەڕێوەبەری کارگێڕیی نەخۆشخانەی گشتیی شەهیدانی قەڵادزێ بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، هەر دوای ڕووداوەکە تەرمی حەسەن گەیەنراوەتە بەشی پزیشکی دادیی نەخۆشخانەکەیان، دوای پشکنین دەرکەوت بە چەقۆ و گوللە لێیدراوە، چەند برینێکی قورسی چەقۆ بەسەر جەستەیەوە بوو، هەروەها شوێنی فیشەکێک هەبووە کە بەر لای چەپی سەری کەوتووە. بەگوێرەی پشکنینەکان گوللەکە لە نزیکەوە لێیدراوە.

هەر دوای ڕووداوەکە، پۆلیس دۆسیەی لێکۆڵینەوەی کردەوە. ڕائید شۆڕش ئیسماعیل، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی ڕاپەڕین دەڵێت حەسەن لە نێو ئۆتۆمبێلەکەیدا کوژراوە. شوێنی چەقۆ و فیشەک بەسەر جەستەیەوە دیار بووە، تۆمەتبارەکەش کە بەپێی ماددە 406 لە یاسای سزادانی عێراقی بڕیاری دەستگیرکردنی بۆ دەرچووە، دوای ڕووداوەکە ڕایکردووە، بەڵام تا ئێستا بۆ پۆلیس ڕوون نەبووەتەوە حەسەن لەسەر چی کوژراوە.

بە گوێرەی قسەی کەسوکارەکەی، حەسەن پێشتر لەگەڵ ناسیاوێکی خۆیان بەناوی (س) لەسەر شەڕە سەگ کێشە کەوتووەتە نێوانیان، دواتر ئاشتیان کردوونەتەوە. بەڵام دیسان لەسەر کۆمێنت نووسین لە فەیسبووک کێشەی نێوانیان سەری هەڵداوەتەوە.

حەسەن خاوەنی حەوت برا بوو، لە دوو ساڵی ڕابردوودا برایەکی بە ڕووداوی هاتوچۆ و برایەکی بە نەخۆشی مردوون. حەسەنیش ئەمساڵ لەسەر کۆمێنتێکی فەیسبووک کوژرا.

ئیدریس کە برای حەسەنە، زۆر پەسنی براکەی دەدات و دەڵێت کەسێکی بێ کێشە بووە و لەسەر شتێکی هێندە سادە کوژراوە کە بەلای ئیدریسەوە شایەنی باسکردنیش نییە.

ئیدریس گوتی: "ئەو شەوە کە چووەتە دەرەوە، هەر لە گەڕەکەکەی خۆمان ماتۆرسکیلێک و ئۆتۆمبێلێک هاتوونەتە سەر ڕێگەی. بە تەور و چەقۆ لێیانداوە و برینداریان کردووە، پاشان تەقەیان لێکردووە و کوشتوویانە".

ئیدریس کاتێک هەواڵی برینداربوونی براکەی پێدراوە، بە پەلە چووەتە خەستەخانە، بەڵام دەڵێت کاتێک حەسەن گەیەنرایە نەخۆشخانە گیانی دەرچووبوو، پۆلیس و کەسوکاری حەسەن فریای ئەوە نەکەوتبوون قسەی لەگەڵ بکەن و بزانن کێ لێیداوە و لەسەر چی لێیانداوە؟ ئیدریس دەڵێت: "ئەوانەی لە حەسەنیان داوە، پێدەچێ لە دوو کەس زیاتر بووبن. بەڵام یەکێکیان بکوژی سەرەکییە و تاوانەکەی بە هاوکاریی خەڵکی دیکە کردووە".

بە گوتەی ئیدریس، بکوژەکە ناسیاوی خۆیانە، بەڵام ئەوە نەبووەتە هۆی ئەوەی لەگەڵ بنەماڵەی بکوژەکە تووشی کێشە ببن، ئەوان تەنانەت بەشدارییان لە پرسەی حەسەنیشدا کردووە. ئیدریس دەڵێت "ئەوانیش وەکو ئێمە زۆر بەو تاوانە تێکچوون و وەکو ئێمە دەڵێن با کێشەکە بە یاسا چارەسەر بکرێ، بۆیە ئێمە هیچ کێشەمان لەگەڵ کەسوکاری کوژراوەکە نییە".

سەبارەت بە هۆکاری کوژرانی براکەی، ئیدریس دەڵێت: "براکەم وەک زۆر لە هاوڕێکانی زۆر حەزی لە شەڕە سەگ بوو (شەڕە سەگ لە پشدەر باوە) دیارە دوو هەفتە پێشتر لەگەڵ (س) دەمەقاڵەیان لەسەر ئەوە بووە. خەڵکیش بکوژەکەیان لە دژی ئەو هانداوە، دوای ئەوەی کێشە کەوتە نێوانیان ئاشتیان کردنەوە، بەڵام دواتر لەسەر ئەوەی لە فەیسبووک کۆمێنتیان بۆ یەکدی نووسیبوو، کێشەی نێوانیان سەری هەڵدایەوە".

(ڕووداو) قسەی لەگەڵ کەسە نزیکەکانی (س) کرد کە لە پرسەی حەسەن دانیشتبوون، بەڵام ئەوان ئامادە نەبوون هیچ قسەیەک لەسەر تاوانەکە بدەن.

# تەرمی کرێکارێکی نیپاڵی 28 ڕۆژە لە پزیشکی دادوەریی هەولێرە

**تریسکە شێرزاد**
**ڕووداو – هەولێر**

مانبەهادوور بە بیشالی هاوڕێی دەڵێت کات درەنگە و وەختی چوونە دەرەوە نییە. لەسەر ئەوە دەبێتە شەڕیان، بیشال لە مانبەهادوور دەدات و دەیکوژێ و هەڵدێ، بەڵام دواتر لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیر دەکرێ.

کۆتایی مانگی ڕابردوو لە شارۆچکەی عەنکاوەی سەر بە شاری هەولێر، کرێکارێکی نیپاڵی بەناوی بیشال بادێل، تەمەن 23 ساڵ، هاوڕێیەکی خۆی بەناوی مانبەهادوور، تەمەن 37 دەکوژێت کە ئەویش نیپاڵییە.

عەقید فەخرەدین مەولوود، بەڕێوەبەری بنکەی پۆلیسی عەنکاوە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "دوای ئەوەی لەلایەن چەند کەسێکەوە لە دۆزینەوەی تەرمێک ئاگادار کراینەوە، پۆلیس چوونە شوێنی ڕووداوەکە. سەرەتا وایانزانی کە ئۆتۆمبێل لێیداوە و شوفێرەکە جێیهێشتووە، بەڵام کە سەیری تەرمەکەیان کردبوو، بینیبوویان شوێنی لێدانی چەقۆ بە ملییەوە دیارە".

بیشال دوای ئەوەی هاوڕێکەی خۆی دەکوژێ، تەرمەکەی لەبەر دەرگا دادەنێ و ماڵەکە جێدێڵێ. عەقید فەخرەدین دەڵێت: "تەرمەکە لە کۆڵانێک فڕێدرابوو، هیچ لە دراوسێکان قسەیان نەدەکرد، دیار بوو دەترسان، حەوت ماڵ لە کۆڵانەکەدان کە هەموویان نیپاڵین. دواتر یەکێکیان گوتی ئەو کوڕە لەگەڵ کەسێکی دیکە لەو خانووەدا دەژی".

پۆلیس بەدوای بیشالدا دەگەڕان، بەڵام ئەو بۆ خۆی هاتە بەر دەستی پۆلیس. عەقید فەخرەدین گوتی: "نزیکەی چەند سەعاتێک بوو پۆلیس بەدوای بکوژەکەدا دەگەڕان. لە ناکاو کرێکارێکی بیانییان بینی لە نێو پارکێک دانیشتووە و دەگری، لێیان پرسیبوو کە بۆچی دەگری؟ ئەویش گوتبووی: هاوڕێیەکی خۆم کوشتووە، کاتێک بردبوویانە سەر تەرمەکە، ئاشکرا بوو کە ئەو کوشتوویەتی".

تەرمی مانبەهادوور ڕەوانەی پەیمانگەی دادپزیشکی هەولێر کرا، بە گوێرەی پشکنینەکان دەرکەوت کە بە چەقۆ لە ملی دراوە و بەو هۆیەوە گیانی دەرچووە. پێش ئەوەی بکوژرێ مەیی خواردووەتەوە، بکوژەکەش بە هەمانشێوە لە کاتی تاوانەکەدا سەرخۆش بووە.

بیشال بەپێی ماددە 406 لە یاسای سزادانی عێراقی دۆسیەی بۆ کراوەتەوە. لە ئیفادەکەیدا بۆ پۆلیس لەبارەی کوشتنی هاوڕێکەی گوتوویەتی: "ئەوشەوە لە ماڵەوە دانیشتبووین، هەردووکمان مەیمان دەخواردەوە و سەرخۆش بووین، نزیکەی سەعات 11 بوو بە مانبەهادوورم گوت دەچمە دەرەوە بۆ لای هاوڕێکانم، بەڵام ئەو گوتی کات درەنگە و نابێ بڕۆی. منیش بە گوێم نەکرد و چوومە دەرەوە. مانبەهادوور دوامکەوت، بە قایشی پانتۆڵەکەی لێیدام و نەیهێشت بڕۆم. پاشان گەڕامەوە ژوورەوە و چەقۆیەکم هێنا، سەرەتا ویستم بیترسێنم، بەڵام ئەو گوێی پێ نەدا، چەقۆکەم ڕاوەشاند ویستم لە دەستی بدەم، بەڵام بەر ملی کەوت و کەوتە سەر زەوی، منیش تەرمەکەم هەڵگرتەوە و لەبەر دەرگا دامنا، پاشان ڕامکرد و چوومە پارکێکی نزیک لەو شوێنەی لێی دەژین".

بیشال پێیوایە ئەوان بەهۆی ئەوەی سەرخۆش بوون، شەڕەکەی نێوانیان گەورە بووە. ئەو دەڵێت مانبەهادوور پێشتریش چەند جارێک لەسەر چوونە دەرەوە و درەنگ گەڕانەوە لێیداوە، بەڵام ئەو گوێی پێنەداوە و هەمیشە وەک برا گەورەیەک سەیری مانبەهادووری کردووە، بەڵام دەڵێت دوایینجار مانبەهادوور زۆری لێداوە.

عەقید فەخرەدین دەڵێت بیشال کاتێک دەستگیرکرا، دەستەکانی شوێنی لێدانیان پێوە دیار بوو. ئەو گوتی مانبەهادوور لێیداوم، بەڵام پۆلیس هیچ بەڵگەیەکی دەستنەکەوتووە لەسەر ئەوەی کێ لە بیشالی داوە.

کوشی مایا کە کچێکی نیپاڵییە و ماوەی شەش ساڵە لە هەولێر دەژیت، دراوسێی مانبەهادوور و بیشالە. ئەو بە (ڕووداو)ی گوت: "بیشال چەند مانگێک دەبێت لەو ماڵە نیشتەجێیە، سێ مانگ پێش ئێستا مانبەهادووریش هاتە لای ئەو، ئەوان لەو ماوە کەمەدا پەیوەندییەکی زۆر بەهێز لە نێوانیان دروست بوو، پێکەوەش کاریان دەکرد، بۆیە کاتێک ڕووداوەکەم بیست، باوەڕم نەکرد".

نزیکەی مانگێکە مانبەهادوور کوژراوە، بەڵام تەرمەکەی هێشتا لە پەیمانگەی دادپزیشکی هەولێرە. کوشی دەڵێت قسەیان لەگەڵ کەسوکاری مانبەهادوور کردووە، ئەوان داوای تەرمەکەی دەکەنەوە، بەڵام ئەو کۆمپانیایەی مانبەهادووری هێناوە بۆ کوردستان دەڵێن تێچووی گەڕاندنەوەی تەرمی کرێکارەکە بۆ زێدی خۆی زۆرە، بۆیە ئامادە نین بینێرنەوە.



مانبەهادوور لەلایەن هاوڕێیەکی خۆیەوە کوژرا

# سەدۆ لەسەر پارچە زەوییەک کوژرا

**تریسکە شێرزاد**
**ڕووداو- هەولێر**

سەدۆ لەگەڵ براکەی لە پێش دەرگا دانیشتبوون کاتێک لە سەربانی ماڵە دراوسێکەیانەوە دەسترێژی گوللەیان لێکرا. بەو هۆیەوە هەردووکیان بریندار بوون، بەڵام سەدۆ تا گەیەنرایە نەخۆشخانە گیانی دەرچوو. پۆلیس دوو کەسی دەستگیر کردووە، بەڵام هەردووکیان نکۆڵی لەوە دەکەن کە تەقەیان لەو دوو برایە کردبێ.

ئێوارەی ڕۆژی 2019/6/13 ، پیاوێکی تەمەن 46 ساڵ بە ناوی سەدۆ ڕەحمان، باوکی پێنج منداڵ و دانیشتووی گوندی کانی چریانی سەر بە شارۆچکەی هەریر، لە پێش دەرگای ماڵەکەی خۆی لەگەڵ براکەی، تەقەیان لێکرا، لە ئەنجامدا سەدۆ کوژرا و برایەکەشی بریندار بوو.

ڕائید هۆگر عەزیز گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "کێشەی نێوان ئەو دوو خێزانە لەسەر پارچە زەوییەک بووە، بەو هۆیەوە کەسێک کوژراوە و براکەشی گوللە بە قاچی کەوتووە و بریندار بووە".

پۆلیس هەر دوای ڕووداوەکە پەراوی لێکۆڵینەوەی کردووەتەوە. دوو کەس لەو بنەماڵەیە دەستگیرکراون کە تەقەیان لە سەدۆ و براکەی کردووە، بەڵام ڕائید هۆگر دەڵێت هەردوو کەسەکە نکۆڵی لەوە دەکەن تەقەیان کردبێ.



بەهۆی کوژرانی سەدۆوە 25 خێزان ئاوارە بوون

ڕائید هۆگر گوتیشی: "کەسوکاری تەقەکەرەکان 25 خێزانن و لەو گوندە دادەنیشن، بەڵام دوای ڕووداوەکە هەموویان هەڵاتوون، بۆیە دیار نییە کێ تەقەی لەو دوو برایە کردووە".

عارف ڕەحمان کە برای سەدۆیە، دەڵێت کێشەی ئەوان لەگەڵ دراوسێکەیان بۆ 10 ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە، کێشەکەش لەسەر پارچە زەوییەکە کە هەردوو لایان خۆیان بە خاوەنی دەزانن. عارف دەڵێت: "هەموو خەڵکی ئاوایی دەزانن ئەو پارچە زەوییە هی ئێمەیە، بەڵام دراوسێکەمان دەیویست بە زۆر داگیری بکات. ئێمەش بۆ ئەوەی کێشە لە نێوانمان دروست نەبێ، داوامان کرد کێشەکە لە ڕێگەی دادگاوە یەکلایی بکرێتەوە".

وەک عارف باسیکرد، براکەی بەردەوام خۆی لە کێشەی ئەو زەوییە لادەدا، بەڵام ئەوەشی بە بیری دراوسێکەی دەهێنایەوە کە زەوییەکە هی ئەوە و ئەوان بۆیان نییە دەستی بەسەردا بگرن، هەر بەو هۆیەشەوە 10 ساڵ بوو زەوییەکە بە بەتاڵی مابووەوە.

عارف براکەی بە کەسێکی "مەغدوور" وەسف دەکات و دەڵێت سەرباری ئەوەش هێشتا نەیدەویست لەگەڵ ئەو خێزانە کێشە دروست بکات. ئەو هەروەها دەڵێت: "ماوەیەک لەمەوبەر براکەم بە تەنیا چوو بوو بۆ چیا، دراوسێکەمان کە زانیبوویان سەدۆ بە تەنیایە بەدوایدا چووبوون، لەوێ زۆریان لێدابوو. کە گەڕایەوە زۆر لێی پاڕاینەوە کە بچێتە بنکەی پۆلیس و سکاڵا تۆمار بکات، بەڵام ئەو ڕەتیکردەوە و گوتی حەزم لە کێشە نییە، بەڵام ئەگەر ئەمجارە دووبارەی بکەنەوە، سکاڵایان لەسەر تۆمار دەکەم".

سەدۆ وا دەزانێت کە ئیدی دراوسێکەیان وازی لە پارچە زەوییەکە هێناوە، بەڵام ڕۆژێک کە لە کار دەگەڕێتەوە تووشی شۆک دەبێ کاتێک دەبینێ بناغەی خانوویەک لەسەر زەوییەکە لێدراوە.

عارف گوتی: "کاتێک براکەم ئەوەی بینی زۆر تووڕە بوو، پێیگوتن نابێت کار لەو خانووە بکەن و دەچمە پۆلیس سکاڵا تۆمار دەکەم، با دادگا بڕیار بدات کێ خاوەنی ڕاستەقینەی زەوییەکەیە، بەڵام ئەو گوێیان نەدایێ و بەردەوام بوون لەسەر دروستکردنی خانووەکە".

وەک عارف باسیکرد، ڕۆژێ پێش ئەوەی بکوژرێ، سەدۆ دووبارە چووەتەوە لای دراوسێکەیان و پێیگوتوون دەست لە دروستکردنی خانووەکە هەڵبگرن تا دادگا بڕیار دەدات "بەڵام ئەوان هەڕەشەی کوشتنیان لێکردبوو".

سەدۆ وایزانیبوو ئەوان هەر بۆ ترساندن هەڕەشەی کوشتنیان لێکردووە، بەنیاز بووە ڕۆژی یەکشەممە بچێتە بنکەی پۆلیس سکاڵا تۆمار بکات، بەڵام بەر لەوەی سکاڵا تۆمار بکات، کوژرا و برایەکیشی بریندار کرا.

عارف گوتی: "سەدۆ لەگەڵ برا گەورەکەم پێکەوە دانیشتبوون، لە ناکاو دەسترێژی گوللەیان لێدەکرێ. برا گەورەکەم گوللەیەک بەر قاچی دەکەوێت و سەدۆش چەند گوللەیەکی بەردەکەوێت".

عارف پێیوایە تەقەکەرەکان زیاتر لە دوو کەس بوون، داوا لە هێزە ئەمنییەکان دەکات بە زووترین کات تاوانبارەکان دەستگیر بکەن، بۆ ئەوەی خوێنی براکەیان بە فیرۆ نەڕوات.

## ئەو عەریزەنووسانەی لە کۆمپیوتەر نازانن لە کارەکەیان دووردەخرێنەوە

# لەمەودوا بۆ هەر مامەڵەیەکی دادنووسی 25 هەزار دینار وەردەگیرێ



**شکار ئەحمەد**
**رووداو- هەولێر**

بەپێی گرێبەستێکی نێوان حکومەت و کۆمپانیایەکی کەرتی تایبەت، بڕیارە سیستەمی کارکردنی فەرمانگەکانی دادنووسی لە هەرێمی کوردستان بە ئەلیکترۆنی بکرێت، بەڵام بۆ هەر مامەڵەیەک چەندقاتی پێشتر پارە لە خەڵک وەردەگیرێت. عەریزەنووسەکان نیگەرانن لە سیستەمەکە، چونکە بێکار دەبن.

قاسم کەریم 11 ساڵە لە فەرمانگەیەکی دادنووسی کار دەکات، لەگەڵ ئەوەدا نییە کارەکانی فەرمانگەکە بە ئەلیکترۆنی بکرێن، چونکە لەمەودوا لە جیاتی قەڵەم و کاغەز دەبێ کۆمپیوتەر بەکاربێنێ، ئەویش شارەزایی لێی نییە و چانسی دامەزراندنی لەلایەن کۆمپانیاکەوە زۆر کەمە.

بژێوی ژیانی قاسم کەریم و خێزانەکەی لەسەر نووسینی ئەو عەریزانەیە کە ئەو رۆژانە لەبەردەم فەرمانگەی دادنووس بۆ هاووڵاتیانی دەنووسێ.

قاسم دەڵێت: "لەگەڵ بەڕێوەبەرانی فەرمانگەی دادنووسی و کۆمپانیاکەش دانیشتووین، ئەوان دەڵێن کوڕ و کچەکانتان بێننە شوێنی خۆتان، بەڵام من منداڵەکانم بچووکن و قوتابین، منداڵە گەورەکەم پۆلی نۆی بنەڕەتییە. ئەگەر بێتە شوێنی من دەبێ واز لە خوێندن بێنێ".

کۆمپانیای جێبەجێکار ئامادە نییە هیچ زانیارییەک لەبارەی وردەکاری سیستەمەکە و ئەو پارەش بدات کە لەبەرامبەر راییکردنی مامەڵەی خەڵک وەریدەگرن. ئەحمەد رەشید، بەڕێوەبەری کۆمپانیای RTEC بە (رووداو)ی راگەیاند: "دەستمان بە دانانی سیستەمەکە کردووە کە هەموو هەرێمی کوردستان دەگرێتەوە و بەم نزیکانە دەستبەکار دەبێت".

رۆژی 2019/6/20 بۆ یەکەمجار سیستەمەکە لە فەرمانگەی دادنووسی عەنکاوە جێبەجێ کرا. ڤیان سائیب، بەڕێوەبەری فەرمانگەی دادنووسی عەنکاوە بە (رووداو)ی راگەیاند: "سیستەمەکە لەلای ئێمە تەواو بووە و دەستمانپێکردووە، بەڵام خەڵک فێری

> **بەجێبەجێکردنی سیستەمەکە ئێمە بێکار دەبین**
> عەریزەنووسێک

سیستەمەکە نەبوون و کێشەیان لەگەڵی هەیە، بۆیە کاتێک سیستەمەکە سەرکەوتوو دەبێت کە لە هەموو شوێنێک جێبەجێ بکرێت".

سەبارەت بە نیگەرانیی عەریزەنووسەکانیش، ڤیان سائیب دەڵێت: "تاوەکو ئێستا ستافی عەریزەنووسەکان ماون و شوێنیشیان بۆ دابینکراوە، بەڵام ئەوانەی کە بەتەمەنن و خوێندەوارییان نییە کێشەیان هەیە، چونکە شارەزاییان لە بەکارهێنانی کۆمپیوتەرنییە".

بەپێی زانیارییەکانی (رووداو) تێچووی هەر مامەڵەیەک بە سیستەمە ئەلیکترۆنییەکە زیاتر لە 25 هەزار دینارە. ڤیان سائیب ئەوەی پشتڕاستکردەوە و گوتی: "تێچووی مامەڵەکان 25 هەزار دینارە، 20 هەزار دیناری بۆ کۆمپانیاکە دەبێت و 5 هەزار دیناریش بۆ حکومەت. رسووماتەکانی فەرمانگە وەکو وەسڵ و پووڵی دارایی و رسووماتی دیکەش بەپێی رێنماییەکانی دارایی وەردەگیرێت کە پارەکەی بەپێی جۆری مامەڵەکە دەگۆڕێت".

سەبارەت بە نەهێشتنی ساختەکاریش لەو سیستەمەدا، ڤیان سائیب دەڵێ: "ناتوانین بڵێین رێگری تەواو لە ساختەکاری دەکات، بەڵام زۆر کەمی دەکاتەوە، چونکە کلێشەکە بارکۆدی لەسەرە و ساختەکردنی زەحمەت دەبێت".

گوتەبێژی وەزارەتی داد وردەکاری لەبارەی سیستەمی بەئەلیکترۆنیکردنی کاری فەرمانگەکانی دادنووسی دەخاتەڕوو. نەریمان تاڵب دەڵێت: "بە ئەلیکترۆنیکردنی دادنووسی بەشێکە لە پرۆسەیەکی فراوانتر کە تایبەتە بە دامەزراندنی حکومەتی ئەلیکترۆنی لە هەرێمی کوردستان. لە وەزارەتی داد دەمێکە پرۆژەی بەئەلیکترۆنیکردنی کارەکانی تاپۆ/ بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرە دەستپێکردووە و قۆناغی باشی بڕیوە، هەنگاوەکانی بەئەلیکترۆنیکردنی فەرمانگەکانی دادنووسیش لەجێبەجێکردندایە".

لەبارەی گرێبەستەکەی نێوان حکومەت و کۆمپانیاکەش، گوتەبێژی وەزارەتی داد دەڵێ: "بەپێی نووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران و بەهەماهەنگی لەگەڵ فەرمانگەی تەکنەلۆژیای زانیاری لە ئەنجوومەنی وەزیران رەزامەندییەکە وەرگیراوە، لەلایەن کۆمپانیاوە بەنووسراو ئاراستەی وەزارەتی داد کراوە، وەزارەتی دادیش ئاماژە بە نووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران، گرێبەستی لەگەڵ کۆمپانیاکە کردووە".

لەبارەی تێچووەکانی مامەڵەی خەڵکیش بەپێی سیستەمە تازەکە، نەریمان تاڵب دەڵێ: "راستە گۆڕانکاری لە بڕی پارەکە روودەدات، رسووماتی دەوڵەت وەکو خۆی وەردەگیرێت. ئەو بڕە پارەیەی کە کۆمپانیاش وەریدەگرێت، لەبری ئەو خزمەتگوزاریانەی پێشکەشی دەکات 20 هەزار دینارە و 2500 دینار بۆ دەوڵەت و 2500 دیناریش دەبێتە دەرماڵەی هاندان بۆ فەرمانبەرەکانی فەرمانگەی دادنووس".

سەبارەت بە گرفتەکانی بەردەم سیستەمە تازەکە و کێشەی عەریزەنووسەکانیش کە وەک خۆیان دەڵێن لە سیستەمەکەدا جێگەی ئەوان نابێتەوە، گوتەبێژی وەزارەتی داد گوتی: "سەرەتا هەموو پرۆسەیەکی بەئەلیکترۆنیکردن کێشە و گرفتی دێتە بەردەم، لەبەرئەوەی شێوازێکی کارکردنی نوێ دەبێت کە گۆڕینی کارکردنی چەندین ساڵەی فەرمانگەکانە، سەبارەت بە عەریزەنووسەکانیش ئەوانەی شارەزای کۆمپیوتەرن لە شوێنی خۆیان دەمێننەوە، ئەگەرنا دەتوانن کەسی نزیکی خۆیان، کوڕ و کچەکانیان کە شارەزاییان لە کۆمپیوتەر هەیە، لە شوێنی خۆیان دابنێن".

ساڵی 2010 وەزارەتی داد بۆ هەمان مەبەست گرێبەستی لەگەڵ کۆمپانیایەکی کەرتی تایبەت کرد، بەڵام خاوەنی کۆمپانیاکە دەڵێ بەبیانووی زۆریی نرخەکەی کە تەنیا 1500 دینار بوو، حکومەت گرێبەستەکەی هەڵوەشاندەوە و زەرەرێکی زۆریشیان کردووە.

ئەحمەد ئیسماعیل، بەڕێوەبەری کۆمپانیای زەمەند بە (رووداو)ی راگەیاند: "ساڵی 2010 ئێمە پرۆژەیەکمان پێشکەشی وەزارەتی داد کرد، دواتر گرێبەستێکمان لەگەڵ وەزارەتی داد واژۆ کرد بۆ ماوەی سێ ساڵ، بۆ هەر مامەڵەیەک تەنیا 1500 دینارمان وەردەگرت، کلێشەیەکمان دروستکرد کە لۆگۆی وەزارەتی دادی لەسەر بوو، بارکۆدی هەبوو، سێ نوسخەی کاغەزی زەرد بوو، نەدەتوانرا ساختە بکرێت و دوای دەستبەکاربوونیشمان توانرا زۆر مامەڵەی ساختە دەستیان بەسەردا بگیرێت".

> ### خاوەن کۆمپانیایەک:
> **گرێبەستمان لەگەڵ حکومەت هەبوو بۆ هەر مامەڵەیەک 1500 دینار وەربگرین، بەڵام ئێستا کۆمپانیایەکی دیکە بۆ هەمان کار 25 هەزار دینار وەردەگرێ**

بە گوتەی ئەحمەد ئیسماعیل، دوای ساڵێک وەزارەتی داد پەشیمان بووەتەوە: "دوای دەستبەکاربوونی سیستەمەکە پارێزەرێک سکاڵای لەسەر وەزارەتی داد لە دهۆک تۆمار کرد کە نابێت کاری فەرمانگەکانی دادنووسی بدرێ بە کەرتی تایبەت، وەزارەت کەیسەکەی دۆڕاند، بۆیە دوای ساڵێک وەزارەتی داد بەبیانووی زۆریی نرخەکەی گرێبەستەکەی لەگەڵ ئێمە هەڵوەشاندەوە و کۆمپانیاکەمان نزیکەی ملیۆنێک و 500 هەزار دۆلاری لەو پرۆژەیە زەرەر کرد".

خاوەنی کۆمپانیای زەمەند دەڵێت ئێستا بە هەمان کلێشەی ئەوان کە هەمان یوقی تێدایە و تەنیا لۆگۆکەی گۆڕاوە، گرێبەست لەگەڵ کۆمپانیایەکی کەرتی تایبەت کراوە کە 25 هەزار دینار بۆ هەر مامەڵەیەک وەردەگرێت، بێجگە لەو رسوماتەی کە حکومەت وەریدەگرێ و هەندێک مامەڵە تێچووەکەی دەگاتە زیاتر لە 40 هەزار دینار "نازانین و تێناگەین بۆچی 1500 دینارەکەی ئێمە زۆر بوو، کەچی 25 هەزار دینارەکەی ئەوانیان ئاساییە، بۆیە پێویستە لایەنە چاودێرەکان بەدواداچوون بکەن، چونکە ئێمە هەست دەکەین چەند بەرپرسێک لەپشتییەوە بن کە بازرگانی بە کاری فەرمانگەکانی دادنووسی دەکەن و پارەیەکی زۆریش لە هاووڵاتیان وەردەگرن".

## "زەویی سەوزایی و بازرگانیی پرۆژەکە دەکرێتە یەکەی نیشتەجێبوون"

# لە (شاری زێڕین) کێشە دەکەوێتە نێوان سەرپەرشتیار و بەشدارانی پرۆژەکە

> **شوێنی سەوزایی و زەوی بازرگانیمان نەکردووە بە یەکەی نیشتەجێبوون**
> سەرپەرشتیاری پرۆژەکە



(فۆتۆ: رووداو)
لە پرۆژەی شاری زێڕین چەند شوقەیەک و 233 خانوو زیاد کراون

**شکار ئەحمەد**
**رووداو- هەولێر**

بەشداربووانی پرۆژەی شاری زێڕین لە هەولێر دەڵێن سەرپەرشتیارانی ئەو شارە زەویی سەوزایی نێو پرۆژەکەیان کردووە بە یەکەی نیشتەجێبوون و مامەڵەی پێوە دەکەن، سەرپەرشتیاری پرۆژەکەش دەڵێت ئەوان تەنیا لە چوارچێوەی سایدپلانی نوێی پرۆژەکە کاریان کردووە. بەڵام دەستەی وەبەرهێنانی هەولێر لەسەر سکاڵای بەشداربووانی پرۆژەکە کارکردن لەو زەویانەی راگرتووە.

پرۆژەی شاری زێڕین کە پێشتر لە 1658 یەکەی نیشتەجێبوون و 102 ڤێلا و زیاتر لە 1000 شوقە پێکدەهات، بەهۆی کێشە و بە بڕیاری ئەنجوومەنی وەزیران سایدپلانەکەی فراوان کرا و بە گوتەی سەرپەرشتیاری شاری زێڕین، 233 خانوو و چەند شوقەیەک بۆ پرۆژەکە زیاد کراون، بەڵام بەشداربووانی پرۆژەکە دەڵێن دەست بۆ زەوی سەوزایی و بازرگانیی پرۆژەکە براوە و دەکرێن بە یەکەی نیشتەجێبوون.

نەقیب کۆچەر کە یەکێکە لە دانیشتووانی شاری زێڕین، بە (رووداو)ی راگەیاند: "کاتی خۆی کە یەکەکانمان کڕی پارەیەکی زیاترمان دا، لەبەرئەوەی زەوییەکانی بەرامبەریان بۆ سەوزایی تەرخانکرابوو، بەڵام نزیکەی دوو مانگە سەرپەرشتیارانی پرۆژەکە دەستیان کردووە بە دروستکردنی یەکەی نیشتەجێبوون لەسەر ئەو زەویانەی بۆ سەوزایی دانراون، تەنانەت زەوییە بازرگانییەکانیش دەکەن بە یەکەی نیشتەجێبوون".

بەشداربووەکانی پرۆژەکە پەنایان بۆ دەستەی وەبەرهێنان بردووە تاوەکو وەبەرهێنەر دەست لەو زەویانە هەڵبگرێ و نەیانکات بە یەکەی نیشتەجێبوون. نەقیب کۆچەر دەڵێ: "لە ماوەی رابردوودا هانامان بۆ دەستەی وەبەرهێنان برد، ئەوان دەڵێن ئێمە پێماننەگوتووە کار لەو شوێنانە بکات، بۆیە ماوەیەک کارەکانیان راگرت، بەڵام ئێستا دووبارە دەستیان بە کار کردووەتەوە و زەوییە سەوزاییەکان دەکەن بە یەکەی نیشتەجێبوون، شەقام و شۆستەشیان تێکداوە".

هیوا کە بەشداربوویەکی دیکەی شاری زێڕینە، دەڵێت: "ئەو زەوییەی بۆ سەوزایی تەرخان کراوە زۆرە، بەشێکیان دابەشکراون و خانوویان لەسەر دروستدەکرێت، هەرچەندە دەستەی وەبەرهێنان بە نووسراو دەڵێن ئێمە رەزامەندیمان لەسەر نەداوە، بەڵام کۆمپانیاکە گوێ بە نووسراوەکانی وەبەرهێنانیش نادەن، لە چەند رۆژی رابردووشدا بەشێک لەو زەویانە هەیکەلی خانوویان لەسەر دروستکراوە".

بەڵام سەرپەرشتیاری شاری زێڕین نکۆڵی لەوە دەکات کە دەستیان بۆ سەوزایی و هیچ زەوییەکی بازرگانیی پرۆژەکە بردبێت.

شوان حەمەد کەریم بە (رووداو)ی راگەیاند: "کاتی خۆی لیژنەیەک لە ئەنجوومەنی وەزیران بۆ ئەو پرۆژانەی وەبەرهێنان پێکهات کە کێشەیان هەبوو، یەکێکیان شاری زێڕین بوو. لیژنەکە بڕیاری دا ئەو شارانە فراوان بکرێن بۆ ئەوەی کێشەکان چارەسەر بن، بۆیە ئێستا ئێمە سایدپلانمان هەیە و بەپێی سایدپلانەکە دەستمان بە دروستکردنی 233 خانوو لە دەوروبەری شاری زێڕین کردووە و چەند شوقەیەکیش زیادکراوە، بۆ ئەمەش رەزامەندیی حکومەت وەرگیراوە، بەڵام سەوزایی و زەوی بازرگانیمان نەکردووە بە یەکەی نیشتەجێبوون".

سەرپەرشتیاری شاری زێڕین گوتیشی: "ئێمە بەبێ مۆڵەت کارمان نەکردووە و ئەو سایدپلانەی کاری لەسەر دەکەین، واژۆی سەرۆکایەتی شارەوانی، نەخشەدانانی ئاوەدانی و دەستەی وەبەرهێنانیشی لەسەرە".

بەڵام بەڕێوەبەری گشتی وەبەرهێنانی هەولێر دەڵێت لە چەند شوێنێکی پرۆژەکە تەجاوز کراوەتە سەر زەوییەکان. سامان عارەب بە (رووداو)ی راگەیاند: "لە هەندێک شوێن تەجاوز کراوەتە سەر زەوییەکان، ئێمە ئاگاداری وەبەرهێنەرەکەمان کردەوە و کارەکانیان راگیران. دواتر لە چەند شوێنێکی دیکە سەرپێچی لەسەر دوو زەوی هەبوو، بە نووسراوی فەرمی بەڕێوەبەری ناحیەی بەحرکەمان ئاگادار کردووەتەوە بۆ ئەوەی سەرپێچییەکان لابدەن".

سەبارەت بە سکاڵای بەشدابووانی پرۆژەکەش، سامان عارەب گوتی: "ئێمە ئیجرائاتی خۆمان کردووە، هەر شوێنێک زەوی سەوزایی یان هەر شتێکی غەیری زەوی نیشتەجێبوون بێت، هیچ کەسێک ناتوانێت بیکات بە یەکەی نیشتەجێبوون، ئەگەر کراش ئێمە لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان کارەکانیان پێ رادەگرین، چونکە ناکرێت وەبەرهێنەر لەو شوێنانە دەستبەکاربێت کە فەرمانی رێگەپێدانی نییە".

کێشەیەکی دیکەی سەرپەرشتیارانی شارەکە لەگەڵ ئەو خاوەن زەویانەیە کە پێشتر زەویی قەرەبوویان لە دەوروبەری شاری زێڕین وەرگرتووە.

شوان حەمەد گوتی: "شاری زێڕین پێشتر زەوی کشتوکاڵی بووە، حکومەت خاوەن زەوییەکانی قەرەبوو کردووەتەوە و زەوییان لە دەوروبەری شارەکە پێدراوە، دوای ئەوەی شارەوانیی هەولێر و نەخشەدانانی ئاوەدانی چەسپاندنی سنووریان بۆ ئێمە کرد، ویستمان کاری تێدا بکەین، بەڵام خاوەن زەوییەکان گوتیان زەوی ئێمە کەوتووەتە نێو سایدپلانەکەوە و نابێت یەکەی نیشتەجێبوونی لەسەر دروست بکەن، بۆ ئەوەی کێشە دروست نەبێت کارکردنمان تێیدا راگرت تاوەکو لایەنە پەیوەندیدارەکان کێشەکە چارەسەر دەکەن".

سەبارەت بە کێشەی خاوەن زەوییە قەرەبووکراوەکانیش بەختیار سەدرەدین، بەڕێوەبەری نەخشەدانانی ئاوەدانی هەولێر دەڵێت: "کاتی خۆی لیژنەیەک لە سەرۆکایەتی شارەوانی بە فەرمانی وەزیری شارەوانی ئەوکاتە پێکهات، ئەوان کاریان لەسەر کوژاندنەوەی زەوی جووتیاران و قەرەبووکردنەوە کردووە، بۆیە ئەو بابەتە پەیوەندی بە شارەوانی هەولێرەوە هەیە و ئەوان بەرپرسیارێتی هەڵدەگرن، ئێمە تەنیا لە پەسەندکردن و دووبارە رێکخستنەوەی نەخشەکان بەرپرسیارێتیمان هەیە".

بەڕێوەبەری نەخشەدانانی ئاوەدانی گوتیشی: "ئێستا کە دەڵێن ئەو زەویانە خراونەتە نێو پرۆژەکەوە، ئێمە کار لەسەر دوایین نەخشەی چەسپاندنی سنوور لە شارەوانی و تاپۆ دەکەین، چونکە لەلایەن ئەوانەوە بۆ ئێمە دێت، بۆیە ئەگەر کێشەیەک هەبێت دەبێت سەرۆکایەتی شارەوانی ئاگادار بێت و بەرپرسیارێتییەکەی هەڵبگرێت".

بەڕێوەبەری گشتی وەبەرهێنانی هەولێریش سەبارەت بەو زەوییانە کە پێشتر وەکو قەرەبوو دراون بە خەڵک و ئێستا خراونەتە نێو سایدپلانی پرۆژەکە، دەڵێت: "چەسپاندنی سنوور بۆ پرۆژەکە هەیە، هەندێک لێکتێنەگەیشتن هەبووە لەنێوان نەخشەدانانی ئاوەدانی کە نەخشەی سایدپلانەکەی داناوە لەگەڵ چەسپاندنی سنوور کە سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر دایناوە، تێکەڵییەک هەیە و کێشەکەش زیاتر لەنێوان ئەو دوو لایەنەیە، بەڵام خەریکین چارەسەری دەکەین".

# جیابوونەوەی باوان منداڵ قەڵەو دەکات

**ڕووداو- BBC**

توێژینەوەیەکی سکوڵی زانستە سیاسی و ئابوورییەکان لە لەندەن دەریخستووە جیابوونەوەی باوان بە نەرێنی کاردەکاتە سەر تەندروستیی منداڵەکانیان و لەداهاتوودا ئەگەری تووشبوونیان بە چەندین نەخۆشی جەستەیی و دەروونی زیاد دەکات.

لە توێژینەوەکەدا بۆ ماوەی دوو ساڵ بەدواداچوون بۆ نزیکەی هەشت هەزار منداڵ کراوە و توێژەران بۆیان دەرکەوتووە ئەو منداڵانەی دایک و باوکیان جیابوونەتەوە، ئەگەری تووشبوون بە قەڵەوییان زیاترە.

سەرپەرشتیارانی توێژینەوەکە دەڵێن جیابوونەوەی دایک و باوک دەبێتە هۆی قەڵەوبوونی منداڵەکانیان، ئەمەش چەندین هۆکاری هەیە، لەوانە سەرقاڵبوونی دایک و باوک بە کاری خۆیان و پشتگوێخستنی منداڵەکە.

جگە لە لایەنی جەستەیی، لە توێژینەوەکەدا دەرکەوتووە جیابوونەوە کاردەکاتە سەر لایەنی دەروونیی دایک و باوکەکەش و ئەمەش وایان لێدەکات پەنا ببەنە بەر زۆرخۆری و خواردنی خۆراکی نادروست، بەمەش منداڵەکانیان خووی ئەوان هەڵدەگرن.

لە توێژینەوەکانی پێشووتریشدا دەرکەوتووە جیابوونەوەی باوان دەبێتە هۆی گۆشەگیربوونی منداڵەکانیان و دابڕانیان لە کۆمەڵگە. زوو تووڕەبوون و گرفت لە دەربڕینی هەستی خۆیان و لاوازبوونی توانای فێربوونیان.

پزیشکان ڕێنمایی دەدەن دایک و باوکان زیاتر گرنگی بە ژەمی منداڵەکانیان بدەن، خواردنی شەکر و خواردنەوە گازییەکانیان بۆ سنووردار بکەن و منداڵەکانیشیان هانبدەن بۆ ئەنجامدانی چالاکی جەستەیی و بەشداریان بکەن لە بۆنە کۆمەڵایەتییەکان و هەوڵبدەن زۆرترین کات بە یاریکردن لەگەڵ منداڵەکانیان بەسەر ببەن.





# ئایا لەیزەر دەبێتە هۆی نەزۆکی؟

**ڕووداو- مێدیکاڵ نیوز تودەی**

لەیزەر یەکێکە لە ڕێگە سەرکەوتووەکان بۆ لابردنی مووی جەستە، هەرچەندە مووەکان بنبڕ ناکات، بەڵام ڕەگی مووەکان لاواز دەکات و کەمیان دەکاتەوە.

لابردنی موو بە لەیزەر ئەگەر لەلایەن پزیشک یان کەسێکی شارەزاوە بکرێت سەلامەتە و هیچ گرفتێکی درێژخایەن دروستناکات، هەرچەندە بەشێکی خەڵکی دوای پرۆسەکە تووشی هەندێک گرفت دەبن، بەڵام ئەو گرفتانە بچووکن و لە ماوەیەکی کەمدا نامێنن، لەوانە سووربوونەوەی پێست، هەڵئاوسان و گۆڕانی ڕەنگی پێست کە لە ماوەی 6-8 هەفتە خۆبەخۆ نامێنن.

بەشێکی خەڵکی پێیانوایە لەیزەر دەبێتە هۆی نەزۆکی، بەتایبەت لە شوێنە هەستیارەکاندا، بەڵام ئەمە بەتەواوی هەڵەیە، چونکە لەیزەر تەنیا دەگاتە چینەکانی پێست و زیاتر ناڕوات، واتە تیشکەکەی ناگاتە ناوەوەی جەستە، بەمەش مەترسیی نەزۆکی دروستناکات. بەڵام لەکاتی دووگیانیدا ئەم پرۆسەیە ناکرێ، هەرچەندە لەماوەی دووگیانیدا موو لە جەستەی ژندا بەهۆی کاریگەریی هۆڕمۆنەکان زیاد دەبێت، بەڵام بەهۆی ئەوەی تاوەکو ئێستا هیچ توێژینەوەیەکی زانستی نەبووە دەریبخات کە لەیزەر لەماوەی دووگیانیدا گرفت بۆ کۆرپە دروست ناکات، لەیزەر لەماوەی دووگیانیدا ناکرێ.

بەشێکی دیکە لەو بۆچوونە هەڵانە ئەوەیە کە دەڵێن لەیزەر دەبێتە هۆی تووشبوون بە شێرپەنجە، بەڵام ئەو تیشکەی لە لەیزەردا بەکاردەهێنرێ بڕەکەی ئەوەندە زۆر نییە کە کاریگەری خراپی لەسەر ئەندامەکان هەبێت و تەنانەت تیشکەکە ناگاتە ئەندامەکانی ناوەوەی جەستە. بەر لە پرۆسەکە دەبێت بۆماوەی دوو هەفتە مووەکانی ئەو شوێنە لانەبرێن، دواتر 12-14 سەعات بەر لە پرۆسەکە بە گوێزان مووەکان لاببرێن، دوای پرۆسەکەش باشترە پێستی ئەو شوێنە تیشکی خۆری بەرنەکەوێ.



# نیشانە سەرەتاییەکانی دووگیانبوون

**ڕووداو- وەمەنس هێڵس**

بەهۆی ئەو گۆڕانکارییانەی لە جەستەی ژندا ڕوودەدات لەو ساتەوەی دووگیان دەبێت، لە سەرەتاکانی قۆناغی دووگیانی چەند نیشانەیەک بەدیاردەکەون کە لەوانەیە لەگەڵ گرفتە تەندروستییەکانی دیکەدا لێی تێکەڵ ببن و هەست بەوە نەکات دووگیانە. ئەو نیشانانە بریتین لە:



## بێهێزی

یەکێک لە بەربڵاوترین نیشانە سەرەتاییەکانی دووگیانی کە زۆربەی خانمان تووشی دەبن، بێهێزی و ماندووبوونێکی زۆرە، بەڵام زۆرجار خانمەکە وا بیردەکاتەوە ئەو بێهێزی و ماندووبوونەی دەگەڕێتەوە بۆ تووشبوونی بە پەتا و ئەنفلەوەنزا.



## هێڵنج

نزیکەی 80%ی خانمان لە قۆناغە سەرەتاییەکانی دووگیانیدا هێڵنجیان دێت، بەڵام نەبوونی هێڵنجیش مانای ئەوە نییە خانمەکە دووگیان نییە، چونکە لە هەر پێنج ژنی دووگیان یەکێکیان ئەم نیشانەیەی نییە.



## ئاوسان

زیادبوونی گازەکانی کۆڵۆن و ئاوسان، هاوکات لەگەڵ سکئێشە، یەکێکی دیکەیە لە نیشانەکانی دووگیانی، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بەرزیی هۆڕمۆنی پرۆجیسترۆن، چونکە ئەم هۆرمۆنە ماسولکەکانی جەستە بەگشتی و ئەوانەی ریخۆڵە بەتایبەتی خاو دەکاتەوە، بۆیە هۆکارە بۆ ئاوسان.



## زۆر میزکردن

زۆر میزکردن هۆکاری زۆری هەیە کە یەکێک لەوانە دووگیانبوونە، ئەمەش چونکە لەکاتی دووگیانی لێشاوێکی زیاتری خوێن بۆ گورچیلەکان دەچێت، بۆیە لە 9-16 هەفتەی یەکەمی دووگیانیدا میزکردن زۆرتر دەبێ، بەڵام ئەو میزکردنە هیچ ئازارێکی لەگەڵدا نییە.



## هەستیاری بۆ بۆن

کاتێک خانمێک دووگیان دەبێت، هەستی بۆنکردنیشی بەهێز دەبێت، هەستیاری بۆ بۆنە جیاوازەکان بەتایبەتی بۆنی خواردن، یەکێکی دیکەیە لە نیشانەکانی دووگیانبوون.



هونەر ڕێبوار

# خەتای خەسوو و خەزوورمە

ژنێکی تەمەن نزیکەی 40 ساڵان لە ڕاوێژکاریی یەکێک لە بنکە تەندروستییەکانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر هاتە لام، وەک نەخۆش سکاڵای سەرئێشەی دەکرد و لەگەڵیدا کۆمەڵێک دەردەدڵی کرد، منیش وەک تایبەتمەندیی خۆم قسە بە نەخۆش نابڕم و ئەوەندەی کاتم هەبێت گوێی بۆ شل دەکەم تاوەکو قسەکانی تەواو بکات.

سەبریە، ژنێکی تەمەن 38 ساڵان بوو، بەڵام ئەو گوشارە زۆرەی لەسەری بوو لە دەرەوەی شار، ڕوخساری لە تەمەنی پیرتر دەردەکەوت، هەر کە بینیم زانیم ئافرەتێکی زۆر ماندووە. گوتی: دکتۆر سەرئێشە کوشتوومی.

فەرمووی نەخۆشەکەم کرد دابنیشێت و چەند پرسیارێکم لێکرد لەبارەی دۆخی تەندروستی و مێژووی نەخۆشییەکەی. لە زانستی پزیشکیدا بەشێکی گرنگ لە دەستنیشانکردنی نەخۆشییەکان، بەو پرسیارکردنە دەستپێدەکات کە پزیشک لە نەخۆشەکە و هەندێ جاریش لە هاوەڵی نەخۆشەکە دەکرێن. بەداخەوە زۆرجار لەلایەن پزیشک و نەخۆشەکەشەوە کەمتەرخەمیی زۆر لەم لایەنەدا دەکرێ، هەندێکجار پزیشک بەهۆی زۆریی نەخۆش هەم لە ڕاوێژکارییەکان و هەمیش لە نۆڕینگە تایبەتەکان حەقی تەواو بەم کارە نادات و پشتگوێی دەخات، زۆرجاریش نەخۆش ڕاهاتووە کە یەکسەر داوای پشکنین دەکات، یان کۆمەڵێک پشکنینی کردووە و لە پێشت هەڵیاندەڕێژێ و یەکسەر داوای چارەسەرت لێدەکات.

نەخۆشەکەی من گرفتی سەرئێشەی هەبوو، بەڵام جگە لەوەی سەرئێشەی هەبوو، ئامادەیی دەربڕینی هیچ وشەیەک و وەڵامی بۆ هیچ پرسیارێک نەبوو، زۆر بە خێرایی قسەی دەکرد، خۆی هەم نەخۆش بوو، هەمیش دەیویست پزیشک بێت، وەکو چۆن نەخۆش بوو، دەیویست بڕیاری پشکنین و چارەسەریش لەدەستی خۆی بێت، خانمە نەخۆشەکە بەبێ ئەوەی ڕێگە بدات لەسەر پرسیارەکانم بەردەوام بم، گوتی: "دکتۆر ئەوانەی ئەتوو دەڵێی نیمە، زەختەکم بگری باشترە"!

پێش ئەوەی زەختەکەی بگرم کە باسی زەخت "بەرزەپەستانی خوێن"ی کرد، هاتمە سەر باسی نەخۆشییە درێژخایەنەکان و بوونی ئەو نەخۆشییانە لە خێزانەکەیدا، لێمپرسی کە ئایا کەس لە خێزانەکەی نەخۆشیی درێژخایەنی هەیە؟ یەکسەر وەڵامی دامەوە: "خەسووم زەختی هەیە و خەزوورم شەکرەی هەیە، بۆیە منیش بەردەوام نەخۆشم، هەمووی خەتای خەسوو و خەزوورمە کە تووشی ئەم دەردانە دەبم".

بۆ هەندێک لە نەخۆشییە درێژخایەنەکانی وەک نەخۆشییەکانی دڵ، شەکرە، بەرزەپەستانی خوێن و جەڵتەی مێشک و دڵ کە پرسیار لە مێژووی نەخۆشییەکە لە خێزاندا دەکرێ، مەبەست لە باوانی نەخۆشەکەیە، چونکە بۆ زۆریان بۆماوەیی گرنگە، بەڵام لە کەسێکی دەرەوەی ئەوانەوە ناگوازرێنەوە، لەکاتێکدا کە باسی نەخۆشییە گوازراوەکانی وەک هەوکردنە ڤایرۆسییەکان یان بەکتریاییەکان دەکرێت، ئەوانە لە هەموو کەسێکەوە ئەگەری گواستنەوەیان هەیە و دەکرێت ئەوانە خەسوو و خەزوور، یان هەر کەسێکی دیکەبن.

ڕەنگە ئەمە لای زۆربەی پزیشکان ڕوویدابێت، کاتێک بۆ هەندێک نەخۆشیی درێژخایەنی نەگوازراوە لە نەخۆشێک دەپرسیت کە چ نەخۆشییەکی درێژخایەنی هەیە؟ نەخۆشەکە یەکسەر یەخەی ماڵی باوانی مێردەکەی دەگرێت و خەسووی و خەزووری تاوانبار دەکات، بەڵام من کە خەسوو و خەزوورم نییە، باوەڕ ناکەم خەزوور و خەسوو هێندە ڕەزا قورس بن و پێویست بە تاوانبارکردنیان ناکات.

# ڕووسیا و ئێران لە سووریا.. دوو هاوبەشی بە ڕێکەوت یان هاوپەیمانی درێژخایەن؟

لە کاتێکدا کە ڕووسیا لایەنگری "دەسەڵاتی هێزی نیشتمانیی سووریا"یە، ئێران چاوی بڕیوەتە دەسەڵاتی میلیشیا شیعەکانی نزیک لە خۆی



ڕووسیا و ئێران دەیانەوێ لەڕێی هێزە ئەمنی و سەربازییەکانەوە کاریگەرییان لەسەر ڕژێمی سووریا هەبێ

**ڕووداو- هەولێر**

ئێران و ڕووسیا لە هەشت ساڵی ڕابردوودا پاڵپشتێکی سەرەکی مانەوەی ئەسەد بوون لەسەر کورسیی دەسەڵات، هەرچەندە شارەزایان پێیانوایە هاوکارییەکانی ئەو دوو وڵاتە لە سووریا بێ کێشە نییە، بەڵام ڕاپۆرتێکی (ئەنجوومەنی ئەتڵانتیک)ی ئەمریکی جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەزموونی هەشت ساڵی ڕابردوو سەلماندوویەتی ئەو دوو وڵاتە دەتوانن لە پێناو دەستەبەرکردنی ئامانجەکانیان، چاوپۆشی لە جیاوازییەکانی نێوانیان بکەن.

ڕاپۆرتەکە پێیوایە لە کورتماوەدا کۆمەڵێک ناکۆکیی ئابووری، ئەمنی و سیاسی لەنێوان تاران و مۆسکۆدا پەیدا دەبن، لەوانە کۆنترۆڵکردنی سامانە سروشتییەکان، گرێبەستەکانی ئاوەدانکردنەوە و بەندەری لازقیە کە بزنسمانەکانی ڕووسیا و ئێران لەسەریان ناکۆکن.

لەسەر ئاستە سیاسی و ئیدارییەکەش هەردوو وڵات دەشێ لەسەر دانانی کەسانی نزیک لە خۆیان لە پۆستە ئەمنی و سەربازییە هەستیارەکانی سووریای داهاتوودا ململانێیان هەبێ، هۆکاری سەرەکیی ئەو ململانێیەش ئەوەیە هەرکام لەو دوو وڵاتە دەیانەوێ لە ڕێگەی هێزە ئەمنی و سەربازییەکانەوە کاریگەرییان لەسەر پرۆسەی بڕیاردان لە سووریا هەبێ. لەو پەیوەندییەشدا ڕووسیا لایەنگری لە دەسەڵاتی هێزی نیشتمانیی سووریا دەکات، لە کاتێکدا ئێران پێیوایە میلیشیا شیعەکانی نزیک لە خۆی دەبێ دەسەڵاتی باڵایان لە دامودەزگا ئەمنییەکانی ڕژێمدا هەبێ.

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە، لە ماوەی مامناوەندیدا، ڕووسیا و ئێران کۆمەڵێک تەحەدایان لە واقیعی سووریا لەبەردەمە کە لەبارەی چۆنیەتی زاڵبوون بەسەریاندا کۆک نین، لەوانەش "لەناوبردنی جیهادییەکان لە پارێزگای ئیدلب، وەرگرتنەوەی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی کورد لە باکووری ڕۆژهەڵات و کۆنترۆڵکردنەوەی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی تورکیا (لە باکووری سووریا)".

لە درێژماوەشدا، پێناچێ مۆسکۆ و تاران ڕوانینێکی هاوبەشیان بۆ داهاتووی سووریا هەبێ، چونکە ڕووسیا "سووریایەکی سێکولار و هەتا ڕادەیەک نامەرکەزی" دەوێ، لەکاتێکدا ئێرانییەکان خەون بە نموونەیەکی "نزیک لە لوبنان"ەوە دەبینن. ئەنجوومەنی ئەتڵانتیک دەڵێت: "بێگومان ڕووسیا و ئێران بۆچوونی جیاوازیان هەیە لەسەر ئەو هاوسەنگییە ناوچەییەی کە سووریا دەبێ بە بەشێک لێی، بەتایبەتیش ئەو لایەنەی کە پرسی ئیسرائیلی تێدەکەوێ".

ژمارەیەک شارەزا و دیپلۆمات و لێکۆڵەری ئێرانی و ڕووسی قسەیان بۆ ئامادەکاری ڕاپۆرتەکە کردووە، هەموویان ناکۆکیی نێوان مۆسکۆ و تارانیان پشتڕاستکردووەتەوە، بەڵام هاوکات جەختیان لەوەش کردووەتەوە "نابێ ناکۆکییەکانی نێوان ئەو دوو وڵاتە لە سووریا لە قەبارەی خۆی گەورەتر بکرێن" چونکە حاڵی حازر ئەو ناکۆکییانە کاریگەرییەکی بچووکیان لەسەر "ئیدارەی هاوبەشی قەیرانی سووریا لە ئاستە ستراتیژییەکەی دەبێ" و ڕاگرتنی سووریا ئامانجێکی گەورەترە لە فاکتەرەکانی جیاوازی بۆچوون و ناکۆکی.

ئەنجوومەنە ئەمریکییەکە پێیوایە کاتێک باسی کێشە هەستیارە درێژخایەنەکان دەکرێ دوو خاڵی سەرەکی دەبێ لە بیرکردنەوەی ڕووسەکاندا لەبەرچاو بگیرێ، یەکەمیان ئەوەیە فۆکەسی ئێستای ڕووسیا لەسەر سووریا لە داهاتوویەکی دووردا نییە، بەڵکو کۆمەڵێک "ئامانجی سنووردار"یان بۆ خۆیان داناوە، وەک هێشتنەوەی دامەزراوە دەریاییەکەی تەرتۆس و بنکە ئاسمانییەکەی حمێمیم.

بەپێی ڕاپۆرتەکە، مۆسکۆ چاوی لە "چارەسەرێکی بەرفراوان"ی دۆخی سووریا نییە، بەڵکو تەنیا دەیانەوێ بەوریاییەوە ئیدارەی ئەمری واقیعی سووریا بکەن، بۆیە قایلن بەوەی پێشکەوتنێکی بەرەبەرە ڕووبدات، لەوانەش گەڕانەوەی کۆمەڵێک پەنابەری سووری و ئاساییبوونەوەی پەیوەندییەکانی ڕووسیا لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی و هەندێک لە وڵاتانی ئەورووپی.

ئەوەش لە کاتێکدایە کە ئێرانییەکانیش هەستیان بەوە کردووە کە ئەوەندەی ڕووسیا پێویستی بەوانە، ئەوان پێویستییان بە ڕووسیا نییە.

خاڵی دووەم ئەوەیە مۆسکۆ لەسەر دوو ئاست کۆمەڵێک وەڵامی بۆ سێگۆشەی پەیوەندیی و کێشەکانی نێوان ئیسرائیل، ئێران و ڕووسیا داناوە. لەسەر ئاستە سەربازییەکە ڤلادیمیر پوتین، سەرۆکی ڕووسیا بە بنیامین نتانیاهو، سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیلی ڕاگەیاندووە وڵاتەکەی "ناتوانێ چالاکییەکانی ئێران لە سووریا کۆنترۆڵ بکات"، بەڵام دەستی ئیسرائیلیشی واڵاکردووە بۆ لێدان لە پێگەکانی ئێران و حیزبوڵڵا، بەو مەرجەی هاووڵاتی ڕووسی و دامەزراوە سوورییەکان نەکرێنە ئامانج.

لە ئاستە سیاسییەکەشدا، حکومەتی کریملین جەخت لەوە دەکاتەوە کە "دروستکردنەوەی سوپای نیشتمانیی سووریا باشترین ڕێگەیە بۆ ئەوەی نفووزی ئێران لە سووریا کەم بکرێتەوە، چونکە ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی ڕژێمی سووریا کەمتر پشت بە میلیشیا شیعەکان ببەستێ"، بەو مانایەش ڕووسەکان وای پێشاندەدەن "ئەسەد خۆی، وەک سەرکردەیەکی سێکولار و ناسیۆنالیست، باشترین گەرەنتییە لە بەرامبەر زیادبوونی دەستتێوەردانی ئێران لە کاروباری سووریا".

## بەربەستەکانی بەردەم میتۆدی ڕووسیا

ڕاپۆرتەکە جەخت لەوە دەکاتەوە شێوازی مامەڵەی ڕووسیا کۆمەڵێک خاڵی لاوازی تێدایە، چونکە "ڕووسیا لەسەر ئاستە سەربازییەکە گرەوی لەسەر ئەوە کردووە کە پەیوەندیی نێوان فراوانبوونەوەی نفووزی ئێران و هێرشە ئاسمانییەکانی ئیسرائیل دواجار هەردوو لایەن ناچار دەکات پشت بە جۆرێک لە خۆگونجاندن ببەستن"، بەڵام لەسەر ئەرزی واقیع پێچەوانەی ئەوە ڕوودەدات.

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە: "ئێرانییەکان هەست دەکەن ناچارن بەشداریی خۆیان لە سووریا زیاتر بکەن، بۆ ئەوەی نەبنە قوربانیی ڕێککەوتنە نهێنییەکانی نێوان ڕووسیا و ئیسرائیل"، ئەوەش "بەرزبوونەوەی گرژییەکانی نێوان ئیسرائیل و ئێرانی لێدەکەوێتەوە، کە بێگومان زیان بە پێگەی ڕووسیا (لە سووریا و ناوچەکە) دەگەیەنێ".

لەسەر ئاستە سیاسییەکەش گرەوکردن لەسەر دروستکردنەوەی سوپا و درێژکردنەوەی ماوەی دەسەڵاتی ئەسەد بۆ جڵەوکردنی نفووزی ئێران لە سووریا مەترسیدارە. ئێرانییەکان بە ڕاپۆرتەکەیان ڕاگەیاندووە کە ئەوان ئاگادارن لەوەی ڕووسیا دەیەوێ دروستکردنەوەی سوپا وەک ئامرازێک بەکاربهێنێ، لە کاتێکدا ئێرانییەکان خۆیشیان ئامادەن بەشداری لە دامەزراندنەوەی سوپای سووریادا بکەن و لەو بوارەدا ململانێی ڕووسەکان بکەن.

ئەنجوومەنی ئەتڵانتیک ئاماژە بۆ ئەوە دەکات یەکێک لە پارادۆکسەکانی دۆخی سووریا بریتییە لەوەی نە ئێران، نە ڕووسیا و نە ئیسرائیلیش "ئارەزووی لادانی ئەسەد ناکەن، چونکە هەرکام لەو سێ وڵاتە بەرژەوەندیی خۆیان لەوەدا دەبینن، ئەسەد لەسەر کورسی دەسەڵات بمێنێتەوە"، لە کاتێکدا ڕووسیا لە هەموو حاڵەتەکاندا دەتوانێ دەستکەوتەکانی لە سووریا بپارێزێ.

بەڵام ئێران حیساباتێکی جیاوازی هەیە، لەوانەش فرەلایەنکردنی دەرەفەتەکانی وەبەرهێنان و پەرەپێدانی نفووزی ئابووری و کولتووری خۆی لە سووریا. وەک ڕاپۆرتەکە ئاماژەی بۆ دەکات، ئێران بۆ دەستەبەرکردنی ئەو ئامانجانە و پەرەپێدانی نفووزی خۆی لە سووریا پێویستی بە ئەسەد و دەوروبەرەکەیەتی.

لە سووریا سوننەکان زۆرینەن و عەلەوییەکانی ئەو وڵاتەش لایەنگرێکی ئەوتۆی دەسەڵاتی ئێران نین، بۆیە ئێران لە سووریا (بە پێچەوانەی لوبنان و عێراق) بنکەیەکی جەماوەریی گەورەی شیعەی نییە، بۆیەش پێویستی بە بەشار ئەسەد و خێزانەکەیەتی بۆ ئەوەی وەک "دەرگای چوونە ناو سووریا لە پاش کۆتاییهاتنی شەڕ بەکاری بهێنێ".

# ئیخوان و میسر پاش مەرگی مورسی

**ڕووداو- هەولێر**

محەممەد مورسی، ڕۆژی 17ی حوزەیران لە کاتی دادگاییدا کۆچی دوایی کرد. ڕۆژی مەرگەکەی هاوکات بوو لەگەڵ حەوتەمین ساڵڕۆژی هەڵبژاردنەکانی 2012 کە تێیدا بە بردنەوەی 51.73%ی دەنگەکان وەک یەکەم سەرۆککۆماری میسر لەدوای کەوتنی موبارەک هەڵبژێردرا. مەراسیمی ناشتنەکەی لە بەرەبەیانی زووی ڕۆژی دواتر بەڕێوەچوو کە تێیدا تەنیا هاوژین و دوو کوڕەکەی و پارێزەرەکانی بەشدار بوون.

## سەرۆکێکی بەڕێکەوت

شادی حەمید، توێژەر لە کاروباری ئیسلامی سیاسی لە پەیمانگەی برووکینگزی ئەمریکی، لە وتارێکدا لە گۆڤاری (ئەتڵانتیک)ی ئەمریکی دەڵێت ژیانی محەممەد مورسی، بەتایبەتیش قۆناغی کۆتایی ژیانی، بەرهەمی زنجیرەیەک ڕووداو بوو، واتە ڕووداوە مێژووییەکانی 2011 و دواتر.

لە مانگەکانی یەکەمی شۆڕشی میسر و کەوتنی حوسنی موبارەک، سەرۆکی پێشووتری میسردا، ئیخوان موسلمین بەنیاز نەبوو بەربژێری بۆ پۆستی سەرۆکایەتی کۆمار هەبێ. دوو ڕۆژ پێش کەوتنی موبارەک لە شوباتی 2011، ئیخوان لە بەیاننامەیەکدا بەڵێنیان دابوو هەوڵی بەدەستهێنانی پۆستی سەرۆککۆمار نەدەن.

ئەو هەڵوێستەی ئیخوان هەتا یەک ساڵ لە شوێنی خۆی مابووەوە. سوبحی ساڵح، ئەندامی پەرلەمانی میسر لەسەر فراکسیۆنی ئیخوانەکان، لە ئاداری 2012 بە گۆڤاری (نیویۆرکەر)ی ئەمریکی ڕاگەیاندبوو کە ئیخوان "هەرگیز کاندیدیان بۆ باڵاترین پۆستی جێبەجێکاری میسر نابێ و گوتبووی "ئێمە دەمانەوێ پەیامێک بۆ هەموو لایەنەکان بنێرین و تێیانبگەیەنین کە ئیسلامییەکان بە نیازی دەستگرتن بەسەر دەسەڵاتدا نین".

چەند ڕۆژێک دواتر ئیخوان (خەیرەت شاتر)ی وەک بەربژێری ئیخوان بۆ پۆستەکە ناساند کە زۆر کەس بە بەهێزترین پیاوی ئەو کاتی میسریان دەزانی، بەڵام شاتر لەلایەن دەستەی باڵای هەڵبژاردنەکانی میسر ڕەتکرایەوە، بۆیە ئیخوان یەکسەر محەممەد مورسی لە شوێنی ئەو بەربژێر کرد. لەو کاتەوە ناوی مورسی لە میدیاکانی میسردا بە "تایەی سپێر" ڕۆیشت. وەک حەمید دەنووسێ: "مورسی بوو بە کاندیدێکی بەڕێکەوت و سەرۆکێکی بەڕێکەوت".

شادی حەمید کە لە 2010 چاوی بە مورسی کەوتبوو، لە وەسفیدا دەنووسێ: "کاتێک یەکەمجار چاوم پێیکەوت، بەرپرسێکی باڵا، بەڵام نادیاری ئیخوان بوو، لەو بەرپرسانە نەبوو کە بایەخێکی تایبەتیان لەناو ئیخواندا هەبوو، زۆر بە ئاسانیش دەکرا گریمانەی ئەوە بکەیت کە مورسی هەر ئاوها دەمێنێتەوە". گریمانەکان ڕاست دەرنەچوون.

لێکۆڵەرەکەی بڕووکینگز پێیوایە مورسی "کاریزما و بیرکەرەوەیەکی ستراتیژی نەبوو، کەسێکی نەشیاو بوو بۆ ئەو بەرپرسیارێتییەی خستبوویانە ئەستۆی". بۆیە دەڵێت: "زۆر کەس لەناو ئیخوان (بە گوێرەی ئەو شتەی ئێستا دەیزانن) ئاوات دەخوازن سەرکردایەتی ڕێکخراوەکەیان هیچکات کاندیدی سەرۆکایەتی دەستنیشان نەکردبا".

مورسی لە سەردەمی دەسەڵاتی حوسنی موبارەکدا دوو جار بەندیخانەی بینیوە کە دوایین جاری لە ساڵی 2011 بووە. لە کاتی هەڵبژاردنی سەرۆکی میسر لە 2012، نووسینگەی ئیرشادی ئیخوان 17 ئەندامی هەبوو کە چواردەیان ئەزموونی ژیانی گرتووخانەیان هەبوو.

پیتەر هێسلەر، شارەزای کاروباری میسر لە گۆڤاری (نیویۆرکەر)، دەڵێت: "سەیر نییە لە کەشی ئازادیی سیاسیی بێوێنەی میسریشدا لە 2011، ئیخوانەکان وەک قوربانیانی تراوما مامەڵەیان دەکرد، بە دزییەوە هەنگاویان دەنا و زۆربەی جاران هەڵخەڵەتێنەر دیار بوون، وەک ئەو کاتەی کە بەڵێنەکەیان لەبارەی سەرۆکایەتییەوە شکاند. ئەوان هیچکات هەوڵیان نەدا خۆیان بگەیەننە لایەنەکانی دیکە و هاوپەیمانێتیی سیاسی نوێ دروست بکەن". لە کاتێکدا میسر لەو قۆناغەدا پێویستی بە نزیکبوونەوەی لایەنەکان بوو.

محەممەد مورسی کە دکتۆراکەی لە ئەمریکا وەرگرتووە، لە یەک ساڵ و چوار ڕۆژی دەسەڵاتی خۆیدا بڕیاری لەناکاو و سەیر و سەمەرەی دەرکرد، وەک ئەو کاتەی لە ناکاو باجی گازوایل، کارەبا، زەیتی خۆراک، جگەرە و کحولی بەرزکردەوە و هەمان ڕۆژیش بڕیارەکەی هەڵوەشاندەوە.

لە تشرینی دووەمی 2012شدا، فەرمانێکی دەرکرد و تێیدا دەسەڵاتێکی بە خۆی بەخشی کە چیدی سەرۆک لە بەردەم دەزگای دادوەریدا بەرپرسیار نەبێ و دامەزراوە دادوەرییەکان نەتوانن دەست لە کاروباری لیژنەی نووسینەوەی دەستووری میسر وەربدەن.

ئەوکات لیژنەی نووسینەوەی دەستوور کە زۆربەیان ئیسلامی بوون، سەرقاڵی داڕشتنەوەی دەستوورێکی نوێ بوون بۆ میسر. ئیخوان پشتگیری لە فەرمانەکە کرد، بەڵام گروپە سێکولار و لیبراڵەکان ئەو فەرمانەیان بە هەنگاوێک بۆ چەسپاندنی شەریعەتی ئیسلامی دەزانی.

دوای ئەو بڕیارە، خۆپیشاندان و مانگرتنی گەورە لە مەیدانی تەحریری قاهیرە دەستیپێکرد، هەر ئەو مەیدانەی کە پێشتر دەسەڵاتی موبارەکی لێوە ڕووخێنرا. ژمارەیەک لە لایەنگرانی ئیخوان هەڵیانکوتایە سەر خۆپیشاندەران. مورسی شەش مانگی دیکەش دوای ئەو ڕووداوانە حوکمی میسری کرد، هەتا عەبدولفەتاح سیسی، وەزیری بەرگری لە حکومەتەکەی مورسی، لە ڕۆژانی سەرەتای مانگی تەمووزی 2013 دا بە یارمەتیی سوپا دەسەڵاتی لە مورسی وەرگرتەوە. سیسی 11 مانگ دوای کەوتنی مورسی، پۆستی سەرۆکایەتی میسری وەرگرت.

> **شێوازی مەرگی مورسی لەوانەیە ببێتە چەکێک بەدەستی ئیخوانەوە بۆ ئەوەی گوڕوتین بە ڕیزەکانی بداتەوە**
>
> لێکۆڵەرێکی پەیمانگەی واشنتن

## ئیخوان و میسر دوای مەرگی مورسی

محەممەد مورسی لە دوای کەوتنی ڕووبەڕووی کۆمەڵێک تۆمەت کرایەوە، لەوانەش هاندانی کوشتنی خۆپیشاندەران، سیخوڕی بۆ حەماس و حیزبوڵڵا و سوپای پاسدارانی ئێران، ڕاکردن لە گرتووخانە لە 2011، پێدانی زانیاری بە قەتەر و سووکایەتیکردن بە دەستەی دادوەری.

شەش مانگ دوای لەسەرکارلادانی مورسی، ئیخوان موسلمین خرایە لیستی تیرۆری حکومەتی میسرەوە، دەیان هەزار کەس لە لایەنگرانی ئیخوان لە گرتووخانەکاندان، لە شەش ساڵی ڕابردووشدا مورسی و سەرکردەکانی ئیخوان دەیانجار لەبەردەم دادگادا ئامادە بوون، هەزارانی دیکەش ئاوارەی وڵاتان بوون.

دانیەل بێنجامین، دیپلۆماتکاری پێشوو و هاوئاهەنگیکاری دژەتیرۆر لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، لە لێدوانێکدا بۆ ماڵپەڕی (فرۆنتلاین)ی ئەمریکی دەڵێت: "لەدەستدانی مورسی بۆ ئیخوان بایەخێکی سیمبۆلیکی هەیە، چونکە یەکەم سەرۆکی میسر بوو بە هەڵبژاردنێکی دیموکراتیک هەڵبژێردرابێ، هەر بۆیە بەندکردنی و بێبەشکردنی لە دەرمان و لەهۆشخۆچوون و مردنی لە دادگا بایەخێکی سیمبۆلیکی گەورەی هەیە".

بەڵام ئەزموونی دەسەڵاتی مورسی و سیاسەتە توندەکەی سیسی بەرامبەر ئیخوان درزی گەورەشی لەناو ئیخواندا دروستکردووە. شادی حەمید لەوبارەوە بە ماڵپەڕە ئەمریکییەکە دەڵێ: "دابەشبوونێکی ڕاستەقینە هێشتا ڕووینەداوە، بەڵام دابەشبوونی نێوخۆیی (لە ڕێکخراوی ئیخوان) یەکجار زەقە. دەتوانم بڵێم ئەمەی ئێستا یەکێک لە خراپترین درزە نێوخۆییەکانە کە لە مێژووی ئیخواندا ڕوویدابێ".

هەیسەم حەسەنەین، لێکۆڵەر لە پەیمانگای واشنتن، پێیوایە ئیخوان دەتوانێ مەرگی مورسی وەک دەستکەوتێک بەکاربهێنێ، چونکە مورسی یەکێک لە هۆکارەکانی "ناکۆکیی نێوان دژبەرانی سیسی بوو". لە کاتێکدا هەر سەرۆکی پێشووی میسریش ڕێگر بوو لەوەی ئیخوان دەسەڵاتی خۆی لە میسر پەتوتر بکات و گەشەی ئۆپۆزیسیۆنی نائیسلامیی میسر کۆنترۆڵ بکات.

بە بۆچوونی حەسەنەین، شێوازی مەرگی مورسی دەتوانێ چەکێک بێ بەدەست ئیخوانەوە بۆ ئەوەی گوڕوتین بە ڕیزەکانی بداتەوە، بەتایبەتی ئەوانەی لە دیاسپۆرا دەژین. هەرچەندە مەرگی سەرۆکی پێشووی میسر و پارتی ئازادی و دادپەروەریی میسر پەیامێکیشە بۆ دژبەرانی سیسی کە سەرۆکی ئێستای میسر ئامادەیە هەموو ئەو شتانە بکات کە بۆ مانەوەی لەدەسەڵاتدا پێویستن، تەنانەت ئەگەر لەناوبردنی دژبەرانی بێ لە گرتووخانەکاندا.

توێژەرەکەی پەیمانگای واشنتن پێیوایە زەبروزەنگی حکومەتی ئێستای قاهیرە میسرییەکان لەوە سارد دەکاتەوە هەڵوێستی توند بەرامبەر سیسی بنوێنن، بەڵام یەکگرتنی دژبەرە ئیسلامی و سێکولارەکانی میسر لە داهاتوودا گەورەترین تەحەدای بەردەم حکومەتەکەی سیسی دەبێ کە بە بۆچوونی حەسەنەین جارێ دەسەڵاتەکەی پارێزراوە.



مورسی لە کاتی دادگایی لە ڕۆژی 17ی حوزەیراندا مرد

# گرژیی کەنداو بازاڕی کۆمپانیاکانی پاسەوانیی دەریایی گەرم دەکات



نزیکەی 2000 کۆمپانیای دەریاوانی کەشتییان لە کەنداودا هەیە

**ڕووداو- هەولێر**

لە یەک مانگی ڕابردوودا ژمارەیەک هێرش کراونەتە سەر ئەو کەشتییە نەوتهەڵگرانەی بە کەنداوی عەرەبی/ فارسی- دا تێدەپەڕن، لە کاتێکدا گرژییەکانی نێوان ئێران و ئەمریکا زیاتر تەشەنە دەکەن. ڕێگای دەریایی کەنداو یەکێک لە ڕێگا سەرەکییەکانی گواستنەوەی نەوتە بۆ بازاڕەکانی جیهان، هێرشەکانی چەند هەفتەی ڕابردوو بازاڕی کۆمپانیاکانی پاسەوانیی دەریاییان گەرم کردووە.

بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی (ئەسۆشێیتد پرێس)ی ئەمریکی، نزیکەی 2000 کۆمپانیای دەریاوانی کەشتییان لە کەنداودا هەیە و ئەو کۆمپانیایانە داوایان لە کەشتییەکانیان کردووە تەنیا بە ڕۆژ و بە خێراییەکی زۆر بە گەرووی هورمزدا تێپەڕن. نزیکەی 20٪ی نەوتی بەرهەمهاتووی ڕۆژانەی جیهان بەو گەرووەدا ڕەوانەی بازاڕەکانی جیهان دەکرێ، هەر بۆیە تێکچوونی دۆخی ئەمنی لەو ناوچەیە کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر ئابووریی جیهانی دەبێ.

ئیدارەی ئەمریکا ئاماژە بۆ ئەوە دەکا کە ئێران لە پشت هێرشەکانی چەند هەفتەی ڕابردوودا بووە، تاران ئەو تۆمەتە ڕەتدەکاتەوە و خۆی بە "پارێزەری ئاسایش"ی گەرووی هورمز دەزانێ. واشنتن کەشتی فڕۆکەهەڵگر و فڕۆکەی جەنگیی قورسی ڕەوانەی ناوچەی کەنداو کردووە و هەفتەی ڕابردوو جەختی لەوە کردەوە کە جگە لەو 1500 سەربازەی مانگی ڕابردوو ناردوویەتی، 1000 سەربازی دیکەش ڕەوانە دەکات.

هەرچەند دۆخەکە هەتا دێ زیاتر بۆنی جەنگی نێوان ئێران و ئەمریکای لێدێ، بەڵام ئیدارەی ئەمریکی دەڵێت ئامادە نییە هەموو ئەرکی پاراستنی ئاسایشی کەنداو و گەرووی هورمز بگرێتە ئەستۆ، وەک ئەوەی لە هەشتاکاندا ئیدارەی ڕۆناڵد ڕەیگان (سەرۆکی ئەوکاتی ئەمریکا) هەموو ئەرکی پاراستنی کەشتییە نەوتییەکانی کوەیتی لەو ناوچەیە خستە سەر شانی خۆی.

هەفتەی ڕابردوو ژەنەراڵ پۆڵ سێلڤا، جێگری فەرماندەی گشتیی هێزە هاوبەشەکانی ئەمریکا ڕایگەیاند بەشی زۆری نەوتی کەنداو بۆ وڵاتانی ئاسیایی دەچێ، کەچی "هیچکام لەو وڵاتانە حەز ناکەن گوشار بۆ ئێران بهێنن واز لەو جۆرە کارانە بهێنێ"، جەختی لەوەش کردووە کە هەر هەنگاوێک بۆ پاراستنی کەشتییە نەوتییەکان پێویستی بە ڕێککەوتنێکی نێودەوڵەتییە، مەگەر ئەوەی هاووڵاتی و هێزەکانی ئەمریکا کرابێتنە ئامانج.

مایک پۆمپیۆ، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، جەختی لەسەر هەمان هەڵوێست کردووە کاتێک گوتی ئەمریکا ئامادەیە چەندی (لە پاراستنی ئاسایشی ناوچەکە) بەردەکەوێ بیگرێتە ئەستۆ، بەڵام "هەموو ئەو وڵاتانەی کە بەرژەوەندییان لە پاراستنی ئەو ڕێگە دەریاییەدا هەیە، دەبێ لەوە تێبگەن کە هەڕەشەیەکی جدی هەیە".

دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکاش لە هەڤپەیڤینێکی هەفتەی ڕابردوودا لەگەڵ گۆڤاری (تایم)ی ئەمریکی ڕایگەیاند کە نەوتی کەنداو چیدی وەک دەیەکانی ڕابردوو بۆ ئەمریکا گرنگ نییە. ئێستا ئەمریکا بە 12 ملیۆن بەرمیل نەوت گەورەترین بەرهەمهێنەری نەوتە لە جیهاندا.

لە دۆخێکی ئاوادا خواست لەسەر خزمەتگوزاری کۆمپانیاکانی پاراستنی ئاسایشی کەشتییە بازرگانییەکان بەشێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە. جۆن تۆمسن، دامەزرێنەری کۆمپانیای ئەمبری (Ambrey)ی بەریتانی، لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامەی (فاینەنشڵ تایمز)ی بەریتانی دەڵێ: "هیچمان بەدەستەوە نەماوە، لە دوای هێرشەکانی هەفتەی ڕابردووەوە، 70 پاسەوانی دیکەمان بۆ کەنداو ناردووە".

تۆمسن پێشبینی دەکات لە چەند هەفتەی داهاتوودا پاسەوانەکانی سەر کەشتی 25٪ زیاد بکرێن، چونکە ژمارەی داواکارییەکان یەکجار بەرزبووەتەوە. دیمیتریس مانیاتیس، سەرۆکی بەشی بازرگانی لە کۆمپانیای دیاپلۆس (Diaplous)ی قوبرسیش بۆ ڕۆژنامە بەریتانییەکەی ئاشکرا کردووە کە ڕێژەی داواکاری لە کۆمپانیاکەی 12٪ بەرز بووەتەوە.

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە هەقدەستی تیمەکانی پاسەوانانی کەشتی لە چاو دەیەی ڕابردوودا نیوەیی بووە. جاران تیمێکی سێ بۆ چوار پاسەوانی کە 12 ڕۆژ لەسەر کەشتییەک دەمانەوە، 40 هەزار دۆلاریان وەردەگرت. ژمارەی ئەو جۆرە کۆمپانیایانە کاتێک بەرزبووەوە کە چەتەی دەریایی لە نزیک کەنارئاوەکانی سۆماڵ بەرەو زۆربوون دەچوون. ژمارەیەکی زۆر لەو کەشتییانەی بە کەنداوی عەدەندا تێدەپەڕن پاسەوانیان لەسەرە. بەپێی ڕاپۆرتەکەی (ئەسۆشێیتد پرێس) ئەگەر ئەو دۆخەی ئێستا بەردەوام بێ، کۆمپانیا خاوەن کەشتییەکانی کەنداوی فارس و عومان ناچار دەبن پشت بە پاسەوانی چەکدار ببەستن.

لە زۆربەی حاڵەتەکاندا پاسەوانی ئەو کۆمپانیایانە چەکیان پێ نییە، لەبەر ئەوەی تەقەکردن لە هێزی حکومەتەکانی ناوچەکە کێشەسازە. جیا لەمە وڵاتەکانی ناوچەکە یاسای جیاوازیان بۆ مافی هەڵگرتنی چەک و کۆمپانیا پاسەوانییەکان هەیە. مامەڵەکردن لەگەڵ هێزێکی سەر بە حکومەتێکی دیکە تەحەدای نوێ دەخاتە بەردەم پاسەوانانی کەشتی کە جیاوازە لەو حاڵەتەی چەتەیەکی دەریایی هێرش بکاتە سەر کەشتییەکە.

کاری سەرەکیی پاسەوانەکان چاودێری دۆخ و دابینکردنی کەرستە و شارەزایی تایبەت بەو شەوانە، بۆ ئەوەی کەشتییەکان پێشوەخت لە ئەگەری هێرشەکان ئاگادار بن. پەتریک ڕۆجەرز، شرۆڤەکار لە کۆمپانیای ئێس ئار ئێم بۆ ڕاوێژی کەشتیوانی، بە ڕۆژنامە بەریتانییەکەی ڕاگەیاندووە "هەتا ئێستاش دڵنیانین لەوەی کەشتییەکان (لە کەنداو) ڕووبەڕووی چ جۆرە هەڕەشەیەک دەبنەوە". لە کاتێکدا هەتا ئێستاش بە دڵنیاییەوە دیار نییە هێرشەکان چۆن کراون و کێ لە پشت هێرشەکانە.

پیتەر سەند، شرۆڤەکار لە ئەنجوومەنی کەشتیوانی (BIMCO) لە لێدوانێک بۆ ئاژانسە ئەمریکییەکە دەڵێ "ئەگەر لە ڕوانگەی پیشەسازیی کەشتیوانییەوە سەیر بکەین، ئێمە لەگەڵ ئەوەدا نین پاسەوانی چەکداری زیاتر بهێنرێنە سەر کەشتییە بازرگانییە نێودەوڵەتییەکان، چونکە ئەو کەشتییانە کەشتیی جەنگی نین، بۆیە نابێ چەکیان لەسەر بێ".

ڕۆژی 12ی ئایار هێرشکرایە سەر چوار کەشتیی نەوتهەڵگر لە سنووری ئاوی ئیماراتی عەرەبی، هەفتەیەک دواتر ئەنجوومەنی لیژنەی هاوبەشی جەنگ سەر بە ئەنجوومەنی بازاڕی لۆیدی لەندەن ڕایگەیاند هەموو کەنداو وەک ناوچەی مەترسیدارە بۆ کەشتییە بازرگانییەکان، بۆیە خەرجیی کۆمپانیاکانی بیمەش لەو ناوچەیە بەرز دەبێتەوە. لە ساڵی 2005ەوە ئەوە یەکەمجارە هەموو ناوچەی کەنداو وەک ناوچەی مەترسیدار لە قەڵەم بدرێ.

# ترەمپ بۆچی لە لێدانی ئێران پاشگەزبووەوە؟



فەرماندەیەکی سوپای پاسداران باسی خستنە خوارەوەی فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکەی ئەمریکا بۆ ڕۆژنامەنووسان دەکات

**ڕووداو- هەولێر**

کۆتایی هەفتەی ڕابردوو پلانی لێدانی ئێران لەلایەن ئیدارەی کۆشکی سپییەوە زۆری نەمابوو بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە، ئامانجەکان دەستنیشان کرابوون، تەنانەت فڕۆکەکانیش بەرەو ئامانجەکان بەڕێکەوتبوون و تاکە شتێک کە مابوو فەرمانی دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا بوو کە فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانی ئەمریکایە، بەڵام بڕیارەکەی سەرۆک لەناکاو گۆڕا.

بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی (واشنتن پۆست)ی ئەمریکی، ترەمپ دوای ئەوەی ڕێگەی بە پێنتاگۆن دا ئامادەکاری بۆ لێدانی ئێران بکەن، لەگەڵ ڕاوێژکارە باڵاکانی کۆبووەوە و چەند خولەکێک پێش دەستپێکردنی هێرش کۆمەڵێک پرسیاری لە ڕاوێژکارەکانی کردبوو، لەوانەش مەترسییەکانی هێرشەکە، ژمارەی ئەو خەڵکانەی دەکوژرێن و ئەگەرەکانی هەڵە لە هێرشەکەدا.

دامەزراوە جیاجیاکانی ئەمریکا پێشتر وەڵامی ئەو پرسیارانەیان دابووەوە، بۆ نموونە پێنتاگۆن مەزندەی کردبوو 150 کەس لە هێرشەکەدا بکوژرێن، بەڵام ترەمپ جارێکی دیکە ئەو پرسیارانەی وروژاندەوە، لە کاتێکدا جۆن بۆڵتن، ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانیی کۆشکی سپی، پشتگیری لە بیرۆکەی لێدانەکە دەکرد. کاتێک کۆبوونەوەکە تەواو بوو، ترەمپ بڕیاری ڕاگرتنی ئۆپەراسیۆنەکەی دا.

(واشنتن پۆست) لەگەڵ 25 کاربەدەستی کۆشکی سپی، ئەندامی کۆنگرێس، بەرپرسی سەربازی و خەڵکانی دیکە قسەی کردووە کە ئاگاداری مشتومڕەکانی 24 سەعاتی پێش هەڵوەشاندنەوەی فەرمانی لێدانی ئێرانن.

هەواڵی پلانی ئیدارەی کۆشکی سپی بۆ لێدان لە ئێران یەکەمجار لە ڕۆژنامەی (نیویۆرک تایمز)ەوە ئاشکرا کرا. کۆشکی سپی و ناوەندە سەربازییەکانی ئەمریکا دەیانویست وەڵامی خستنەخوارەوەی فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکەیان لەلایەن ئێرانەوە بدەنەوە کە ئێران دەڵێ سنووری ئاسمانیی ئەوانی بەزاندووە.

بەپێی ڕاپۆرتەکەی واشنتن پۆست، ئیدارەی ئەمریکی بە درێژایی ڕۆژی پێنجشەممەی ڕابردوو چوار کۆبوونەوەی باڵای لە کۆشکی سپی سازدابوو کە یەکەمیان سەعات حەوتی بەرەبەیان بوو. بەدرێژایی ڕۆژەکەش ترەمپ پشتگیری لە بیرۆکەی دەستوەشاندن لە ئێران کردبوو. بەرپرسێکی باڵای ئەمریکا دەڵێ: "سەرۆک سوورپرایزی لێ نابڕێ".

کاربەدەستان بە ڕۆژنامە ئەمریکییەکەیان ڕاگەیاندووە کە دوای ئەوەی ئەمریکا پشتڕاستی کردەوە فڕۆکەیەکی بێفڕۆکەوانیان بە بەهای 130 ملیۆن دۆلار، لە گەرووی هورمز خراوەتە خوارەوە، بۆڵتن لەسەر خوانی خواردنی بەیانی بەرپرسانی باڵای ئیدارەی واشنتنی کۆکردبووەوە بۆ ئەوەی باسی وەڵامی ئەمریکا بکەن. ئەو کات ئێرانیش بەرپرسیارێتی خستنەخوارەوەی فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکەی گرتبووە ئەستۆ.

ترەمپ لە تویتێکدا ئەو هەنگاوەی تارانی بە "هەڵەیەکی گەورە" وەسف کرد، ماوەیەک دواتریش داوای لە پێنتاگۆن کردبوو ئامادەکاری بکەن بۆ هێرش. لە کۆبوونەوەیەکی سەعات 11ی بەیانی هەمان ڕۆژ بە بەشداری بەرپرسانی باڵای پێنتاگۆن باس لە بژارە جیاجیاکان کرابوو. وەک بەرپرسێک بە (واشنتن پۆست)ی ڕاگەیاندووە، پێنتاگۆن هێزی دەریایی هەبوو کە دەکرا بەکاربهێنرێن، لەوانەش ئەو کەشتییانەی لەگەڵ کەشتی فڕۆکەهەڵگری ئابراهام لینکۆڵنن، بیر لە فڕۆکەی جەنگی و مووشەکی تۆماهۆکیش کرابووەوە.

هاوکات لەگەڵ کۆبوونەوەکەی ترەمپ و بەرپرسانی پێنتاگۆن، هەواڵگریی ئەمریکا کورتەیەکی لەبارەی هەڕەشەکانی ئێران پێشکەش بە کۆنگرێس کردبوو، هەر لەوێش بەڵێنیان پێدرابوو کە سەعات سێی پاشنیوەڕۆ دەتوانن لەگەڵ کۆشکی سپی کۆببنەوە. ڕاوێژکارێکی باڵای کۆنگرێس بە ڕۆژنامە ئەمریکییەکەی ڕاگەیاندووە، کاتێک ئەندامانی کۆنگرێس بەرەو کۆشکی سپی دەچوون، دڵنیا نەبوون دۆخەکە بە چی گەیشتووە، هەندێکیان بیریان بۆ ئەوە چووبوو کە ترەمپ پێیانبڵێ هێرشی سەر ئێران لە ئانوساتدایە.

بەڵام پێشبینییەکان هەڵە دەرچوون، ترەمپ ئەوانی بۆ دیالۆگ و ڕاگۆڕینەوە بانگ کردبوو. ئادەم شیف، سەرۆکی لیژنەی هەواڵگریی ئەنجوومەنی نوێنەران دەڵێت ئەندامانی کۆنگرێس باسی نیگەرانییەکانی خۆیان دەکرد و ترەمپ گوێی بۆ دەگرتن. لەو کۆبوونەوەیەدا ئەو بەرپرسانەش بەشدار بوون: پاتریک شاناهان، وەزیری بەرگریی ئەمریکا بە وەکالەت کە بڕیارە دەست لە کار بکێشێتەوە، مارک ئێسپەر، وەزیری نوێی بەرگری بە وەکالەت و جینا هاسپڵ، بەڕێوەبەری سی ئای ئەی.

بەگوێرەی زۆربەی ڕاوێژکار و هاوکارەکانی ئیدارەی ئەمریکی، لە کۆبوونەوەی ترەمپ و سەرکردەکانی کۆنگرێسدا، سەرۆکی ئەمریکا پشتگیری لە هیچ ڕێچکەیەکی دیاریکراو نەکرد، کاتێکیش سەرکردەکانی دیموکرات و کۆمارییەکان کۆبوونەوەکەیان جێهێشت، هیچکامیان چاوەڕێی ئەوەیان نەدەکرد وڵاتەکەیان لە ئێران بدات.

ماوەیەک دواتر و هەمان ڕۆژ پێنتاگۆن ئامادەکاری دەکرد بۆ ئەوەی پلانی هێرشەکە ڕابگەیەنێ. سەعات شەشی پاشنیوەڕۆ بەرپرسانی سەربازی و پێنتاگۆن لە ئۆفیسی شاناهان کۆبوونەوە. بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە، ڕێک لەو کاتەدا ترەمپ لە کۆشکی سپی دەستی بە پرسیارەکانی کردبوو، بە تایبەتیش بۆی گرنگ بوو بزانێ لە هێرشەکەدا چەند کەس دەکوژرێن و باسی لەوە دەکرد کە ئێرانییەکان فڕۆکەیەکی ئەمریکییان خستووەتە خوارەوە مرۆڤی تێدا نەبووە.

ڕۆژی هەینی ڕابردوو، ترەمپ لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ کەناڵی (NBC)ی ئەمریکی گوتی: "بۆ یەک چرکە بیرم لەوە کردەوە و گوتم: دەزانی چییە، ئەوان فڕۆکەیەکی بێ مرۆڤیان خستووەتە خوارەوە، لە کاتێکدا ئێمە باسی کوژرانی 150 کەس دەکەین لە نیو کاژێردا. من حەزم لەوە نەبوو".

ترەمپ سەعات حەوت بڕیاری لێدانی ئێرانی هەڵوەشاندەوە، واتە دوو سەعات پێش ئەوەی بڕیار وابوو ئۆپەراسیۆنەکە جێبەجێ بکرێ. بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە زۆر لەو بەرپرسانەی سەعات شەش کۆشکی سپییان جێهێشتبوو پێیانوابوو ئەو ڕۆژە هێرشەکە ڕوودەدات و بەرپرسانی پێنتاگۆن کە کاریان لەسەر جێبەجێکردنی پلانەکە کردبوو، تووشی سەرسوڕمان ببوون.

سەرۆکی ئەمریکا بەرەبەیانی ڕۆژی هەینی بە ڕاوێژکارانی خۆی ڕاگەیاندبوو کە دڵخۆشە بەوەی فەرمانی هێرشەکەی نەداوە، داوای لە ئەندام کۆنگرێس و کەسانی نزیک لە خۆی کردبوو ئەو ڕۆژە لەسەر تەلەڤزیۆنەکان بەرگری لە بڕیارەکەی بکەن، بێ ئەوەی دیار بێ جگە لە گوشاری ئابووری و داوای دانوستاندن لە ئێرانییەکان، پلانی داهاتووی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ تاران چی بێ.



عارف قوربانی
arifqurbany@yahoo.com

# 140 بەدەستکارییەوە

لەدوای ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەرەوە، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ کێشەکانی کەرکووک ئاڵۆزتر دەبن و دەرفەتەکانی چارەسەر بەرتەسکتر دەبنەوە. لایەنی کوردی کە هێشتا هەر یەکێتی و پارتی نوێنەرایەتی دەکەن، هیچ بژارە و پلانێکیان نییە بۆ چۆنێتیی مامەڵەکردن لەگەڵ کەرکووک، نە بەدوای چارەسەرێکی تازەدا دەگەڕێن، نە هەوڵی لابردنی ئەو کۆسپانە دەدەن کە وەک لەمپەر لەبەردەم نەخشەڕێی چارەسەرەکانی پێشوودا دروست بوون.

لایەنی پارتی بایکۆتی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووکی کردووە و بەهۆیەوە ئەنجومەن پەکیکەوتووە، یەکێتیش هەموو کێشەی کەرکووک و چارەسەرەکانی لەوەدا بەرتەسک کردووەتەوە کە پارتی بێنێتە سەر ئەو ڕایەی بێنەوە بۆ ئەنجومەن و پۆستی پارێزگار بۆ یەکێتی دەستەبەر بکەن. ماوەی زیاتر لە هەشت مانگە لەگەڵ دەستپێکردنی گفتوگۆکانی نێوان ئەم دوو هێزە سیاسییە بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستان، مشتومڕی نێوان ئەم دوو حیزبە لەسەر کەرکووک لە بازنەیەکدا دەخولێتەوە: (ئایا یەکەمجار پارێزگار دابنرێت پاشان هەوڵی ئاساییکردنەوەی دۆخەکە بدەن، یان سەرەتا هەوڵی ئاساییکردنەوە بدرێت و دواتر پارێزگار دابنرێت). ڕێک وەک ئەوەی (ئایا مریشک لە هێلکەیە یان هێلکە لە مریشکە).

ئەگەر ئەم هەشت مانگە پێکەوە لەگەڵ بەغدا گفتوگۆیان لەسەر کێشەکانی ئێستای کەرکووک بکردایە، یاخود بەدوای نەخشەڕێ و چارەسەرێکی تردا بچووبان، دوور نەبوو ئێستا بەشێک لە کێشەکانی چارەسەر بکرایە. بەڵام کە هیچ ڕێگەیەکی تر ناگرنەبەر، بەڵگەی ئەوەیە کە نایانەوێ چارەسەر بێت. لەم دۆخەی ئێستادا هەریەکە لەلایەک جۆرێک بەرژەوەندیی حیزبی لە نەوتی کەرکووک بۆ دروست بووە، پارتی بە هەناردەکردنی نەوتی کەرکووک لەڕێی بۆڕیی کوردستانەوە بۆ بەندەری جەیهان، یەکێتیش لەڕێی تانکەری قاچاخەوە سوودمەندن. لەلایەکی تریشەوە هەردوولا دەیانەوێ شکستی کەرکووک بۆ مەبەستی شکاندنی یەکتری بەکاربەرن. پارتی دەیەوێ بیکاتە تۆڵەی 16ی ئۆکتۆبەر و دەڵێت: (یەکێتی کەرکووکی تەسلیم کردووە، من بۆ پاداشتیان بدەمەوە). یەکێتیش دەیەوێ ئەو شکستانەی وەک دەرئەنجامی 16ی ئۆکتۆبەر ڕووبەڕووی کەرکووک دەبنەوە، پارتی تێدا بکاتە شەریک و بەرپرسیار و دەڵێت: (خەتای پارتییە کە نایەوێ پارێزگارێکی کورد لە شارەکە هەبێت و بەهۆی بایکۆتی ئەوەوە پارێزگارێکی تەعریبچی حوکمی کەرکووک دەکات).

جگە لەم تۆمەتبارکردنانەی یەکتری بەدوای هیچ ڕێگاچارەیەکی تردا ناگەڕێن. ئێستا لە ئەنجامی ئەو پێداگیرییەی هەردوولایان لەسەر بۆچوونەکانیان بۆ کەرکووک، خەریکە بەو هۆیەوە هەرێمی کوردستانیش ڕووبەڕووی ناکۆکی و کێشەیەکی قووڵتر دەکرێتەوە و مەترسی کەوتووەتە سەر یەکپارچەیی هەرێمی کوردستانیش. بۆ ئەوەی بیر لەوە بکرێتەوە ئایا لە حەقیقەتدا کێشەی دانانی پارێزگار هەروا بە ئاسانی دەتوانرێت بە ڕێککەوتنی پارتی و یەکێتی دابنرێت؟ ئەی ئەگەر سبەی ئەم دوو حیزبە ڕێککەوتن و بڕیاریاندا لیستی برایەتی هەموویان بچنەوە بۆ کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن، ئەگەر ئەمجارە تورکمان و عەرەب بایکۆتیان کرد، بڕیاری لیستی برایەتی وەک زۆرینەی ئەنجومەن ئیعتیباری یاسایی ئەوەی دەبێت تەعبیر لە بڕیاری هەموو ئەنجومەن بکات؟ لە کاتێکدا نموونەی پێشووترمان هەیە کە نەخێر. چونکە چەندین بڕیار هەن لە ئەنجومەنی پارێزگا بە دەنگی لیستی برایەتی و غیابی پێکهاتەکانی تر دەرکراون و دواتر لەلایەن بەغداوە ڕەتکراونەتەوە. هەڵکردنی ئاڵای کوردستان بە بڕیاری زۆرینەی ئەنجومەنی پارێزگا بوو، لەوکاتەشەوە هیچ بڕیارێک لە ئەنجومەن دەرنەچووە پێچەوانەی ئەو بڕیارەی پێشوو، ئەی کەواتە بۆچی ئاڵای کوردستان لە کەرکووک هێنرایە خوارەوە؟ هۆکارەکەی ڕوونە کە تورکمان و عەرەب لە دژی بوون. لە هەلومەرجێکی وەک ئێستاشدا ئەو دوو پێکهاتەیە جارێکی تر ئەوە پەسەند ناکەنەوە پارێزگار بەو جۆرە بدرێتەوە بە کورد. ئەی کەواتە ئەم دوو حیزبە کە هیچ بەرچاوڕوونییەکیان لەوبارەیەوە نییە، بۆچی خەریکە ماڵی کورد وێران دەکەن؟

باش وایە پارتی و یەکێتی بەدوای چارەسەری گەورەتردا بگەڕێن بۆ کێشەی کەرکووک، بژارە و ڕێگای جۆراوجۆر زۆرن بۆ ئەوەی لەگەڵ پێکهاتەکانی تر بکەوینە گفتوگۆ، کە هەم ڕەوشی کەرکووک ئاسایی بکاتەوە و هەم ئیدارەش بەجۆرێک دابڕێژرێتەوە، کورد و ئەوانی تریش هەست بەهاوبەشیی ڕاستەقینە بکەن بە زامنکردنی پۆستی پارێزگاریشەوە بۆ کورد. لێرەدا مەبەستمە پرسی مادەی 140 بێنمەوە بەرباس وەک ڕێگایەکی دەستووری کە پێشتر هەموو لایەنە عێراقییەکان ڕەزامەند بوون لەسەری و شەرعیەتێکی دەستووری هەیە بۆ چەسپاندنی دەرئەنجامی ڕێکارەکانی. دەبێت بەدوای ئەو هۆکارانەدا بچین کە بۆچی لە رابردوودا ئەو نەخشەڕێگا دەستوورییە جێبەجێ نەکراوە؟ کۆسپەکانی بەردەمی چی بوون؟ چۆن دەتوانین جارێکی تر ئەم ڕێگە دەستوورییە بکەینەوە بە ئامرازی دەستمان بۆ گۆڕینی هاوکێشەکانی کەرکووک لەو دۆخە مەترسیدارەوە بۆ قۆناغێکی باشتر کە دەرفەت بداتەوە کورد دەست بۆ ڕیشەی کێشەکانی بەرێت.

پوختەی مادەی 140 ئەوە بوو کە بە چەند قۆناغێک عەرەبی هاوردە بڕۆنەوە شوێنی پێشوویان، کوردی ڕاگوێزراو بگەڕێنەوە زێدی خۆیان. دەستکارییە ئیدارییەکانی دوای ساڵی 1968 وەک پێشووتریان لێبکرێتەوە، سەرژمێری بکرێت و دواتر بە ڕاپرسییەک بڕیار لە چارەنووسی ئەو ناوچانە بدرێت کە لەگەڵ بەغدابن یان هەرێمی کوردستان. هەڵەی کورد لەم ڕێگا دەستوورییە ئەوە بوو کە چارەنووسی خاکی بەستەوە بە دڵی خەڵکەوە. دەبوو کێشەی خەڵک لە کێشەی خاک جیابکرایەتەوە. بەتایبەتیش کە ئەمریکا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بوویوون بە تەرەف لە کێشەکەدا، بۆ ئەوان زۆر قورس بوو لەوە تێبگەن کە عەرەبێک دوو پشتی لەکەرکووک لەدایک بووە و کوردێکیش دوو نەوەی لە زاخۆ یان پێنجوێن ژیاوە، عەرەبەکە کەرکووکی نییە و کوردەکە کەرکووکییە. بەتایبەتیش کە لە کۆمەڵگاکانی ئەواندا مەسەلەی هاووڵاتیبوون بەسەر ناسنامەی نەتەوەدا زاڵ بووە، بۆ دەرەوەی خۆشیان کەسێک دەچووە وڵاتەکانیان بەماوەیەکی کەم دەبووە خاوەن ڕەگەزنامەی ئەو وڵاتە، بەلایانەوە سەیر بوو کورد داوای ئەوە دەکات ئەو عەرەبانەی نیشتەجێی کەرکووکن، دەربکرێن و ئەو کوردانەی نیشتەجێی هەولێر و سلێمانی و دهۆکن بێن لە کەرکووک بژین. پێیانوابوو کورد لەوەدا زوڵم لە عەرەب دەکات و لە سیاسەتە درێژخایەنەکانی پاکتاوی ڕەگەزی نەدەگەیشتن. بۆیە عەرەبی دەسەڵاتدار ئەمەیان قۆستەوە بۆ ڕێگری لە دەرکردنی عەرەب، کوردیش بەو حاڵەوە مەترسی ئەوەیان هەبوو کە ئەگەر بەشێکی تر لە جوگرافیا و ئیدارەی شارۆچکەکانی تری هەرێم بخرێتەوە سەر کەرکووک، ڕەنگە ئەوانیش چارەنووسیان بخرێتە مەترسییەوە، بۆیە کاریان نەکرد بۆ ئەوەی چەمچەماڵ و کفری و کەلار بخرێنەوە سەر کەرکووک.

ئێستا دەبێت دوای ئەو شکستانەی بەسەرمان هاتن، جارێکی تر دەستبگرینەوە بە مادەی 140وە، بەڵام هەوڵبدەین لەگەڵ لایەنەکانی تر ڕێککەوتنێکی سیاسی لەسەر بکەین بۆ دەستبەرداربوون لەو بڕگەیەی کە لەسەرەتاوە بووە لەمپەر لەبەردەم جێبەجێکردنی و بۆ کوردیش ئەو هەڵەیە ڕاست بکاتەوە کە کێشەی خاک و خەڵک لەیەک جیابکەینەوە. ئەگەر دەرئەنجامی ئەو پرۆسە دەستوورییە دەستەبەری پارێزگاری لە ناسنامە و جوگرافیا بکاتەوە بۆ کوردستان، کەی کێشەیە چەند عەرەب لەوێ دەژین؟



عەبدوڵڵا ڕێشاوی
abdulla.reshawi@gmail.com

# دوا پەیامی ئۆجەلان

تائێستا مانەوەی ڕێبەری پەکەکە عەبدوڵڵا ئۆجەلان لە ئیمراڵی و ناوبەناو موخاتەبەکردنی ڕای گشتیی تورکیا و بەتایبەت کورد، پەیوەست بووە بەوەی ئایا ئەم پیاوە دەتوانێت کاریگەری لەسەر ڕەوتی کارکردنی قەندیل و ڕای گشتیی کورد لە تورکیا دابنێت؟

لەمەشدا پەیامێکی ئۆجەلان ڕاستەوخۆ دوای شکستی کاندیدی ئاکپارتی لە ئیستەنبوڵ بەڵگەیەکی ڕوونە.

دەوڵەتی تورکیا لەبەر چاوی ڕەشی ئۆجەلان و کورد نییە کە ئۆجەلانی لە ئیمراڵی هێشتووەتەوە و تاڕادەیەکی باشیش سپەیسی کاریگەریی سیاسی پێداوە، بەتایبەت ئەوکاتانەی کە ئیشی پێیەتی، بەڵکو هێشتنەوەی ئەو پیاوە بۆ سوودوەرگرتنە لێی لە ململانێی نێوان پەکەکە و دەوڵەتی تورکیا، یان هەدەپە و حکومەتی ئاکپارتیدا.

بەدیوێکی تریشدا و بە شرۆڤەیەکی دوژمنکارانە، دەکرێت بڵێین هێشتنەوەی ئۆجەلان بۆ لەتکردنی ڕای گشتیی کوردە لە تورکیا لەنێوان هەدەپە و ئیمراڵیدا و هەروەها پەکەکە و ڕای گشتیی کورد لە تورکیا، کە هەق نییە کورد هەرگیز ڕێگا بەمە بدات.

ئەگەرچی هەدەپە و پەکەکە تاماوەیەکی زۆر توانییان بەر بەم سیاسەتە بگرن و ئۆجەلانیان وەک موخاتیبێکی گرنگ بۆ دەوڵەتی تورکیا هێشتەوە کە ئەمەش هێز و کۆدەنگییەکی بە کورد لە تورکیا بەخشیبوو، بەڵام وا دەردەکەوێت بەمدواییە ئەو پەتی بەرگرییە پسابێت، ئەویش لەپێناوی هیچ نا، بەڵکو لەپێناوی خستنی ئاردۆغان و ئاکپارتی کە ڕوونە ئامانجی سەرەکیی هەدەپە وەک پارتێکی ئۆپۆزسیۆنی تورکیا لاوازکردنی ئاکپارتی و خستنیەتی.

هەمیشە و لە زۆر وێستگەدا ئەوە لە گوتاری ئۆجەلان خوێنراوەتەوە کە لە ئیمراڵییەوە ویستوویەتی مامەڵە لەگەڵ ڕاستییەکی سەرەکی و ئەمری واقیع لە تورکیادا بکات، ئەویش باڵادەستیی ئاردۆغان و ئاکپارتییە، ئۆجەلان هەمیشە ویستوویەتی سوود لەم مامەڵەیە ببینێ، یەکەم: بۆ هێشتنەوەی خۆی کە ئەوە مافی خۆیەتی، دووەم: بۆ بەرەوپێشبردنی دۆزی کورد لە تورکیا بە شێوە و ڕێبازی نوێ کە لەدوای گرتنەکەیەوە لە 1999 پەیڕەویی لێکردووە.

ئەم سیاسەتەی ئۆجەلان زۆر سەخت و ناچارانەش بوو، چونکە هەم حکومەتی تورکیا لەوکاتانەدا کە بەهێز بوو لێی بێمنەت بوو، هەم پەکەکە و هەدەپەش نەیانتوانی لەسەدا سەد بەپیر ئەم سیاسەتەوە بچن.

ئامانجە سەرەکییەکەی هەدەپە کە شکاندنی ئاکپارتییە، لەگەڵ ئەم سیاسەتە نەهاتەوە و هەروەها پەکەکە و تورکیاش نەیانتوانی بگەنە ڕێککەوتنێکی تەواوەتی، لەمەشدا تەنها ئۆجەلان و سیاسەتە نوێیەکانی بوون بە قوربانی.

ئێستا و لەپاش شکستی کاندیدی ئاکپارتی لەبەرامبەر کاندیدی پارتی گەلی کۆماری لە ئیستەنبوڵ، جارێکی تر ئاکپارتی هەستی کرد پێویستی بە دەنگی کوردە، بەتایبەتی کە هەدەپە بەئاشکرا دەنگیان بە کاندیدە سەرکەوتووەکەی جەهەپە ئیمام ئۆغلۆ دابوو.

بێگومان تائێستا کەس نازانێ سەرخستنی ئیمام ئۆغلۆ بەسەر کاندیدی ئاکپارتیدا بۆ هەدەپە یان بۆ کورد چ دەستکەوتێکی تێدایە جگە لەوەی کە لێدانێک بوو لە ئاکپارتی و مەسجێک بوو کە ئەوان دەتوانن هاوکێشەکان دەستکاریی بکەن. ئێستاش کە مەسجەکە گەیشت، ئەوەتا ئاکپارتی پەنای بردووەتە بەر ئۆجەلان و ئەویش لە پەیامێکدا داوای لە هەدەپە کردووە لە ململانێکەدا بێلایەن بن!

ئێستا لەپاش ئەو پەیامەی ئۆجەلان، پرسیار ئەوەیە ئایا دەنگدەری کورد، کوڕی خۆی کە ئۆجەلانە، دەکاتە قوربانی کچی خەڵک کە ئیمام ئۆغلوی جەهەپەیە؟!

ئەگەر پەیامەکەی ئۆجەلان کاریگەریی نەبێت لەسەر ڕێڕەوی هەڵبژاردنەکە و هەر بەوشێوەیە بێت کە وەک هەدەپە ڕایگەیاندووە هەر سوورە لەسەر دەنگدانەوە بە ئیمام ئۆغلۆ، ئەوا کاریزما و کارتی ئۆجەلان زیانێکی گەورەی بەردەکەوێت و ئەمەش لەکۆی گشتیدا زیانێکی دیکەیە بەر دۆزی کورد دەکەوێت لە تورکیا.

خۆ ئەگەر دەرئەنجامی دەنگدانەکەش لە بەرژەوەندیی ئاکپارتی و بە شکستی ئیمام ئۆغلۆ تەواو بێت، ئەوا مسداقییەتی هەدەپە وەک قسەکەرێک بە ناوی کوردی تورکیاوە، گورزێکی گەورەی بەردەکەوێت.

لە هەردوو حاڵەتەکەدا ئەوە شتێکی ڕوون و ئاشکرایە کە لەپاش ئەم پەیامە، هێڵی ئۆجەلان لەلایەک و هێڵی هەدەپەش لەلایەکی ترەوە، بەڕوونی هاوتەریب وەستاون و لێک جیابوونەتەوە.



دەیڤید ڕۆمانۆ*

# قازانجی دەغڵودانە سووتاوەکان دەچێتە گیرفانی داعشەوە

دوای ساڵانێک وشکەساڵی، جووتیارانی سووریا و عێراق بە هۆی بارانی زۆری ئەمساڵ چاوەڕێی بەروبوومێکی زۆریان دەکرد. بەڵام ئاگرێک کە پێناچێ کۆتایی بێ، پێش وەرزی دروێنە دەغڵودانی جووتیارانی لەناو برد. ئەو ئاگرە هەڕەشە لە کۆمەڵگای شنگال دەکات و خەریکە گۆڕە بە کۆمەڵەکانیش دەگرێتەوە. شنگالێک کە پێشتر زامدار بووە.

لە ناوچە کێشە لەسەرەکانی وەک کەرکووک بەدگومانییەکی زۆر لەبارەی ئەو کەسانە دروستبووە کە بەرپرسیارن لە ئاگرتێبەردانی دەغڵودانی خەڵک، هەر ئەوەش پەیوەندیی گرژی خەڵکی ناوچەکەی گرژتر کردووە. خەڵکی ناوچەکانی نزیکی ڕەققە و ناوچە ئازادکراوەکانی دیکەی سووریا لەمەودوا دەبێ مامەڵە لەگەڵ ئەو دۆخەدا بکەن کە بەهۆی سووتانی زەویوزارەکانیان دروستبووە.

زۆر کەس گومانی ئەوە دەکەن پاشماوەکانی دەوڵەتی بەناو ئیسلامی (داعش) بەرپرسیار بن لە ئاگرەکان. زۆر لە ڕاپۆرتەکان لە باکووری عێراق و سووریا بانگەشەی ئەوە دەکەن کە داعش ئاگر لە زەویوزاری ئەو جووتیارانە بەردەدات کە ئامادە نین باج بە ڕێکخراوەکە بدەن. بەو مانایە، گڕبەردانە زەویوزاری جووتیاران لە تەکتیکی مافیایی دەچێ لە دژی ئەوانەی "پاراستن"ی ساختەی داعشیان ناوێ. لەوە دەچێ داعش بە تایبەتی زەویی ئەو هۆز و گوندانە بکاتە ئامانج کە دژیان وەستاونەتەوە، یانیش لە چەند ساڵی ڕابردوودا یارمەتی هێزە کوردییەکان و حکومەتی عێراقیان داوە بۆ تێکشکاندنی داعش.

گرووپە ئیسلامی و چەکدارەکانیش شت لە یەکدییەوە فێر دەبن. وەک چۆن تەکتیکی هێرشی خۆکوژی و بۆمبی چێنراو لە حزبوڵڵا و بەورەکانی تامیلەوە بۆ زۆر گرووپی دیکە گوازراوەتەوە، بە هەمان شێوە سووتاندنی زەویوزاریش خەریکە دەگوازرێتەوە. ماوەیەکی زۆرە حەماس و چەکدارە فەڵەستینییەکان تەکتیکی ئاگرتێبەردان لەدژی زەوییە کشتوکاڵییەکانی ئیسرائیل بەکاردەهێنن - بەم دواییە فەڵەستینییەکان کۆلارە و باڵۆنی هەوای هەڵگری ئامێری ئاگرخستنەوەیان بەکارهێناوە و لە سنوورەکانی نێوان غەزە و ئیسرائیلەوە ئاودیویان کردوون، تاوەکو ئاگر لە زەوییە کشتوکاڵییەکانی ئیسرائیل بەربدەن. ڕەنگە ئەو نموونەیە سنوورەکانی بڕیبێ و گەیشتبێتە دەست تیرۆریستانی داعش، کە خەیاڵێکی داهێنەرتر و وێرانکەرتر لە گرووپەکانی دیکەیان هەیە.

مادام داعش خۆی بەرپرسیارێتی ئەو ئاگرکەوتنەوانەی هەڵگرتووە و هانی خەڵکی دیکەش دەدات هەمان کار بکەن، ئیدی هیچ هۆکارێک نامێنێتەوە گومانمان هەبێ لەوەی تیرۆریستەکان بەرپرسیارن لە بەشی زۆر، یانیش زۆربەی ئاگرکەوتنەوەکان. هەرچەندە دەشێ هەندێک لەو ئاگرانە بە شێوەیەکی سروشتی یان بەهۆی کارکردنی ئاشەکانەوە ڕوویدابێ، بەڵام پێدەچێ داعش دەستی باڵای لەو تاوانانەدا هەبێ. ئەوە بەتایبەتی کاتێک ڕاست دەردەچێ کە دەبینین هێرشی لەو جۆرە کراوەتە سەر کۆمەڵگەی ئێزدی. هیچ کەسێک نابێ گومانی هەبێ لەوەی چەکدارە توندئاژۆکانی داعش توانا و ئامادەییەکی زۆریان بۆ وێرانکاری هەیە، کە پاڵنەری سەرەکییان تۆڵەسەندنەوە و ڕقێکی ڕووتە.

ئاگربەردان لە زەویوزاری جووتیاران خزمەت بە ئامانجێکی لەمێژینەی تیرۆریستانیش دەکات کە بریتییە لە دروستکردنی ناسەقامگیری و ڕێگەخۆشکردن بۆ سەرهەڵدانی ناڕەزایەتی جەماوەری بەرامبەر بە حکومەتێک کە ناتوانێ خەڵک و سەروماڵیان بپارێزێ. چاودێریی زەوییە کشتوکاڵییەکان تەنانەت بۆ بە تواناترین هێزە ئەمنییەکانیش کارێکی مەحاڵە، هەر بۆیە ئەو زەوییانە بوون بە ئامانجێکی ئاسان بۆ پاشماوەکانی داعش لە سووریا و عێراق. ئەگەر هێزە ئەمنییەکانی حکومەت ئاسایشیان بۆ دابین نەکەن، ئەوە خەڵکی گوندنشین نە هیچ مەیلێکیان دەمێنێ بۆ ئەوەی باج بە حکومەت بدەن و نە دەستیشیان دەڕوات پارەی باجەکە پەیدا بکەن. لە هەلومەرجێکی ئاوهادا، ڕەنگە هەندێک بە نابەدڵییەوە گوێڕایەڵی داعش بن و پارەی پاراستنی زەوییەکانیان بەو گرووپە بدەن.

هەموو کەسێک دەیزانی لە قۆناغی دوای شەڕی دژی داعش چ جۆرە کێشەیەک سەرهەڵدەدات. زەویوزارەکان لە عێراق و سووریا ئاگریان تێبەردەبێ و ژمارەی تەقینەوەکان لە بەشە کوردییەکەی سووریا ڕووی لە زیادبوونە، لە هەمانکاتدا شەڕە پچڕپچڕەکانی داعش شوێنی شەڕە باوەکانی ئەو ڕێکخراوەی گرتووەتەوە.

ئەگەرچی دەزانرا ئەم جۆرە نوێیەی شەڕی داعش بەڕێوەیە، لەوە دەچێ دەسەڵاتدارانی ئەمنیی عێراق و بەشە کوردییەکەی سووریا ئامادەگی پێویست بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو تەحەدا نوێیەیان نەبێ. کۆمەڵگاکانی ئەو ناوچانە دەبێ بە تەواوەتی داواکانی داعش ڕەت بکەنەوە و لە بری ئەوە سەبارەت بە چەکدارانی داعش لە ناوچەکانی خۆیان زانیاری بە دژەتیرۆر بدەن، بۆ ئەوەی دەزگای دژەتیرۆر بتوانێ کاریگەر بێ. ڕوون و ئاشکرایە کە ئەمە لە زۆر بەشی عێراق و سووریا ڕوونەداوە و دەبێ بپرسین بۆچی؟

ئاخۆ هێزە ئەمنییەکانی سەر بە دامەزراوە جیاجیاکان لە هەردوو وڵات ئامادەگییان پیشاننەداوە تاوەکو لە درێژماوەدا و بە ڕۆژ و بەشەو ناوچە گوندییەکان بپارێزن؟ ئاخۆ شکستی چارەسەرێکی سیاسی کە لای هەموو کۆمەڵگاکانی سووریا و عێراق جێی قەبووڵ بێ ڕێگەی خۆشکردووە بۆ ئەوەی دانیشتووانی ناوچەکە خۆیان بە بێگانە ببینن؟ یانیش ڕەنگە تەنیا ژمارەیەکی کەم لە پاشماوەکانی داعش بەس بێ بۆ ئەوە هەڵمەتی ئاگربەردان لە زەوییە کشتوکاڵییەکان و بۆمبە چێنراوەکان جێبەجێ بکەن.

*** دەیڤید ڕۆمانۆ لە ساڵی 2010 وە بۆ (ڕووداو) دەنووسێ. لە زانکۆی ویلایەتی مزوری لە ئەمریکا مامۆستای سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە و چەندین نووسینی لەبارەی کورد و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بڵاوکردووەتەوە.**

ئەم وتارانە گوزارشت لە ڕای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕووداو نین.



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar@rudaw.net

# هات و نەهاتی یەکێتی

## 1

هەر لە دەستپێکی گفتوگۆکانی پێکهێنانی حکومەتەوە تا ئێستا، یەکێتی مەسەلەی دانانی پارێزگاری کەرکوکی کردووەتە بیانوویەک بۆ پەردەپۆشکردنی کێشەکانی خۆی. تا بۆی کرا یاریی بە کات و بە میزاجی پارتی و حیزبەکانی دیکەش کرد. دوای تێپەڕینی 9 مانگ بەسەر هەڵبژاردنەکاندا و سەرباری ڕێککەوتنی لەگەڵ پارتی، ڕۆژێک بەشداره و ڕۆژێک بەشدار نییە! لەبەرزترین ئاستەوە ئەو قسانەی لە کۆبوونەوە ناوخۆییەکانی خۆیان بەرامبەر بە پارتی و سەرۆک بارزانی دەیکەن، بە دەنگ و ڕەنگ دەگوازنەوە سەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان. یەکێتی حیزبێکی ئیفلیجی نەخۆشە و دەیەوێ ئەو پەتایەش تا بۆی بکرێ بەناو حیزبەکانی دیکەدا بڵاوبکاتەوە.

جارێ پێش هەموو شتێک و بەرلەوەی باس لە هاتنی یەکێتی بۆ ناو حکومەت بکرێت، ئەوە چوار مانگە پۆستی سەرۆکی پەرلەمان کە ئیستیحقاقی ئەوانە و هیچ پەیوەندی بە مەسەلەی پێکهێنانی حکومەت و پشکی وەزارییەوە نییە، لە غیابی ئەواندا لەلایەن پارتییەوە پڕکراوەتەوە و یەک کەسی ناو یەکێتیش ناپرسێ ئەو پۆستە بۆچی پارتی بەڕێوەی دەبات کە باڵاترین دەسەڵاتی قانووندانانە لە کوردستان؟ کەس نییە بپرسێ ئایا یەکێتی بڕوای بە شەرعییەتی دامەزراوەکانی کوردستان ماوە؟

بەپێی پلانی پارتی بێت کە دەبێ حکومەت تا 29ی حوزەیران پێکبێت، وەستان لەسەر یەکێتی و بەردەوامیی کۆبوونەوە لەگەڵیان بەفیڕۆدانی کاتە. یەکێتی لە نۆ مانگی ڕابردوودا، نە پابەندی ڕێککەوتنەکانی بووە و نە ڕێزی لە ئیمزاکانیشی گرتووە. حکومەتی بەهێز بە تکا و ڕجا و پاڕانەوە لە یەکێتی پێکنایەت، بگرە چیتر نابێ پارتی لە دەرگای یەکێتی بدات. ئەوەی پێویست بووە بۆ بەشداریکردنی یەکێتی لە حوکمڕانی کراوە، کە یەکێتی خۆی ئەو ئامادەییەی تێدا نەبێت، نە خەتای پارتییە و نە خەتای گۆڕانە.

ئاراستەیەکی ناو یەکێتی، بۆ دروستکردنی نەزمێکی نوێ و دەسبەسەرداگرتنی یەکێتی، حزبەکە وەکو ئامرازی ململانێ لەگەڵ پارتی و تەنانەت گۆڕانیش بەکاردێنن. بۆیە پارتی دەبێ تەنانەت لە وەڵامدانەوەشدا ئاگادار بێت و کۆنترۆڵی خۆی لەدەست نەدات. لەسەر یەکێتیش نەوەستێ و حکومەت ڕابگەیەنێت.

## سەرۆک بۆ لە ئیستانبوڵ بوو؟

## 2

لە ئانوساتی هەڵبژاردنەکاندا و لەکاتێکدا کە حیزبی حاکمی تورکیا پەنا بۆ هەموو ڕێکارێک دەبات دەنگی کوردی ئیستانبوڵ نەچێتە ناو هەگبەی دەنگەکانی پارتی ئۆپۆزیسیۆنەوە، یەکەم سەردانی سەرۆک نێچیرڤان بارزانی بۆ تورکیا، جۆری پێشوازی و جۆری ڕاگەیاندنی هەواڵەکە لەلایەن سەرۆک کۆمار ئەردۆغانەوە، ڕەنگبێ لێکدانەوەی جیاوازی بۆ کرابێت. بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ئەو قسانەی سەرۆک نێچیرڤان بارزانی لە دیمانەکەی لەگەڵ ئاژانسی ڕەسمیی حکومەت کردنی، دەریخست کە سەردانەکە دوور و نزیک هیچ پەیوەندییەکی بە ململانێی ناوخۆیی تورکیاوە نییە. ئەو سەردانە بۆ ڕزگارکردنی عادل عەبدولمەهدیی سەرۆکوەزیران بوو لەو گوشارانەی کە لەلایەن نەیارە شیعەکانییەوە خراونەتە سەری. ئێستا سەرۆک نێچیرڤان بارزانی ڕۆڵێکی میحوەری لە نێوان بەغدا و ئانکەرەدا دەبینێ.

مەراسیمی سوێندخواردنی سەرۆک نێچیرڤان بارزانی گەواهیدەری ئەوە بوو کە چوار ساڵی داهاتوو، ئەو سەرۆکە گەنجە لە ئایندەی سیاسیی وڵات و ناوچەکەدا چ ڕۆڵێکی مەزنی بۆ دانراوە. ئەزموونی ئەو لە جۆری مامەڵەکردن لەگەڵ وڵاتانی ئیقلیمی و وڵاتانی زلهێزدا، لە هەموو کاتێک زیاتر فریای وەزعی کوردستان و بەغدا و، تەنانەت پایتەختەکانی دەوروبەریش دەکەوێ.

ڕادەستکردنی 250 هەزار بەرمیل لە نەوتی هەرێمی کوردستان لە بەرامبەر ئیستیحقاقی تەواوی خەڵکی کوردستان لە بودجەی فیدراڵی، نە بە مانای شکستی سیاسەتی نەوتی هەرێمی کوردستانە و نە بە مانای هەڵوەشاندنەوەی ڕێککەوتنی پەنجا ساڵەیە لەگەڵ تورکیا، بگرە جێگیرکردنی شەراکەتە لەگەڵ بەغدا و ئانکەرە. دیپلۆماسییەتێکی بەهێز کوردستانێکی بەهێز دروست دەکات.

## پارتی و پاقلەکەی نەجیم!

## 3

کابرایەک هەبووە لە هەڵەبجە، ڕەنگبێ هەڵەبجەییەکان باشتر بیناسن. بۆیان گێڕاومەتەوە، ئەگەرنا نەمدیتووە. ناوی نەجیم بووە و پاقلەی کوڵاوی فرۆشتووە. هەر لە بنەڕەتیشەوە پاقلەخۆرێکی باش بووە. ئیتر بە درێژایی ڕۆژ کە بەدیار مەنجەڵی پاقلەکەیەوە ڕاوەستاوە و بە خەڵکی فرۆشتووە، جار جارەش خۆی حەزی لێبووە قاپێک پاقلە بخوات. بۆیە دەستی بردووەتە گیرفانی چەپی و پەنجا فلسی ئەوکاتەی دەرهێناوە و گوتوویەتی: " نەجیم بایی پەنجا فلس پاقلە بدە بە نەجیم"، دواییش پەنجا فلسەکەی خستووەتە باخەڵی ڕاستە و قاپێک پاقلەی خواردووە.

حیکایەتی پارتی و کۆتای نەتەوە و ئاینەکانی ناو پەرلەمان کە بەشداری لە حکومەت و کابینەی وەزاریدا دەکەن، وەکو حیکایەتی نەجیم وایە کە لە باخەڵی چەپەی دەریدێنێ و دەیخاتە باخەڵی ڕاستەی!

پارتی گوایە پۆستی سکرتێری پەرلەمانی (کە دوایی دەبێتە جێگر) داوە بە نەتەوەی تورکمان، بڕوا ناکەم ئەو خاتوونە بە خۆی و مێردەکەیەوە کە پێکەوە حیزبێکیان هەیە، بتوانن بایی یەک کورسی پەرلەمان دەنگ بهێنن. ئینجا خۆشترین شتیش ئەوەیە کە بەرپرسی ناوچەیەکی پارتی بەناوی کریستیانەکانەوە ببێ بە وەزیر! پارتی وەزیرێک بدە بە پارتی!



هێمن عەبدوڵڵا
hemen@rudaw.net

# خارە ترەمپ پێیدەکرێ؟

کاتێک گۆشەی ئەم هەفتەیەم دەنووسی، سەرۆکی ئەمریکا قسەی بۆ میدیای وڵاتەکەی دەکرد و بە ڕوون و ئاشکرایی دەیگوت نەک ڕووخاندن، بەڵکو بەتەمای لێدانی سەربازییش نییە لە کۆماری ئیسلامیی ئێران. ئەوەش بەدڵی زۆر کەس نییە و زۆری سەیری پێکەوە کۆکردوونەتەوە، لەوانەش بەشی زۆری کوردی دەستەبژێری لەسێبەردا ڕۆنیشتووی هیچنەکردووی ڕۆژهەڵات؛ هەروەها توونداژۆکانی تاران و هی واشنتنیش.

خەڵکی هەولێر کە کەیفیان بە یەکێک بێت، پێیدەڵێن خارە فلان. دوای دەرچوونیشی، ترەمپ بەو قسانەی دەیکات و دەیکردن وایکردبوو کورد کەیفیان پێبێت و هەندێک کەس دووکانەکانیشیان بەناوی ئەوەوە ناوبنێن، بەڵام لەوەتەی بووەتە سەرۆک، خارە ترەمپ سەری لە هەمووان (بە کوردیشەوە) شێواندووە و قسەی ئەمڕۆی لەگەڵ هی سبەی یەک نییە.

ئەو کەمتر لە دوو ساڵی ماوە بۆ هەڵبژاردن و بەتەمای سەرلەنوێ خۆکاندیدکردنەوەیە. بەڵێنی سەرەکیی جاری ڕابردووی هەڵبژاردنی ئەوەبوو کە چیدیکە ئەمریکا پۆلیسی دنیا نابێ و هێزە ئەمریکییەکان بگەڕێنەوە وڵاتەکەیان و ئەو بودجەیەی لەوەدا خەرج دەکرێت، لە گەورەکردنەوەی ئەمریکا خەرج بکرێت. کەچی لەو دوو ساڵ و نیوەدا کە سەرۆکە، تیمەکەی خۆی لە ستافێکی لاشەڕی پراگماتیستەوە گۆڕیوە بۆ تیمێکی تێکەڵ لە شەڕانی و لاشەڕ. ئەو خۆی بازرگانە و سیاسەت و دیپلۆماسیش بە چاویلکە بازرگانییەکەی تەماشا دەکات و لێی تێدەگات. زاواکەی، کە کەسی دەستەڕاستیەتی و وەک خۆی دیدگای بازرگانیی هەیە بۆ هەموو شتێک، لاشەڕە و لەگەڵ کردەوەی سەربازیدا نییە و هەوڵدەدات هەرچییەک ئەمریکا لە دنیادا و بەتایبەتیش لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەیکات بۆ گوشار خستنە سەر دوژمنەکانی، لەڕێگەی ئابوورییەوە بیکات. نموونەش شەڕی دژی هواوی (چین) و قورسترکردنی سزا ئابوورییەکانی سەر ئێرانن. ترەمپ هەمیشە بە تاران دەڵێت ئەگەر تەسلیم نەبن، بە چەک نا بەڵکو بە ئابووری بەچۆکتاندا دەهێنم.

ئەمە هیچ بەدڵی جۆن بۆڵتنی ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانیی ترەمپ نییە. بۆیە ترەمپ ئێستا بەئاشکرا لە تویتەکانی و هەڤپەیڤینەکانیدا باسی بۆڵتن دەکات و دەیدرکێنێ کە ئەو بەردەوام لەگەڵ لێدان و شەڕدایە. بەڕاستیش ئەوەی بۆڵتن لەدژی ڤەنزوێلا و ئێران دەیکات، مۆبیلیزەکردنی سەرۆکەکەی و شەقامی ئەمریکا و دۆستەکانیانە لە جیهاندا بۆ تەدەخولی سەربازی. پۆمپیۆی وەزیری دەرەوەی ئەمریکاش دەکرێ وەک ماستەرمایندی تیمی شەڕانیی ترەمپ بناسێنرێ و وەک نیویۆرک تایمز نووسیبووی، ئێستا وەک دیپلۆماتێک تەنانەت زمانی قسەکردنیشی گۆڕاوە و زۆرتر ئەو دەستەواژانە بەکاردەهێنێت کە ژەنەڕاڵ و کەسانی سەربازی بەکاریدەهێنن. ئەمانە لە ڕۆژانی ڕابردوودا ترەمپیان هێنایە ئاستێک کە ڕازی بێت بەوەی گورزی سەربازی لە ئێران بدرێت، بەڵام دیاربوو زاوا زێڕینە زوو فریاکەوت و بیریهێنایەوە کە لەم بەرەبەری هەڵبژاردنەدا چەند هەڵەیە ترەمپ بچێتە شەڕەوە لەگەڵ ئێران.

ڕاستییەکەی هەموو ئەوانەی دژی ئەمریکان و ئەوانەش کە دۆستی ئەمریکان، بەڵام دژی ترەمپن، حەزدەکەن شەڕ لەگەڵ ئێران ببێت. بەرپرسانی تارانیش هەروا و پێیانخۆشە ترەمپی بەر لە هەڵبژاردن شەڕیان لەگەڵ بکات نەک ترەمپی پاش هەڵبژاردنەوە. چونکە دەزانن ئەوکات، وەک ترەمپ خۆیشی گوتی، شەڕەکە دەبێ و گاڵتەش نابێت. بۆیە ڕاستییەکەی هەرچەندە ترەمپ ئێستا خۆی نایەوێت شەڕ ببێ و شەڕیش بۆ ئەو باش نییە، بەڵام دیار نییە ئەو ئیستیفزازانەی ئێران دەیکات و ئەو دنەدانەی تیمەکەی و لۆبیی دۆستان و پاڵنەرەکانی دیکە دەیکەن، خارە ترەمپ ناچاردەکەن ئیمزای شەڕەکە بکات؟ جا بێگومان ئەمەش هیچ لە حاڵی کوردی ڕۆژهەڵات ناگۆڕێ و بۆ هیچ شتێک ئامادە نین. بەپێچەوانەوە، وەک سەرکردەیەکی ڕۆژهەڵات دەیگوت، ڕژێمی ئەمجارەش لاواز بێت یان بڕووخێت، وەک ئەوەی شا هەر بەسەر کوردی نائامادەدا دەڕووخێت.



ئازاد وەڵەدبەگی

# ئاڵنگارییە ناوخۆییەکانی بەردەم سەرۆکی هەرێم

پاش هەڵبژاردنی نێچیرڤان بارزانی وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە 2019/6/10 قۆناغێکی نوێ لە ژیانی سیاسی ئەو دەستپێدەکات کە ئەرک و بەرپرسیارێتی نوێ دەخاتە ئەستۆی. پرۆسەی سیاسی لە هەرێمی کوردستان، بە تایبەت پاش ساڵی 2013، بە چەندین قۆناغی پڕ لە کێشە و ئاڵۆزدا تێپەڕیوە، وەک جەنگی داعش، تێکچوونی باڵانسی پەیوەندییەکانی هەولێر- بەغدا، پرسی سەرۆکایەتی هەرێم، ململانێی توندی نێوان لایەنە سیاسییەکانی کوردستان، قەیرانی دارایی و هتد.

هەرچەندە هەموو ئەو کێشانەی کە باسکران کاریگەریی نەرێنییان لەسەر پرۆسەی سیاسی هەرێمی کوردستان هەبووە و تەنانەت کاریگەری لەسەر پەیوەندییەکانی هەولێر- بەغدا و هەرێم- وڵاتانی دراوسێش داناوە و بە جۆرێک لە جۆرەکان ڕێخۆشکەر بووە بۆ دەستوەردانی زیاتری ئەو وڵاتانە لە پرۆسەی سیاسیی هەرێمی کوردستان، کە دواجار بە زیان لەسەر هەرێم شکاوەتەوە.

دەتوانین ئاڵنگارییەکانی بەردەم هەرێمی کوردستان بۆ ئاڵنگارییە نێودەوڵەتی، هەرێمی، نیشتمانی و ناوخۆییەکان پۆلێن بکەین کە هەریەک لەمانە دەتوانێ گرفت لەبەردەم بەرەوپێشچوون و گەشەکردنی هەرێمی کوردستاندا دروست بکات، بەڵام گرنگترین ئاڵنگاریی بەردەم هەرێمی کوردستان دەتوانێ ئاڵنگارییە ناوخۆییەکان بێت، کە پێموایە ئەمەیان سەنگی مەحەکە بۆ دیاریکردنی چارەنووس و داهاتووی هەرێمی کوردستان و هەروا هەڵسەنگاندنی سەرکەوتوویی سەرۆکی هەرێم پاش چوار ساڵی دیکە. بە درێژایی مێژوو، کوردستان هەمیشە لە ناوەوە زەبری پێکەوتووە و نەیارانی کوردستان هەردەم وەک ئەسپی تەروادە (Troy Horse) لەم دەرگەیەوە هاتوونەتە ژوورەوە و ناکۆکییە ناوخۆییەکانیان قۆستووەتەوە بۆ زەبروەشاندن لە گەلی کوردستان. هەربۆیە ئەگەر سەرنج بدەین، دەبینین هێزە هەرێمییەکان لە چەندین ساڵی ڕابردوودا، پارت و لایەنە سیاسییەکانی کوردستانیان بە کۆمەڵێک ململانێی لاوەکییەوە خەریک کردووە، کە جگە لە بە فیڕۆدانی تواناکان و بێزارکردنی هاووڵاتیان، بووەتە هۆی چەقبەستنی پرۆسەی سیاسی و پێکەوە نەگونجانی لایەنەکان و تۆخکردنەوەی ململانێ حیزبییە بێ ئەنجامەکان.

بەوپێیەی دروشمی سەرەکی پارتەکەی سەرۆکی هەرێم لە هەڵبژاردنەکاندا بنیاتنانی کوردستانێکی بەهێز بوو، هەربۆیە بەدیهێنانی ئەم دروشمە وا دەخوازێت کە چارەسەرکردنی ئاستەنگ و ئاڵنگارییە ناوخۆییەکان ببێتە بەشێک لە ئەرکی لەپێشینەی سەرۆک. بۆ زاڵبوون بەسەر ئەم ئاڵنگارییەدا چەند پێشنیارێک دەخەینەڕوو کە هیواداریین بە هەند وەربگیرێن و ببنە بەشێک لە ئەجێندای کاری سەرۆکی هەرێم:

1- وەک هەنگاوی یەکەم و دەستپێک وا باشە سیاسەتی ئاشتەوایی نیشتمانی بگیرێتەبەر و لاپەڕەیەکی نوێ لە پەیوەندیی نێوان لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان (بە هەموو پێکهاتەکانییەوە) هەڵبدرێتەوە و سیاسەت و ستراتیژێکی نوێی نیشتمانی بۆ ئەم مەبەستە دابڕێژرێت، بە جۆرێک کە هیچ کەس و لایەنێک هەست بە نامۆیی نەکات لەو دامەزراوەیە. هەر وەک سەرۆکی هەرێم لە ڕێوڕەسمی سوێندخواردنی خۆیدا جەختی لەسەر کردەوە و گوتی: "جارێکی دیکە سەرجەم کوردستانیانی ئازیز دڵنیا دەکەمەوە کە سەرۆکایەتیی هەرێم چەتری یەکڕیزی و کۆکەرەوەی سەرجەم هێز و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان و پێکهاتە ئیتنی و ئایینییەکانی دەبێت، بە جیاوازیی بیر و بۆچوونەکانیانەوە، لە پێناو پێکەوەژیانی ئاشتییانە و ئارامیی گەلی کوردستاندا".

هەربۆیە، دەبێت ئەم شێوازە لە بیرکردنەوە و ئەم هەناسەیە لە کارکردن بخرێتە چوارچێوەی پلانێکی کرداری و ئەم بابەتە لە قۆناغی دروشم دەربچێت. بۆ نموونە یەکێک لە هەنگاوە کردارییەکان لەمبارەیەوە دەکرێ ئەوە بێت کە سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە تەواوەتی خۆی بۆ ئەرک و پۆستە حکومییە نوێیەکەی تەرخان بکات و واز لە پۆست و پلەی حیزبی خۆی بهێنێت کە ئەمە دەتوانێ جۆرێک لە ڕچەشکێنی بێت لە پرۆسەی سیاسیی هەرێمی کوردستاندا. لە هەمان کاتدا نیشانەی ئەوەیە کە ویست و ئیرادەی جدی هەیە بۆ بەهێزکردنی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێم، کە نوێنەرایەتی هەموو خەڵکی کوردستان دەکات.

2- یەکێک لە گرنگترین بەربەستەکانی بەردەم گەشەکردنی هەرێمی کوردستان، مەترسیی دوو ئیدارەیی و بوونی دوو هێزی سەربازی و ئاسایشی جیاوازە، کە ئەمەش واقیعێکی تاڵی بەناوی دوو زۆنی بەسەر هەرێمی کوردستاندا سەپاندووە. بوونی دوو هێزی سەربازیی حیزبی بووەتە هۆی ئەوەی کە هێز و وزە بە لایەنە سیاسییەکان بدات، هەتا کێشە و گرفت لەبەردەم یەکگرتوویی هەرێمی کوردستان و ئیرادەی یەکگرتووانەی خەڵکی کوردستاندا دروست بکەن. بە مەبەستی شکاندنی ئەم بەربەستە، پێویستە سەرۆکی هەرێم وەک فەرماندەی هێزی پێشمەرگە (بەپێی بەندی 13/1 لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ژمارە (1)ی ساڵی 2005) هەموو هەوڵی خۆی بخاتەگەڕ بۆ یەکخستنی ئەم هێزانە لەژێر یەک فەرماندەیی و یەک بڕیاردا. هەروا بەپێی بەندی (دووەم/ب یەکەم) لە یاسای ژمارە (4)ی ساڵی 2011 یاسای ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان، ئەم ئەنجوومەنەش بە سەرۆکی هەرێمەوە گرێ دەدرێت. چەکداماڵینی حیزبەکان وا دەکات کە ئەم پارتانە وەک هێزی سیاسی- مەدەنی چالاکی بکەن و ئیدی نەتوانن ببنە مەترسی لەسەر یەکپارچەیی خاکی هەرێم و ئایندە و چارەنووسی گەلی کوردستان و، چیتر ناتوانن هێزی چەکدار بۆ ویست و مەبەستی سیاسی خۆیان بەکاربهێنن.

3- هەر جۆرە دامەزراندنێک لە دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان لە فەرمانبەرێکی ئاساییەوە بگرە هەتا پلە تایبەتەکان، بە ڕاگەیاندنی ئاشکرا و شەفافی هەلی کار و پێشکەشکردنی سیڤی بێت لەلایەن هەموو کەسێکەوە و لەمبارەیەوە ڕەچاوی هەموو پێوەرەکانی شایستەیی و لێهاتوویی بکرێت و پێوەرە حیزبی و کەسییەکان بەلاوە بنرێن.

4 - ناوەندێکی توێژینەوەی ستراتیژیی تایبەت بە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان دابمەزرێت کە بە شێوەیەکی پرۆفیشناڵ و بەپێی پێوەرە زانستی و ئاکادیمییەکان و بەرژەوەندییە باڵاکانی هەرێمی کوردستان توێژینەوە لە کێشە و گرفتەکانی بەردەم هەرێمی کوردستاندا بکات و ڕێگەچارەی کرداری و زانستی بخاتەڕوو، بە جۆرێک کە دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێم بە شێوەیەکی دروست و زانستیانە و بە بەرچاوڕوونییەوە لە داهاتوودا هەنگاو بنێت.

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕووداو نین.

**RÛDAW**

## "شارەکانی نێرگز" دەبێتە زنجیرە کۆنسێرت

10




خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی رووداو

سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net

جێگری سەرنووسەر : ساڵح قادر rodan@rudaw.net

بەڕێوەبەری نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net

بەڕێوەبەری هونەری: بەختیار مستەفا bextyar@rudaw.net

ئەندامی شانازی ستاف: عەبدوڵڵا قڕگەیی

دیزاینەران: هونەر مەرجان، کاکە مەلا ئەسعەد

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەکات | نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997 | ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی 0750 488 56 96 – Tel: 0751 811 00 04 | rudaw@rudaw.net









